# هزری سیاسیی یەکێتی

## "لە مارکسیزمەوە تا سۆسیال دیموکراتی"

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیریی و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیال ـ دیموکرات و لە پێناوی پەرە و گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لە رێگای ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی (شۆڕشی نوێ و یەکێتی) بە تایبەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی¬ بەگشتی دەدات.

# هزری سیاسیی یەکێتی
# "لە مارکسیزمەوە تا سۆسیال دیموکراتی"

تەحسین تەها چۆمانی

٢٠٢٣

# هزری سیاسیی یەکێتی
# "لە مارکسیزمەوە تا سۆسیال دیموکراتی"

بابەت: فیکری سیاسی
نووسینی: تەحسین تەها چۆمانی
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
زنجیرە : ٤٨/٥٦٠
نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٠٦١) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە

بەرێوەبەری هونەریی: ئەمیرە عومەر

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری
www.pukhoshiari.com info@pukhoshiari.com

# پێڕست

پێشەکی ........................................................................ ٧

**بەشی یەکەم**

دامەزراندن و گەشەکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ......... ١٥

دامەزراندنی یەکێتی ............................................................... ١٨

یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .... ٣٠

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ ......................................... ٤٠

شیکردنەوەی گوتاری سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان... ٤٨

یەکێتی و شیکاریی گوتاری سیاسی ............................................ ٥١

بنەما تیۆرییەکانی لاکلاو و موف و شیکاریی گوتاری................ ٥٤

دژبوون، جیاوازی ............................................................... ٥٦

مەیدانی گوتار ....................................................................... ٥٩

ناسنامە ................................................................................ ٦١

ساتەکان ............................................................................... ٦٢

هەژموون (Hegemony): ....................................................... ٦٤

بکەری سیاسی ...................................................................... ٦٦

گوتاری نوێی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ................ ٦٩

**بەشی دووەم**

یەکێتی و ئەندێشەی چەپ ....................................................... ٨٥

یەکەم: فاکتەری دەرەکی ........................................................ ٨٨

دووەم: فاکتەرە ناوخۆییەکان ........................................................ ٩٢
یەکەم: کاریگەریی فیکری و ئایدۆلۆژی مام جەلال لەسەر یەکێتی ....... ٩٢
دووەم: کاریگەریی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان ........ ١٠٥
ئاڕاستەو ڕێڕەوی ئایدۆلۆژی کۆمەڵە لە قۆناغی یەکەم .......... ١٠٨
ئاڕاستە و ڕێڕەوی ئایدۆلۆژی کۆمەڵە لە قۆناغی دووەم .......... ١١٠
ئاڕاستە و ڕێڕەوی ئایدۆلۆژی کۆمەڵە لە قۆناغی سێیەم .......... ١١٣
یەکێتی و ئەندێشەی مارکسیستی ................................................ ١١٥

**بەشی سێیەم**

قۆناغی نوێی گوتاری سیاسیی یەکێتی ...................................... ١٣٥
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چەپەوە بۆ سۆسیال دیموکراتی .... ١٣٨

**چاوپێکەوتنەکان**

چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرید ئەسەسەرد .................................. ١٥٩
چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا ........................... ١٨٦
دوایین دیدار لەگەڵ عەبدولڕەزاق فەیلی ........................................٢١٥

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، گوزەرێکە بەنێو ئەو گۆڕانەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لەسەرەتای دامەزراندنییەوە وەک نیمچە بەرەیەک، تاوەکو بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆی لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٩٢ وەک حزبێکی یەکپارچە روویداوە. ئەم گۆڕانە وەک لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە دەیخوێننەوە، هەوڵدراوە بە وردی دەستنیشانی بکەین کە چۆن یەکێتی لەسەرەتای دروستبوونییەوە، ئەگەرچی بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی فەرمی راینەگەیاندووە بەرەیەک یان نیمچە بەرەیەکی مارکسیستییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە خۆی لەژێر کاریگەریی ئەو ئەدەبیات و ئایدۆلۆژیایە لابدات، کە ئەدەبیات و ئایدۆلۆژیای زاڵی کۆی ئەو حزب و رێکخراو و بزووتنەوە شۆڕگێڕیانە بوو، کە تایبەت بوو بە وڵاتان و بزووتنەوە شۆڕشگێرەکانی جیهانی سێیەم و هەموو ئەو جووڵانەوانەی بە هەر جۆرێک بێت

دژ بە حکومەتە داگیرکار و دیکتاتۆرەکان وەستابوونەوە. بۆیە تا ساتەوەختی راپەڕین و بەستنی یەکەم کۆنگرەی یەکێتـی، بە روانـین لە ئەدەبیـاتی سـاڵی ١٩٧٥ تـاوەکو ناوەڕاستی دەیەی هەشتای سەدەی رابردوو، ناتوانین لە دەستنیشانکردنی ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێتی وەک نیمچە بەرەیەک نکـۆڵی لەوە بکەیـن، کە ئەگەرچـی یەکێتـی لە رووخسـاردا جـووڵانەوەیەکی شۆڕشـگێڕی نەتەوەیـی بووە، بەڵام لە ئاڕاستە ئایدۆلۆژییەکەیدا جووڵانەوەیەکی مارکسـی نەبـووە و سـوودی لە ئایـدۆلۆژیەکەی وەک هەوێنـی زیندووهێشـتنەوەی خەبـاتەکەی نەبینیـووە. دەتـوانین بۆ ئەمە تەواوی ئەدەبیـاتی سیاسـی یەکێتـی لە ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵی بەر لە راپەڕین وەک نموونە و بەڵـگە نەویسـتی ئەم بـابەتە بهێنیـنەوە، لەوانە یەکەم بەیاننـامەی دامەزرانـدنی یەکێتـی، یەکەم نـامیلەکەی سـەرۆک مـام جەلال، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بۆچی؟ یەکەم پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی لە ساڵی ١٩٧٦ و کۆی ئەو بڵاوکراوە و نامیلکانەی تر کە لێرە و لەوێ هەندێکیان لێ ماونەتەوە.

مـن له هەسـتیاریی مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بـابەتەدا تەواو ئاگـادارم و پێـدەچێت کەسـانێک هەبـن کە تەواو پـێچەوانەی ئەم رووانیـنە بـن سـەبارەت بە دەستنیشانکردنی ئایدۆلۆژیای یەکێتی لە ماوەی نزیکەی ١٥ سـاڵی بەر لە راپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ لە کوردسـتاندا، چونکە لە ماوەی نووسینی ئەم بابەتە کەسانێک هەبوون پێیـان لەسـەر ئەوە دادەگـرت کە نـاتوانین لەو مـاوەیەدا دەستنیشـانی ئەدەبیـات و ئایـدۆلۆژیای یەکێتـی بکەیـن و بڵێـین نـیمچە بەرەیەکـی مارکسیسـتی بـووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پێداگری من لەسـەر ئەم بابەتە بریتی بووە لە ئەدەبیاتە سیاسییەکەی و هەمـوو ئەو سەرچاوانەشـی کە دواجار کاریگەرییان لە ئاڕاستەکردنی ئەدەبیاتی سیاسـی یەکێتیـدا هەبـووە و لە درێـژەی ئەم بـابەتەدا ئامـاژەم بە سەرچاوە کاریگەرەکان کردووە.

پـاڵنەری سـەرەکی نووسـینی ئەم تـوێژینەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ مـاوەی خوێندنی ماستەرەکەم لە بەشـی زانسـتە سیاسـییەکانی زانکـۆی تـاران لە نێـوان سـاڵانی٢٠١٥ بـۆ ٢٠١٧ کە وەک نـامەی ماسـتەرەکەم لەسەر پێشنیاری چەند دۆست و هەڤاڵێک کارم لەسـەری

کــرد و  پێشکەشــم کــرد. هەوڵــدراوە تــوێژینەوەکە لە چوارچێــــوەی شــــیکاریی گوتــــاردا (Discourse analysis) یـان (تحليـل الخطـاب)ی "ئێرنسـتۆ لاکـلاو و شـانتاڵ مـوفە" بکرێت، کە لە ئێسـتادا تیـۆرییەکی گرنگـی نێو بواری توێژینەوەی زانستە سیاسـی و کۆمەڵایەتیی و زمانەوانییەکــانە. کرۆکــی بــابەتەکەی "لاکــلاو و مــوفە" جەختکــردنەوەیە لەســەر ئەوەی کە "گوتــار، جیهــانی کــۆمەڵاتیی لە چوارچێــوەی مانــادا دەســازێنێت و لەو شوێنەشــی کە زمـان بە جۆرێـک لە بنەڕەتـدا نـاجێگیرە، واتە بە هــیچ جۆرێــک ناتوانێــت هەمیشــە بەجێگیــری بمێنێتەوە. هیچ گوتارێک دیاردەیەکی داخراو نییە، بەڵکو بەهــۆی پەیوەنــدی لەگەڵ گوتارەکــانی تــر  ناچــاری گۆڕانکاریی دەبێت." لەم رووەوە سەرنجی لاکلاو و موفە لەســەر گــۆڕانی گوتارەکــانە، بەڵام لە پەیوەندیــدا بە زمانەوە. بە واتایەکی تر، گوتارەکان هیچ کات جێگیر و هەمیشــەیی نــین، بەڵکــو لەگەڵ ئەو هەلــومەرجەی کە گوتارەکـانی تـر دەیهێنـنە ئـاراوە دووچـاری گـۆڕان و تەنانەت هەڵوەشانەوە دێن. لەسەر هەمان بنەمای تیۆری لە تــوێژینەوەکەدا ئەو پرســیارەمان خســتۆتە روو کە

هۆکـاره سـەرەکییەکانی گـۆڕانی ئەندێشـەی سیاسـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لە بیروبۆچـوونی مارکسیسـتییەوە بـۆ سۆسـیال دیموکراسـی چـین؟ یـان بۆچی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بەتـایبەتی لەدوای رووخـانی یەکێتـی سـۆڤێت و راپەڕینـی سـاڵی ۱۹۹۱ی کوردستان، ئەندێشـەی سیاسـی خـۆی گـۆڕی؟ ئەمە جگە لەوەی کە مـامەڵەکردنی ئەم تـوێژینەوەیە لەگەڵ پرسیارێکی لاوەکیش دەبێت کە خۆی لە پرسی یەکێتـی و گوتـاری نـوێی سیاسـی لە سـاتەوەختی دامەزرانـدنییەوە دەبینێتەوە.

دواجار پێویستە سوپاسی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەم، کە ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ.

سلێمانی

پایزی ۲۰۲۲

# بەشی یەکەم

## دامەزراندن و گەشەکردنی
## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە، ئاڕاستەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە باری بابەتییەوە دیاری بکەین، پێویستە تاڕادەیەک خۆمان لەو خوێندنەوەیە بە دوور بگرین، کە تاوەکو ئێستا سەبارەت بە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نووسراوە و وتراوە، دەبێت لەسەرەتاوە رایبگەیەنین، ئەم لێکۆڵینەوەیە کەمتر کار لەسەر ئەم حزبە وەک لایەنی مێژوویی، رووداوی مێژوویی، پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستان بەگشتی و ولاتانی هەرێمی بەتایبەتی، خەباتی چەکداری...تاد، دەکات، بەڵکو ئەوەی لێرەدا دەمەوێت کاری لەسەر بکەم، کە بیرۆکەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەشە، بریتییە لە دیوی دووەمی هەموو ئەو شتانەی کە لەسەر یەکێتی خراونەتە روو. ئەویش ئاڕاستە فیکری و رێبازە ئایدۆلۆژییەکەیەتی، یان راستتر

بڵێین دیوی ناوەوەیە کە جەوهەری ئایدۆلۆژیەکەیەتی. دیوی ئایدۆلۆژی بەو مانایەی چ وەک بیروباوەڕ و چ وەک ئەدەبیات، لە تەواوی بڵاوکراوە و بەیاننامەکانی مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی یەکێتیدا رەنگی داوەتەوە.

هەڵبەت بۆ پیشاندان و خستنە رووی ئایدۆلۆژیا و فیکری یەکێتی، ناتوانین پشت لە مێژوو، وەک مێژووی بڵاوکراوەکان و ئەدەبیاتەکەی و کاریگەرییەکانی گواستنەوە فیکرییەکان لە پێش دامەزراندنی یەکێتییەوە بکەین، بۆیە تا ئەو شوێنە ئەم لێکۆڵینەوەیە رەنگ و رووی مێژوویی بەخۆیەوە دەگرێت، کە تیایدا ئاراستە ئایدۆلۆژییەکانی گەشەیان کردووە و دواجار بەپێی گۆڕانی بارودۆخی سیاسیی جیهان و ناوچەکە و هەتا کوردستان بەتایبەتی، رەوتی دیکەی بەخۆیەوە گرتووە.

ئەگەر تەنیا باس لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چوارچێوە مێژووییەکەیدا بکەین، ئەوا بە گەڕانەوەیەکی کەم بۆ هۆکارەکانی هەرەسی جوڵانەوەی ئەیلول لە مانگی ٣ی ١٩٧٥و ئەو باردۆخەی کە لە دوای

هەرەسەکە کوردستانی بەتایبەت گرتەوە، دەتوانین دەست پێبکەین. بەڵام لێرەدا تەنیا مەسەلەکە بریتی نییە لە مێژووی دامەزراندنی یەکێتی، بەڵکو ئەوەی تاوەکو ئێستاش کەمترین باسی لێوەکراوە وەک لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت، ڕێباز و ئاڕاستە فیکرییەکەیەتی، بۆیە لەم ڕووەوە بەر لەوەی باس لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەین، گرنگە ئاوڕ لە سێ شت یان "گەڕانەوە" بدەینەوە، کە پێموایە کاریگەریی خۆی هەبوو لە دیاریکردنی ئاڕاستەی فیکری یەکێتیدا، لەوانە:

**یەکەم:** گەڕانەوە بۆ ئەو قۆناغانەی مام جەلال تا بەر لە دامەزراندنی یەکێتی تێیدا لە ڕووی فیکرییەوە گەشەیکردووە و دواجار کاریگەریی ئەم ڕەوتە فیکرییەی مام جەلال کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە، کە لە ئاڕاستەکردنی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و ئەدەبیاتی یەکێتیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**دووەم:** گەڕانەوە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان و بەتایبەت دامەزراندنی کۆمەڵە لە ١٠ی٦ ساڵی ١٩٧٠ یەکێکی تر

دەبێت لەو خـاڵانەی لە دیـاریکردنی ئاڕاسـتەی فیکریـی یەکێتیدا ڕۆڵ و گرنگی خۆی دەبێت.

سـێیەم: گەڕانەوە بـۆ هۆکارەکـانی هەرەسـی جوڵانەوەی ئەیلول. یەکێک لە هۆکارەکان لێرەدا بریتییە لەوەی کە هەرەسی جوڵانەوەی ئەیلول، تەنیا لە خودی ڕێککەوتننامەی جەزائیری سەرەتای ئاداری ساڵی ١٩٧٥ کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە گوتار (Discourse)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەنی سیاسی، فیکری، سـتراتیژی و هێـزی یەکەم بەرەو کۆتـایی بـوو. بەو مانـایەی کە بـارودۆخی سیاسـی ئەو کـات، چیتـر نەیـدەتوانی بەو ئـامرازانەی پـارتی بە دەسـتیەوەیەتی ڕووبەڕووی هەلومەرجەکە ببێتەوە.

## دامەزراندنی یەکێتی

لە دوای شکسـتی سـاڵی ١٩٧٥ شۆڕشـی ئەیلـول و کـورد، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، وەک نـیمچە بەرەیەک لە بـزووتنەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هێڵی گشتی و چەندین

کەسایەتی لە شام دامەزرا. ئەم جووڵانەوەیە لەسەرەتادا بە بیروباوەڕی جیاواز و سەرکردایەتییەکی نوێ و هەڵگری ئایدۆلۆژیەتییەکی نوێی خەباتی سیاسی و چەکداری دەستپێکرد[1]. خاڵی گرنگ لە دامەزراندنی یەکێتییدا کە تا ئێستا کەمتر ئاماژەی پێکراوە، بریتییە لەوەی کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورد، بزووتنەوەیەکی سیاسیی کوردی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات لە یەک کاتدا لە هەوڵدابن بۆ ئامادەکاریکردن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش لەسەر بنەما و پرەنسیپی نوێ، هەر خۆی دامەزراندنی یەکێتی لە دەرەوەی وڵات بێ هیچ جۆرە چاوەڕوانییەک کە ڕێگەی پێکهێنانی بدرێت، خاڵێکە دەکرێت قسەی زیاتری لەبارەوە بکرێت، بەتایبەت کورد هەمیشە وڵاتانی دراوسێی بە مەترسی لەسەر ئایندەی خۆی بینیوە.

بیرۆکەی دامەزراندن و پێکهێنانی یەکێتی لە شامەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەک مام جەلال دەڵێت: لە مانگی نیساندا دەستمانکرد بە خۆ ئامادەکردن و چالاکی، کۆمەڵێک برادەر لە شام کۆبوونەوە، لەوانە عەبدولڕەزاق

فەیلی، عادل موراد، دکتۆر فوئاد مەعسوم،.... بڕیارماندا کە ئەم چوارە و نەوشیروان مستەفا و کەمال فوئاد و عومەر شێخ موسیش لە ئەوروپاوە بێن و ببین بە یەک کۆمیتە[٢]. لەم رووەوە یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی لە ٢٢ی مایسی ساڵی ١٩٧٥ لە چاپخانەی (طلیطله)، دوای پێداچوونەوە، بڕیاری بڵاوبوونەوەی لە لایەن کۆمیتەکەوە دەدرێت، کە دواتر و کەمتر لە دە رۆژ، هەمان بەیاننامە بە ئامادەبوونی سێ ئەندامە سەرەکیەکەی ئەوروپا و چەندین کەسایەتی، لە رۆژی ١ی٦ ساڵی ١٩٧٥ بە زیادکردنی یەک بڕگە بڵاوکرایەوە، کە بریتی بوو لە: دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەڵامدانەوەی بڕیاری وازهێنان لە شۆڕشی کوردە، بۆیە داوا لەهەموو خەباتگێڕانی گەلەکەمان دەکەین کە پشتیوانی لەم رێکخراوە نوێیە بکەن و درێژە بە خەباتیان بدەن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا".[٣]

لەم رووەوە تاوەکو ئێستا دوو بۆچوون سەبارەت بە رۆژی دامەزراندنی یەکێتی هەیە، کە هەردووکیان پشت

به یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندن و راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبەستن. یەکەمیان بریتییە لە بەیاننامەکەی شام واتا ١٩٧٥/٥/٢٢و ئەوی دیکەیان لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە واتە لە ١٩٧٥/٦/١. ڕێکەوتی دووەم لە دوو لایەنەوە دەتوانین وەک ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی بەشێوەیەکی یەکلایکەرەوە و فەرمی یەکێتی دیاری بکەین، بە باوەڕی من لەسەر ساغ بوونەوە و هۆکارەکانی دیاریکردنی ئەو ڕۆژە باسێکی ئەوتۆ نەکراوە:

**یەکەم:** بەیاننامەی سەرەتا کە لە شام بڵاوکرایەوە، بەیاننامەیەکە تەنیا لەسەر ڕەزامەندی و قبوڵکردنی کۆمیتە چوار کەسیەکەدا بڕیاری بڵاوبوونەوەی بۆ دەردەکرێت، بەڵام بەیاننامەی دووەم، هەروەک ئەندامانی کۆمیتەی ئەوروپا و چەندین کەسایەتی تیایدا بەشدار دەبن، بە زیادکردنی خاڵێک بۆ بەیاننامەکە بڕیاری بڵاوبوونەوەی بۆ دەردەکرێت.

**دووەم:** پەیوەندی بە ڕەنگدانەوەی بەیاننامەکەوە هەیە، یەکەمیان تەنیا بە زمانی عەرەبی بڵاودەبێتەوە و

دەکرێـت بڵێـین دەنگـدانەوەیەکی ئەتـۆ بە دوای خۆیـدا ناهێنێـــت، بەڵام لەگەڵ بڵاوبـــوونەوەی بەیاننـــامەکەی ئەورووپا، واتا لە ١ی٦ ساڵی ١٩٧٥و وەرگێڕانی بۆ سـەر چەنـدین زمـان؛ لەوانە، ئینگلیـزی، ئەڵمـانی، فارسـی و دواتریش تورکی، رەنگدانەوەیەکی زیاتری دەبێت. بۆیە، ئەگەر لە رووی مێـژووی بڵاوبـوونەوەی بەیاننـامەکەوە بـاس لە دامەزرانـدنی یەکێتـی بکەیـن، دەتـوانین بڵێـین هەردوو بۆچـوونەکە نـوێنەرایەتی بەشـێک لە راسـتی دەکەن، بەڵام رەنگـدانەوەی کـام بەیاننـامە زیـاتر بـووە، بێگومـان رێکەوتـی دووەم لە بڵاوبـوونەوەی بەیاننـامەکە گرنگی زیاتری هەبووە.

یەکێتـــی لە کـــاردانەوەی هەلومەرجێکـــدا وەک زەرورەتێک هـاتە پێشـەوە، بۆشـاییەکی سیاسـی لە دوای ئاشـبەتاڵ هـاتە پێشـەوە و چەنـد پرسـیارێکی سـەرەکی وروژانـد، کە گرنگترینیـان ئەوە بـوو: چ هێزێکـی سیاسـی دەتوانێـت جـارێکی تـر بێـتەوە مەیـدان و وەڵامـی هەلـومەرجی ئەو سـەردەمە بـداتەوە[٤]. وەڵامـدانەوەی هەلومەرجی نوێ لەو کاتەدا بەبیروباوەڕی یەکێتی چیتر

نەدەکـــرا بە هەمـــان سیاســـەت و بیرکـــردنەوە و سـەرکردایەتی کـۆن بەردەوامـی پـێ بـدرێت، کە ئەمەش بەڕوونی لە بەیاننامەی ١٩٧٥/٦/١دا بەدیار دەکەوێت کە یەکێتـی بـۆ پێشـهاتنی هەلـومەرجی نـوێ، دەیەوێـت بە کەرەسـتە و بیرکردنەوەیەکی نوێ و پێکهێنـانی پـارتێکی پێشـــــڕەو کە خـــــۆی لە هێـــــزە شۆڕشـــــگێڕ و دیموکراتخوازەکـان دەبینێـتەوە، ڕێچـکەی خەبـاتێکی نـوێ بگرێتە بەر. "بزووتنەوەی نیشتمانیی و دیمـوکراتیی گەلان هەرگیـز ناشـێ لەلایەن سـەرکردایەتییەکی کۆنەپەرسـت و دوژمن بە ڕێبازی پێشکەوتوانە بەڕێوەببرێت"[٥].

ئەگەر ســــەیری دەســــتپێکردنەوەی شــــۆڕش و دامەزرانــدنی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســـتان لەو هەلـــومەرجەدا بکەیـــن، هەر خـــۆی ئەم دیـــوە لە هەلـــومەرجەکە، دەتـــوانم بڵـــێم دیـــوە نەرێنـــیەکەی هەلومەرجەکەیە بایەخی دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان بەدیـار دەخـات. لە لایەکـی دیکەوە، شـێوازی پێکهـاتەی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، کە تـێکەڵەیەک بـوو لە میراتێکـی کـۆنتر لەو کەسـانەی ڕۆڵـی جیاجیایـان

گیراوە لەناو جوڵانەوەی کوردستاندا، واتە تێکەڵەیەک بوون لەو تێکۆشەرانەی کە بەشێک نەبوون لە جەدەلی نێوان مەکتەبی سیاسی و پارتی دیموکراتی ئەو کاتدا. هەر وەک بەشێکیش نەبوون لە بزووتنەوەی چەپ لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا، هەروەها نەوەیەکی دیکەش کە دەیەویست پەیوەست بە سیاسەتکردن بێتەوە، هەموو ئەو هەلومەرجە بە باوەڕی من جۆرێک لە تایبەتمەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دەستپێکردنەوەی خەبات دەدات.[٦]

ئەگەر لەم رووەوە سەیری یەکێتی بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین دروستبوونی ئەو بۆشاییەی لە دوای هەرەسی ئەیلول هاتە کایەوە، خۆی دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی یەکێتی لەسەرەتاوە بتوانێت کار لەسەر تێکشکاندنی دەستەواژەی حزبی حوکمڕان و لە هەمانکاتدا بانگەشە بۆ رێکخستنێکی نوێ لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریدا بکات. بۆیە ئەو شتەی بە خۆڕێکخستنەوەی نوێ ناوی دەبەین یەکێکە لەو دروشمانەی یەکێتی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە

ویستوویەتی کاری لەسەر بکات و لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا وەکو دروشمێکی سەرەکی، بۆ ئەوەی مانای زیاتر بە خۆڕێکخستنەوەی نوێ بدات، گرنگی زۆری پێداوە. "قۆناغی نوێی خەباتی جەماوەری کوردستان پێویستی بە نوێکردنەوەیە لە هەموو مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و جەنگییەکانی کوردایەتیدا، یەکێ لەم نوێکردنەوە گرنگانە، ڕێکخستنەوەی تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی کوردستانی عیراقە لە ڕێکخستنێکی نوێدا بەشێوەی کار و جۆری بیرکردنەوە و پێکهاتن و ڕێبازێکی تێکۆشانی نوێوە کە تا ئەندازەیەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەنگاوی بۆ هاویشتووە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا"[٧]. لەم ڕووەوە جەختکردنەوەی یەکێتی لەسەر خۆڕێکخستنەوەی نوێ، وەک خۆڕێکخستنەوەی تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی کوردستانی عیراق، بە دیاریکراوی دەیەوێت چەند شتێک لەژێر ئەم دەستەواژەیەدا ئاماژە پێ بدات. خودی ئەم ئاماژانە لە ئەدەبیاتی سیاسی یەکێتیدا ئەو دەرفەتە بۆ یەکێتی دەڕەخسێنێت کە بانگەشەی مۆدێلێکی نوێی

خەباتی سیاسی لە کوردستان و لە هەمانکاتدا خۆشی وەک دەریاردەیەکی نوێی حزبایەتی بخاتە روو. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێ لەو خاڵانە دەکەین، کە وەختێک یەکێتی بە دیاریکراوی باس لە ئەزموونی دوای هەرەسی جوڵانەوەی ئەیلول دەکات، دەیەوێت کار لەسەر چ جۆرە مۆدێلێک لە کاری حزبایەتی و سیاسەت بکات، هەر وەک چۆن ئەم جۆرە لە مۆدێل و کاری حزبایەتیش دەکاتە ئەڵتەرناتیڤ و پارادایمێکی نوێ لە جێی مۆدێلی کۆنی حزبایەتی و کاری سیاسی لە کوردستانی عیراقدا.

١. تێکچوونی کتوپڕی شۆڕشی کوردستان و هەرەسهێنانی دامودەزگای سیاسی و سەربازییەکەی بوونە هۆی پەرش و بڵاوبوونەوە و سەرلێشێوانی تێکۆشەرانی کورد و پەیدابوونی بۆشاییەکی رێکخراوەیی و سیاسی و فیکری، کە هەر بە خۆ کۆکردنەوەیەکی خێرا و خۆڕێکخستنەوەیەکی زوو بە زوو لە رێکخراوێکی فراوانی وەکو یەکێتیدا دەکرا چارەسەر بکرێت.

٢. باری ئاڵۆزی ناو کوردستان و عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای چواردە ساڵی رابردوو،

مەرجە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵی کوردستان و زروفی خەباتی سیاسی و فیکری و چەکداری، تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کورد و حکومەتەکانی عیراق و نێوان هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵی کورد خۆی، ئەمانە هەموو کارێکی وایان کردووە و کەم کەسی کورد توانیویەتی خۆی لابدا لە بەشداربوونی مەسەلەی کورد، ئیتر ئەم بەشداربوونە کەم یان زۆر، چاک یا خراپ بووبێ، هەر لەبەر ئەوەیە بەشی زۆری ئەو تێکۆشەرانەی لە دەوری یەکێتی کۆئەبنەوە هەمان خەڵکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕو دیموکرات و کوردپەروەرن کە کاتی خۆی لەم یاخود لەو دەزگاو رێکخراوی سیاسی و پێشمەرگانەیەدا بەشدار بوون.

٣. یەکێتی رێکخستنێکی نوێیە، باوەشی کردۆتەوە بۆ هەموو تێکۆشەرانی دڵسۆز و شۆڕشگێڕی رێگەی کوردایەتی، بۆ هەموو ئەوانەی رێبازی نوێی خەباتیان بەلاوە راست و پەسەندە.

بوونی پارتێکی پێشڕەو و بەرەیەکی فراوانی یەکگرتوو کە چین و تاقمە کۆمەڵایەتییە

پێشکەوتنخوازەکان و ئامرازە سیاسییەکانی خەباتیان، واتە پارت و ڕێکخراوەکانیان لە خەباتدا یەک بخات، دوو شەرتی زۆر گرنگی سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێکن، لەو وڵاتانە کە لە وێنەی کوردستانن.

٤. لە قۆناغی ئێستای خەباتماندا کە ناتوانرێ (بەرە) لە شێوەی کۆبونەوەی ڕێککەوتنی چەند پارتێکدا لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی جێبەجێ بکرێ، خۆی لە یەکێتییەکی نیشتمانیی فراواندا ئەنوێنێ کە هەموو کەسانی شۆڕشگێڕ و دیموکرات و ئازادیخواز، هەموو هێزو توانای تێکۆشەرانە و شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد یەک بخات بۆ پاراستنی نیشتمان و نەتەوەکەمان، بۆ سەر نەگرتنی پیلانی تاوانکارانەی بەعەرەبکردنی کوردستان و تەفروتوناکردنی کورد و بۆ هێنانە دیی ئامانجە گشتییە ڕەواکانی لە پێشکەوتن و ئازادیدا.[٨]

ئەگەر سەرنج لەو خاڵانەی سەرەوە بدەین، یەکێتی دەیەوێت سێ ئامانج لە مەسەلەی پێ بەخشینی ناسنامەیەکی نوێ بە شێوازی خەبات و چۆنێتی کاری پێکەوەیی چین و تاقمە جیاوازەکان لە ناو گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی شۆڕشگێڕانەدا بپێکێت.

یەکەم: ڕێکخســـتنەوەی دامودەزگـــای سیاســـی بە شۆڕشــگێڕ و تێکۆشــەرەکانییەوە کە بەهــۆی هەرەســی جــوڵانەوەی ئەیلــولەوە پەرش و بــڵاو ببــوون. یــان بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین ڕێکخستنەوە و خستنەکاری توانـا ئینسـانی و فیکرییەکـان بـوو لە مەیـدانی خەبـاتی سیاسی و شۆڕشگێڕیدا.

دووەم: پڕکـــــردنەوەی بۆشـــــایی فیکـــــری و خۆڕێکخســـتنەوە لە بەرگێکــی نــوێی ڕێکخراوەیـــی و سیاسـیدا، یـان لە یەکێتییەکـی نیشـتمانیی فراوانـدا کە لە ناویـــدا کەســـانی دیموکراتخـــوازو ئـــازادیخواز لە خـــۆ دەگرێت.

سـێیەم: ڕەخسـاندنی زەمیـنەیەک بـۆ کـاری سیاسـی هەمەلایەن، کە هەمـوو پێکهـاتە و چین و تاقمێک بتوانێت لە مەیدانی کوردایەتیدا بەپێی قەوارەی سیاسی خۆی کـار بـۆ هێنـانەدی ئامـانجە سیاسـییەکانی بکـات، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا کە گرەنتی ئەم زەمینەیە بەرجەستە دەکات، بـوونی پـارتێکی پێشــڕەو و بەرەیەکـی بەرفــراوانە کە یەکێتی ئەم بیرۆکەیەی هێنایە ناو ئەدەبیاتی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا.

## یەکەم بەیاننـــامەی دامەزرانـــدنی یەکێتیـــی نیشتمانیی کوردستان

بــۆ دیــاریکردنی ئەو رێچــکە و رێبــازە سیاســییەی یەکێتــی لە دوای دامەزراندنیــدا خاوەنــداریێتی لێــدەکرد و لەســەری دەڕۆیشــت، بەتــایبەت لەســەر هەردوو ئاســتی تیــۆری و پراکتیکــدا، گەڕانەوە بــۆ یەکەم بەیاننــامەی دامەزرانــدنی یەکێتــی کە دەکرێــت وەک مانیفێســتی ئەو حزبە لێی بڕوانین، دەروازەیەکی گرنگ دەبێت.

راگەیانــدنی یەکەم بەیاننــامەی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لە بــارودۆخی دوای هەرەســی جــوڵانەوەی ئەیلــول بە ســەرکردایەتی مەلا مســتەفا، ئەگەر لە رووی مێژووییەوە لێکیبدەینەوە تەنیا ئەوەمان پێ دەڵێت کە لە دوای هەرەســی جــوڵانەوەی ئەیلــول، شۆڕشــی نــوێ دەســتی پێکــردەوە. ئەمە مــامەڵەیەکی ســادەبینانەی مێژوویی هەموو ئەوانەشە کە لەناو ئەو مێژووەدا قسەی دوای ئەو رووداوەمان پێ ناڵێن. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئامــاژەی پــێ بــکەم، ئەوەیە کە هەرەســی جــوڵانەوەی ئەیلــول، تەنیــا لە خــودی رێککەوتننــامەی جەزائیــری ســەرەتای ئاداری ســاڵی ١٩٧٥ کــورت نــابێتەوە، بەڵکــو

لەوەدا دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەین کە گوتار (Discourse)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی سیاسی، فیکری، ستراتیژی و هێزی یەکەم بەرەو کۆتایی بوو، بەجۆرێکی تر جەبری مێژوویی ئیتر هاوکار نەبوو بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەمان ئامرازو شێوازی گوتار (Discourse)ی کۆن بەردەوامی بە مانەوە و سیاسەتی خۆی لە باشووری کوردستان بدات، چونکە هەموو دیسکۆرسێک تەنیا دەتوانێت لە زەمەنێکی زۆر دیاریکراودا درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، لە دەرەوەی ئەمە رووبەڕووی قەیران و دژایەتی گوتار (Discourse)ی نوێ دەبێتەوە، لەبەر ئەوە راستە هەرەسی جووڵانەوەی ئەیلول لەسەرڕێکیدا پەیوەندی بە رێککەوتننامەی مانگی ئادارەوە هەیە، بەڵام بەشی گرنگی ئەو هەرەسە خۆی لەو شتە دەبینێتەوە کە پێی دەڵێین گوتار (Discourse). بەو هۆیەشەوەیە کە لەدوای رێککەتننامەکە، دید و روانگەی سەرکردایەتی شۆڕش ناتوانێت بە ئامراز و گوتاری کۆن، رووبەڕووی بارودۆخە نوێیەکە ببێتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەیاننامەکەی یەکێتی، بەر لە هەر شتێک ئەوە بەدی دەکەین کە یەکێتی دەیەوێت لە دوای ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر هەنگاو بۆ قۆناغێکی نوێی حزب و حزبایەتی لە کوردستان بنێت. هەر وەک لە تەواوی بەیاننامەکەدا بە ئاشکرا دەتوانین ئەو دابەشکارییە لە مێژووش ببینین کە خۆی بە سەر دوو قۆناغی جیاواز دابەش دەکات. واتە قۆناغی پێش هەرەس و دوای هەرەس.

لەو بەیاننامەیەدا یەکێتی وێڕای ئەوەی ئیدانەی دەسەڵاتی حکومەتی عیراق دەکات، کە نایەوێت کێشەی کورد بە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراتیانە چارەسەر بکات، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی جوڵانەوەی ئەو کاتیش واتە (مەلا مستەفا) ڕەخنەباران دەکات، کە لە توانایدا نەبووە سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بکات، چونکە بە باوەڕی یەکێتی، سەرکردایەتی خێڵەکی و بورژوازی راسترەو ناتوانێت رابەرایەتی رەوتی پێشکەوتنخوازی کوردستان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. بۆیە لەم رووەوە یەکێتی

دەیەوێت خۆی وەک پارادایم و جێگرەوەیەکی نوێی سیاسی و حزبایەتی لە دوای هەرەسی جوڵانەوەی ئەیلول بخاتە روو. وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "ئەوا سەر لە نوێ- وەکو ئەستێرەیەکی رێنما- ئەو راستییە مێژووییە لە ئاسمانی کوردستان درەوشایەوە کە لەمێژ بوو رەوتی پێشکەوتنخوازی کوردستانی مژدەی هاتنی دەدا، ئەو راستییەی کە رزگاری گەلی کورد لە زوڵم و زۆری کۆڵۆنیالی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی هەرگیز بەبێ پشت بەستن بە خەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانەی پێکەوە گرێدراو بە خەباتی جەماوەری میللی عەرەبی لە یەک بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوودا دژی کۆڵۆنیالیزم و زایۆنیزم و دیکتاتۆریەت وەدی نایەت"[٩]. یەکێتی لەو مێژووەوە پچڕانێکی گەورە دەخاتە نێو مەسەلەی خەباتی سیاسی و چەکداریی گەلی کورد، ئەویش پشتکردن و وەستانەوەیە دژ بە وڵاتانی داگیرکەری جیهانی و ناوچەکە، هەر وەک لەو باوەڕەدایە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد بەبێ تێکۆشان دژ بەو هێزە داگیرکارانە ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

ئەم خۆیەکلاییکردنەوەی یەکێتی بۆ وەستانەوە دژ بە هێزە ئیمپریالیزمەکان جگە لەوەی پەیوەندی بەو نائومێدیەوە هەبوو کە چاوەڕوانی هیچ جۆرە نییەتێکی باش نەبوون لە وڵاتانی ئیمپریالیست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە هەمان کاتدا بەهۆی کاریگەربوونی بەشێک لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی و بەتایبەت (مام جەلال) بە ئەندێشەی چەپ و بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بوو. ئەم ڕەنگدانەوەیەش دیسانەوە لە بەیاننامەکەدا روونە کە دەڵێت: "دەبێ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان شان بە شان لەگەڵ تێکڕای هێزە پێشکەوتنخواز و نەتەوەییە چەپەکان لە عیراقدا کار بکەن بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکرات کە رووبەڕووی گەلی عیراقمان بە هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و کەمینەکان دەبێتەوە."[١٠]. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە شێوازی خەبات لە بیروباوەڕی یەکێتیدا لەژێر کاریگەریی ئەندێشەی چەپ، یەکەم خۆجیاکردنەوەی یەکێتیە لە خەباتی پێش خۆی لەسەر ئاستی (ئاڕاستەی سیاسی، گوتاری سیاسی و شێوەی

خەبــات)دا. ئەگەرچــی لەســەر ئەرزی واقیعــدا یەکێتــی بەهــۆی ئەو پێشــهاتانەی کە لە دوای دەســتپێکردنەوەی شــۆڕش هــاتنە پێشــەوە، وا ڕێکــنەکەوت لەگەڵ هێــز و بزووتنەوە چەپەکانی عیراق و تەنانەت فەلەستین و...تاد، خەبـــــاتێکی هاوبەشـــــیان هەبێـــــت، بەڵام لە ڕووی هاوهەڵوێستی و بیروباوەڕەوە یەکێتی توانیبووی جێگەی خــۆی لەنــاو تەواوی بــزووتنەوە چەپەکــانی نــاوچەکەدا بکــاتەوە. هەر وەک ئەو هاوهەڵوێســتیەش بە ڕوونــی لە یەکەم بەیاننــامەی دامەزراندنیــدا هــاتووە: "لە هەمانکاتــدا هێزەکـــــانی شۆڕشـــــی عەرەب و بزووتنەوەکـــــانی ڕزگــاریخوازی نیشــتمانیی لە جیهــانی ســێیەم و هێــزە سۆسیالیســت و کرێکــاری و شۆڕشــگێڕەکانی جیهــان بە هاوپەیمــانی ســەرەکیمان لەقەڵەم دەدەیــن، بــۆیە کۆشــش دەکەیــن پتەوتــرین پەیوەنــدی هاوکــاری و هاوخەبــاتی لەگەڵیاندا ببەستین."[11].

ئەوەی گــرنگە لە بەیاننــامەی دامەزرانــدنی یەکێتیــی نیشتمانیی کوردستان، بەو پێیەی بانگەشەی بۆ خەباتێکی نوێی سیاسی و چەکداریی لە کوردستانی عیراق دەکرد،

هێنانەدی و تێڕوانینێکی نوێی سیاسی بوو بۆ واقیعی لە ئارادابووی کوردستان. ئەو دنیابینیەی یەکێتی لەو کاتدا بێگومان بەدەر نەبوو لە خوێندنەوەی گۆڕانکارییە سیاسییە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان، لەم ڕووەوە لە جیهانبینی یەکێتیدا بۆ گێڕانەوەی هەژموونی دەسەڵاتێکی دیموکراتی بۆ عیراق، تا لەڕێیەوە دان بە مافە رەواکانی کورددا بنێت، دروشمی (دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بەرزکردبۆوە. بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی نەک لە رێی پەیوەندیکردنەوە بە خودی دەسەڵاتی شۆڤێنی بەغداد و نە بە پەنابردن بۆ دەوڵەتی شاهانشاهی ئێران و وڵاتانی دیکەی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل کە سەرکردایەتی جوڵانەوەی ئەیلول لەژێر خواست و داواکاری ئەوان زەنگی کۆتایی جوڵانەوەکەیان لێدا، بەڵکو لە رێی پەیوەندیکردن بە تەواوی بزووتنەوە چەپ و شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە و عیراق و جیهان و یەکخستنی خەباتی سیاسی و کارکردنی پێکەوەیی بۆ رووخاندنی رژێمی بەعسی عیراق بکات.

لەم رووەوە ئەو پێشـــوازییە فـــراوانەی لە یەکێتـــی دەکرێـت، نـاتوانین تەنیـا وەک ئەوە لێـک بـدەینەوە کە حـــزبێکە و دەیەوێـــت لە بۆشـــایی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردستاندا درێژە بە خەبات بدات. ئەمە لە میانی نەمانی پـارتی چ وەک هێـز و چ وەک سیاسـەت و سـەرکرایەتی راســتە، بەڵام لە بنەڕەتــدا بــۆ ئەو جــۆرە لە ئەدەبیــاتە سیاسـییە دیموکراتخـواز و فـرە رەهەنـدە دەگەڕێـتەوە کە یەکێتـی بـاوەڕی پێـی بـوو و بانگەشـەی بـۆ دەکـرد، بە واتـایەکی تـر گوتـاری دیموکراتخـوازانەی یەکێتـی دەبێتە ئەو گوتـارەی کە لە شـوێنی گوتـاری رابـردووی (پـارتی) هەژمـــوونی خـــۆی لە زەمیـــنەی سیاســـی، فەرهەنگـــی، چینـایەتی و ئابووریـدا بەدیـار دەخـات، گوتارێـک کە لە بارودۆخێکی یەکجار سەختی لایەنی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتیـدا، دەیەوێـت گۆڕانکـاری و چاکسـازی لە تەواوی فەرهەنگی سیاسـی پـێش خـۆی بکـات، گوتارێـک پێـی وایە مـادام کـۆمەڵگەی کـوردی لە چـین و پێکهـاتەی جیاواز دروست بووە، ئەوا دەبێت کـار بکرێت بـۆ ئەوەی ئاسەواری سیستمی تاک حزبی، کۆتایی پێ بهێنرێت.

بۆیه رۆڵی یەکێتی چەندە لە مەسەلەی زیندووکردنەوەی خەباتی سیاسی گرنگە، ئەوەندەش لە روانگەی فیکری و چۆنیەتی تێڕوانین بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی، سیاسەت و هەلومەرجی ناوچەکە، قۆناغ و داهاتووی خەباتی سیاسی، دیاریکردنی هێزی نەیارو دۆستایەتی لەگەڵ حزبی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و... تاد. گرنگی خۆی هەیە.

هەڵبەت ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا لەبارەی مەسەلەی ئەدەبیاتی سیاسی و مەسەلەی ناسنامەی فیکرییەوە ئاماژەی بۆ بکرێت، بوونی ئەو ئایدۆلۆژیاییە کە یەکێتی بەهۆی پشتیوانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بەتایبەت، واتا بڕوابوون بە مەسەلەی چەپ و خەباتی شۆڕشگێڕانە و وەستانەوە دژ بە چەوسانەوە و ئیمپریالیزم باوەڕی پێیەتی. بۆیە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەبێت بەو مەکینەیە بچوێنین کە لە بەگەرخستنی یەکێتیدا رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت.

بۆ ئەوەی لە قۆناغ و بیرکردنەوەی سەرەتای یەکێتی تێبگەین، دەبێت لە ئەدەبیاتی ئەو کاتەی یەکێتی بەو

کـارەکتەرو تێگەیشـتنە نـوێیەی لە پاڵیـدا کـاری دەکـرد وردتر بڕوانین، ئەو ئەدەبیـاتە خـاڵێکی گرنگە لە مێـژووی سیاسی کورد کە جگە لە خەباتی چەکداری، خاوەن ئایدیا و تێگەیشتنێکی تایبەتی فەرهەنگی سیاسییە بۆ قۆنـاغێکی هەسـتیار و نـویێ. بـۆیە ئەم ئەدەبیـاتە و ئەو فـرە رەهەنـدییەی یەکێتـی لە چوارچێوەکەیـدا بیـر دەکـاتەوە، چ بـۆ قۆنـاغی نـاهەمواری ئەو کـات، چ بـۆ شـێوازی نـوێی سیاسـەتکردن دیـاردەیەکی تـازە و کـاریگەر دەبێـت، کە دواجار رووبەڕووی دژایەتی دەبێتەوە.

## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟

لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٧٥، هەڤاڵ مام جەلال نامیلکەیەکی نووسی بە ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆچی؟ لەو نامیلکەیەدا مام جەلال وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دامەزرێنەرانی (ی.ن.ک) مەبەستیان چییە لە دامەزراندنی یەکێتی؟ بیانوویان چییە بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسی؟[١٢].

نووسینی ئەو نامیلکەیە لە چەند لایەنێکەوە گرنگە لێی بڕوانین. یەکەم، بەو پێیەی لە دوای بەیاننامەی دامەزراندنەوە هێشتا پەیڕەو و پڕۆگرامێک کە یەکێتیی لە ڕێیەوە ئاڕاستە بکرێت تا ساڵی ١٩٧٦ لە ئارادا نەبوو. ئەم نووسراوەی مام جەلال بەجۆرێک لە جۆرەکان و بەشێویەکی ناڕاستەوخۆ تەعبیری لەو پەیڕەو و پڕۆگرامە دەکرد کە دەبوو یەکێتی لە داهاتووشدا وەک بەرنامەی کار لەسەری بڕوات. دووەم، بەو پێیەی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی شوێنی ئەو هەموو تێبینییانەی تێدا نەدەبۆوە کە دەستەی دامەزرێنەر

سەبارەت بە راگەیاندنی یەکێتی وەکو رێکخراوێکی سیاسی رایانگەیاند بوو، دیسانەوە ئەم نامیلکەیە ئەرکی ئەوەی لەسەر شان بوو کە سیاسەت و گوتاری یەکێتی زیاتر روون بکاتەوە، یان دەتوانین بڵێین مام جەلال وەک چۆن بە دامەزرێنەری یەکێتی دادەنرێت، بەهەمانشێوە دەیەوێت جیهانبینی خۆی سەبارەت بە دامەزراندنی یەکێتی بخاتە روو. سێیەم، ئەم نامیلکەیە رۆڵی ئەو مانفێستەی دەبینی کە دەبوو لەوێوە سیاسەتی یەکێتی، گوتار و ئایدۆلۆژیاکەی سەبارەت بەو قۆناغەی تیایدا دروست بوو، روون بکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی خوێندنەوەیەکی وردی کۆمەڵناسیی-سیاسی بوو بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی کوردەواریی و دابەشکردنی چینەکان و شوێن پێگەیان لە راپەڕاندنی ئەرکی سیاسییاندا.

مام جەلال لەو نامیلکەیەدا بەو پێیەی لەو کاتەدا هێشتا زۆر لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ دایە بۆ دابەشکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و رۆڵیان لە مەسەلەی شۆڕش و خەباتی سیاسیدا، پشت

به هەمان ئەو دابەشکاریەی ماو دەبەستێ و یەک بە یەک باسیان لێوە دەکات. ئەمە بەجۆرێک لە دارشتنی سیاسەتی ئەو کاتی یەکێتی رەنگدەداتەوە کە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتیدا لە ساڵی ١٩٧٦دا جارێکی تر بە گرنگییەوە باس لە رۆڵ و پێگەی چینەکان دەکرێ و بە روونی دەستنیشانی ئەوە دەکرێ، کە خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، ئەوەندەی نەتەوەییە، ئەوەندەش چینایەتییە، یان بە جۆرێکی تر جەخت لەوە دەکرێتەوە، شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سیمایەکی نەتەوەیی-چینایەتی هەیە. ئەمەش بەو جۆرە تەماشاکراوە، کە لە قۆناغەکانی رابردوو بەپێی واقیعی ناوخۆی کۆمەڵگەی کوردی و هەلومەرجی کوردستان بە باشی و لە رووە کۆمەڵایەتییەکەی نەخوێندراوەتەوە. بۆیە "تەوەرێکی تری ناملیکەکە دەڵێ یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەوەی کە خەباتی کورد لە قۆناغی رابردوودا سەرکەوتوو نەبووە، ئەوەیە کە شۆڕشی کوردستان هەلومەرجی کوردستانی بە باشی نەخوێندۆتەوە، کە کوردستانیش وەکو هەر

کۆمەڵگایەکی تر، هەژارو دەوڵەمەند، جوتیار و کرێکاری تێدایە، ئەمانە پێویستە بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێکبخرێن، بۆ ئەوەی بەشداریی بکەن لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان"[13].

بۆیە مام جەلال لەو نامیلکەیە ئاماژە بەوە دەکات کە دابەشکردن و شیکارێک لە گرنگی و ڕۆڵی چینەکانی کۆمەڵگە، ئەوەی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بوونیان هەیە، وامان لێدەکات ئەنجامگیرییەک بکەین، واتە مام جەلال دەیەوێ ڕۆڵ و پێگەی چینەکان بەم جۆرە ریزبەندی بکات:

**یەکەم:** چینی جوتیاران: لەبەر ئەوەی پێیوایە چینی جوتیاران زۆرینەی چینی ناو کۆمەڵگەی کوردی پێک دەهێنێت و بەهەمانشێوەش پێی وابوو هێزی شۆڕشگێڕی گەلی کوردیش بەگشتی هەر لەو چینە خۆی دەبینێتەوە. "بزووتنەوەی رزگاری گەلی کورد لە جەوهەردا بزووتنەوەی جوتیارانە کە زۆرینەی گەلی کوردن، لە شکری رزگاریی شۆڕشگێڕیش زۆربەی هەر لە جوتیاران پێکدێت، ئەو خاکەی شەڕەکانی جەنگی

گەلیشی لێ ئەکرێت لادێی جوتیاران و شاخ و دۆڵ و ئەشکەوتەکانێتی، جا سەبارەت بەوەی کە بزووتنەوەی رزگاریخوازانە جەوهەرەکەی بزووتنەوەی جوتیارانە، بۆیە ئەبێ خەبات بکرێت بۆ رزگارکردنیان لە دەرەبەگایەتی"[١٤].

دووەم: چینی کرێکاران: ئەگەرچی مام جەلال پێیوایە ئەم چینە چینێکی نوێی نێو کۆمەڵگەیە و هێشتا لە حاڵەتی گەشەکردن و بەرەوپێشوەچوون دایە، بەڵام لە رووی چۆنایەتییەوە باشتر دەبێ و هاوکات ژمارەشیان لە زیاد بووندا دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چینە بە چینێکی شۆڕشگێڕتر دەزانێ و پێیوایە توانای خۆڕێکخستنی زیاتری لە چینەکانی تر هەیە. ئەم چینە "لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر شۆڕشگێڕترە، لە هەموویان زیاتر توانای رێکخستن و خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە، لە هەموویان کارامەترە بۆ پشوودرێژی و خاوەنی تیۆرێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەیە کە رێبازی بەردەمی بۆ رووناک دەکاتەوە"[١٥].

**سێیەم: چینی وردە بۆرژوازی:** ئەم چینە بە بۆچوونی مام جەلال چینێکە لە (رۆشنبیران، خوێندکاران، مامۆستایان...تاد.) پێکدێت و لە بەر ئەوەی بە چینی پێشکەوتنخواز هەژمار دەکرێن، ئەرکی هۆشیارکردنەوەی چینی جووتیاران و کرێکارانیان دەکەوێتە ئەستۆ. واتە "هێزیکی پێشکەوتنخوازە و بەشە رونـاکبیرەکەی (ڕۆشـنبیران و خوێنـدکارانی شۆڕشـگێڕ) ڕۆڵێکی گرنگ و بایەخدار لە ڕاپەڕاندن و هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و جوتیاران ئەگێڕێت"[١٦].

**چوارەم: چینی بۆرژوازی نیشتمانی:** دوایین چین کە مام جەلال لە ریزبەندی چینەکان و ڕۆڵیان لە مەسەلەی شۆڕش و خەباتی نەتەوەییدا ئاماژەی پێ دەکات، چینی بۆرژوازی نیشتمانییە. بە باوەڕی مام جەلال ئەم چینە لە دوو لاوە جێی سەرنجە، لە لایەک هەستێکی نەتەوەییانەیان هەیە، لە لایەکی دیکەوە زۆر لە خەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دان، کە بریتین لە (دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەر و خاوەن پیشەسازی پاریزەر، ئەندازیار، دکتۆر...تاد). ئەم چینە "دژی

دەسەڵاتی بێگانە و چەوساندنەوەی نەتەوایەتییە، بەڵام لەبەر ئەوەی چینێکی کۆمەڵایەتی فشۆڵ و لاواز و بێ هێزە (لە ڕووی ئابوورییەوە لە ئەنجامی ئەمەشدا لە ڕووی سیاسییەوە) ناتوانێت لەسەر خەباتی درێژخایەن بڕوات"[١٧].

جگە لەم چینانە، کە رۆڵیان هەیە لە هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی فراوان کە هاپەیمانیی کرێکاران و جوتیاران بەردی بناغەی ئەم هاوپەیمانێتییەن، مام جەلال پێیوایە کەسانی تریش، جا بەهۆی بیروباوەڕی نەتەوەیی یان مەزهەبی و بیروبۆچوونی پێشکەوتنخوازانەوە بێت، ئەوا دەتوانن لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا رۆڵ و کاریگەرییان هەبێت. "کەسانی تری زەویدار، مەلا و بنەماڵە مەزهەبییەکانیش دێنە ریزی بزووتنەوەی نیشتمانیی ڕزگاریخوازەوە ئیتر سا بەهۆی هۆشی نەتەوایەتی و مەزهەبییەوە بێ، یان بەهۆی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرەوە بێ، یان لە سایەی نۆشینی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانە و دیموکراتخواز و تێگەیشتنی گیانی نوێی سەردەمەوە بێ"[١٨].

ئەوەی گـرنگە لە ریزبەنـدیی چینەکانـدا، ئەوەیە مـام جەلال رۆڵێکـی گرنـگ و مێژوویـی دەخـاتە سـەر شـانی جوتیـاران و کرێکـاران بە پلەی یەکەم، بۆیە مەرجی ئەو هاوپەیمانێتییە نیشتمانییەی دەیەوێت ئاماژەی پێ بکات، بنەمـاکەی لەسـەر هاوپەیمـانێتی کرێکـار و جوتیـاران دادەنێت، بۆیە ئەو ریزبەندییە خۆی لە خۆیدا باسکردنە لە دوو جۆر هاوپەیمـانیی، واتە هاوپەیمـانی جوتیـاران و کرێکـاران وەک هاوپەیمـانی سـەرەکی، لەگەڵ هاوپەیمـانی وردە بـۆرژوازی و بـۆرژوازی نیشـتمانی، کە رۆڵ و کاریگەریی سەرەکییان لە مەسەلەی شۆڕشدا کەمترە لە هاوپەیمانیی یەکەم، بەڵام بۆ هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی و بەرفـراوان ئەوا دەبێـت دوو چیـنەکەی یەکەم لەگەڵ دوانەکەی تـر بەیەکەوە پەیوەسـت بـن، بـۆ ئەوەی یەک بەرەی هاوبەشی نیشتمانیی دیموکرات پێک بهێنن.

لێرەدا گرنـگ ئەوەیە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ئەو هێزە دەبێت کە هەموو چین و توێژەکان لە ژێر یەک ئـاڵادا کۆدەکـاتەوە. "هاوپەیمـانی کرێکـاران، جوتیـاران و بورجوازی بچوک، هێزی سـەرەکیی شۆڕشـی نیشتمانیی

دیموکرات پێک دەهێنن، یەکێتی-یش لە پلەی یەکەمدا هەوڵی ڕێکخستن و یەکێتی تێکۆشەرانەی ئەمانە ئەدا لەژێر ئالاکەیدا لە شێوەی (نیمچە)بەرەیەکدا"[١٩].

بێگومان ئەم نامیلکەیە وەک بەرنامەی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، باس لە چەندین خاڵی دیکەی ئەو کاتی بارودۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەکات، بەتایبەت ئەو بارودۆخەی کە بەهۆی هەرەسی جوڵانەوەی ئەیلول دروست بوو، بەڵام چونکە لە جێگەی تر ئاماژەمان بە هەندێک لەو هۆکارانە کردووە، لێرەدا بە پێویستی نازانم جارێکی تر بگەڕێمەوە سەری.

## شیکردنەوەی گوتاری سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٥)

لێرەدا شیکردنەوەیەک بۆ گوتاری سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین، بەتایبەت ئەو دەستەواژەیەی کە سەبارەت بە دامەزراندنی یەکێتی وەک (دیاردەیەکی نوێی سیاسی) بەکاری دەهێنین، روونی دەکەینەوە، کە بەدیاریکراوی مەبەست لەم دەستەواژەیە چییە و چۆن و لە چ روویەکەوە دەشێت دامەزراندنی یەکێتی وەک دیاردەیەکی نوێی سیاسی ساغ بکەینەوە.

دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی یەکێتی لە دوای هەرەسی جوڵانەوەی ئەیلول ئاڵنگارییەکی گەورەی سیاسی بوو چ لەسەر ئاستی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چ لەسەر ئاستی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان. لە لایەکی ترەوە ئەوەی زۆر گرنگە و قورسایی بابەتەکە بەدیار دەخات، دەستبردنی یەکێتییە بۆ ئەو گوتارەی کە هەڵیگرتووە، گوتارێک لە یەک کاتدا گرنگی بە فرەیی سیاسی، ئازادی سیاسی، داکۆکی کردن لە مافی کرێکارو

جوتیـاران، وەسـتانەوە دژ بە سیاسـەتی بنەمـاڵەیی و عەشـیرەتی...تاد. دەدات. ئەمە جـگە لەوەی تەواوی ئەم گوتـارە دەیەوێـت خـۆی لە سـایەی ئەدەبیـات و ئایدۆلۆژیایەکی چەپ ئاڕاستە بکات.

بـۆ روونکـردنەوەی زیـاتری ئەم لایەنە، جـگە لەوەی دەمەوێت لەسـەر بنەمـای تیـۆری گوتـاری (لاکلاو مـوفە) ئەو خـاڵە هـاوبەش و لێکچـووانە بـدۆزمەوە بـۆ ئەوەی لەسـەر ئەو بنەمـایە گوتـارو ئەدەبیـاتی سیاسـیی بە ناونیشـانی گوتارێـک کە هەڵگـری کۆمەڵێـک خەسـڵەت و تایبەتمەنـدییە لەو رووەوە شـیبکەمەوە. لە لایەکـی تـرەوە بۆ روونکردنەوەی زیاتری گوتـار و ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێتـی، پشـتم بە ڕاوبۆچـوونی کۆمەڵێـک لە شـارەزا و خـاوەن بۆچـوونی نـاو خـودی یەکێتـی بەسـتووە، کە لە بـواری جیـاواز لەنـاو ئەو حـزبەدا کـاری سیاسـی و تـوێژینەوەی زانسـتی دەکەن. لەم ڕووەوە پرسـیاری سـەرەکیم بـۆ ئەوان بریتـی دەبێـت لەوەی کە (لە لایەنـی گوتارییەوە (دیسکۆرس)، تا چەندە دەتـوانین دامەزراندنی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بخەیـنە خـانەی

نوێنەرایەتی کردنی داهێنانی گوتارێکی نوێی سیاسی و سیاسەتکردن لە کوردستان، بەتایبەت کە پارتی دیموکراتی کوردستان، چ وەک دامەزراوەی سیاسی، چ وەک گوتاری سیاسی کۆتایی هاتبوو؟).

## یەکێتی و شیکاریی گوتاری سیاسی

ئەو هەڵسەنگاندنەی کە لەم تویژینەوەیەدا زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بریتییە لە گوتاری ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێتی لەسەر بنەمای تیۆری گوتاری لاکلاو و موفە کە لە چەندین لاوە دەکرێت هەڵبسەنگێنرێت و شیبکرێتەوە.

لە بەشی یەکەم ئاماژەمان بە پوختەیەک لە دید و بۆچوونی لاکلاو و موفە کردووە سەبارەت بە تێگەیشتنی ئەوان لە چەمکی گوتار و بنەمای گوتاری نوێ و ڕادیکاڵ وەک جۆرێک لە گوتاری پۆست مارکسیزم، یان پۆست سۆسیالیزم، هەروەک ئاماژەمان بە بەشێک لەو بنەمایانە داوە کە ئەوان چەمکی گوتار بەگشتی و گوتاری نوێی سیاسی پێ شیدەکەنەوە.

ئەوەی گـــرنگە لێـــرەدا ئامـــاژەی پێبـــدەم ئەوەیە کە "تێزەکانی میشێل فوکۆ و رەخنەی هەژموونی گرامشی و تێڕوانینی ئاڵتوسێر لەبارەی ئایدۆلۆژیا، لە مەیدانی گوتار (دیسکۆرس)ـی تیـۆری کـۆمەڵایەتی و سیاسـیدا بـایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە."[20]

ئیرنســـتۆ لاکـــلاو بە هاوکـــاری شـــانتال مـــوفە، دەستپێشخەرییەکی تیۆری و کۆمەڵایەتی باسدەکات، کە ئامانجەکەی ژیانەوەی چەمکی چالاکی سیاسییە.[21] دەبێت ئەوەش بڵێین کە"شیکاری گوتـاری لاکلاو و موفە لەگەڵ کـۆمەڵێکی زۆر لە پێـدراوی زمـانی و نـا زمـانی وەک گوفتارەکـــان، دەلالەتەکـــان، رووداوی مێژوویـــی، چاوپێکەوتن، سیاسەت و بەیاننامەکان و بیروباوەڕەکان ...تاد. وەک نووسین مامەڵە دەکات."[22]

کاتێک یەکێتی دادەمەزرێت و یەکەم بەیاننامەی بڵاو دەکاتەوە، بەهۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ هـیچ حزبێکـی سیاسـی لە کوردسـتان بـوونی نەبـوو، بەتـایبەت پـارتی دیمـوکراتی کە تـاکە حزبـی گەورە و کاریگەری مەسەلەی پرسی کورد بوو لە عیراق، بەهۆی

سەرگرتنی ڕێککەوتننامەکەوە ئەویش کۆتایی هاتبوو، هەروەک خودی مەلا مستەفای بارزانی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکان ئاماژەی پێدەدات کە ئەوان وەک پارتی و تەنانەت خۆشی بە ڕەهایی کۆتاییان پێ هاتووە.

لەبەر ئەوە، کە یەکێتی دروست دەبێت و دەیەوێت ئەو بۆشاییە سیاسییە گرنگ و مێژووییە پڕ بکاتەوە، بۆ مانا بەخشین بە گوتاری سیاسی خۆی و ڕەنگدانەوەی لەناو هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی هەڵە سیاسیەکانییەوە ڕەخنە دەکات، بەهەمان شێوە هێرشی توندیش دەکاتە سەر سیاسەتەکانی بەغدا دژ بە ماف و خەڵکی کوردستان.

ئێمە ئەو هەوڵەی یەکێتی بۆ مانا بەخشین و چۆنیەتی دروستکردنی هەژموونی گوتاری خۆی بەتایبەت کە لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٧٥تا ١٩٨٥خستیە ئاراوە، پەیوەست بە بنەما سەرەکیەکانی تیۆری گوتاری لاکلاو و موفە زیاتر ڕوون دەکەینەوە:

## بنەما تیۆرییەکانی لاکلاو و موف و شیکاریی گوتاری سیاسیی یەکێتی

### دەستەبەندی

دەستەبەندی وەک یەکێک لەسەرەکیترین ئەو بنەمایانە دێت کە لاکلاو و موفە رەهەندە جیاجیاکان لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە و ناسنامایەکی تازە لە خۆ دەگرن. "بە لەبەر چاوگرتنی تیۆری گوتاری لاکلاو و موفە دەستەبەندی بریتییە لە بەیەکەوە کۆکردنەوەی توخمەکان کە بە لەگەڵ یەکدانانیان لەناو کۆمەڵەیەکی نوێدا، ناسنامەیەکی نوێ پەیدا دەکەن"[٢٣].

ئەگەر لە ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێتی بڕوانین دەبینین دەستەبەندییەکی گرنگی بۆ هەموو ئەو چەمک و دیاردانە کردووە، کە بەر لە دروستبوونی یەکێتی بەو جۆرە نەخراونەتە روو و کاریان لەسەر نەکراوە، بۆیە، کە یەکێتی دروست دەبێت ئەدەبیاتێکی نوێی سیاسیش لەگەڵ خۆی دەهێنێتە ئاراوە، هەوڵیداوە بەپێی هەولومەرجی ئەو کات چەمک و دەستەواژە و دیاردەکان بخاتە پاڵ یەک و ناسنامەیەکی نوێیان پێ ببەخشێت،

ئەگەرچـــی وەک لاکـــلاو و مـــوفە  پێیـــانوایە لە کـــاتی دەســـتەبەندی دیاردەکـــان، بەشـــێوەیەکی سروشـــتی بە یەکەوە گـرێ نەدراون، بەڵام بەگشـتی و لە کـاتی خسـتنە پاڵ یەکتر مانـای نـوێ وەردەگرن. یەکێتی لە ڕێگەی ئەو جـۆرە لە دەسـتەبەندی چەمـک و دەسـتەواژەکان، جـگە لەوەی لە مەیـدانی سیاسـی تـوانی گوتـار و ئەدەبیـاتێکی نـوێ بهێنێـتە ئـاراوە، لەسـەر ئاسـتی کـۆمەڵایەتیش ئەو کاریگەرییەی دروست کرد، کە بە جۆرێکی تر خوێندنەوە بـۆ چەمکـی شـۆڕش و سیاسـەت و دەیـان شـتی دیـکە بکرێت.

خاڵێکی تر ئەوەیە یەکێتی بۆ ئەوەی خۆی لەو نەریتە حـزبییە سـوننەتییەی رابـردوو جیـا بکـاتەوە، لە ڕێـگەی هێنـانە پێشـەوە و ناسـاندنی دیـاردەی حزبـی پێشـڕەو، رەخـنەی تیـۆری، چـۆنیەتی ڕێکخسـتنەوەی هێزەکـان و ...تاد. توانی مانـایەکی نـوێ بە بەر هەمـوو ئەو دیـاردانەدا بکـات کە تـا سـەردەمی دەرکەوتنـی یەکێتـی بەم جـۆرە تیـۆریزە نەکرابـوون و ناسـنامەیەکی بەو جۆرەیـان پـێ نەبەخشرابوو.

**دژبوون، جیاوازی**

بــۆ تێگەیشـــتن و چــۆنیەتی دروســـت بـــوونی هەر گوتارێکی نویٰ لە بەرامبەر گوتارە کۆن و دژەکان دەبێت بڵێین: تێگەیشتنی تیۆریی گوتار بەبیٰ تێگەیشتن لە دژ بوون (antagonism) و جیاوازی (otherness) مەحاڵە. گوتارەکـــان لە بنەڕەتـــدا لەســـەر بنەمـــای دژبـــوون و جیـاوازی لەگەڵ یەکتـر دروسـت دەبـن.[٢٤] ئەم جـۆرە لە دژایەتیـــیە خـــۆی هۆکـــارێکە بـــۆ دروســـت بـــوون و پەیداکردنی ناسنامەی هەر گوتارێک، چونکە لە بنەمادا دروســـتبوونی ناســـنامەی هەر گوتارێـــک بەرەنجـــامی ڕووبەڕووبوونەوە و جیاوازییە لەگەڵ گوتارە دژەکان.

دروســـتبوونی یەکێتـــی بەرەنجـــامی ئەو بۆشـــاییە سیاســـیەیە کە پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان بەهـــۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیرەوە، چ لەسەر ئەرزی واقیع و چ لەسەر ئاستی گوتارییدا دروستی کردبوو، بۆ یەکێتی ئەو دەرفەتەی هێنایە کایەوە کە هەم لە مەیدانی سیاسییەوە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە هەم لەسەر ئاستی گوتاریدا ڕەتی پارتی بداتەوە، بەتایبەت لە بەرامبەر بۆچوونەکانی

(مەلا مستەفا)دا کە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکاندا رایگەیاندبوو شۆڕش کۆتایی هاتووە. لەم رووەوە یەکێتی لەژێر ناونیشانی (شۆڕشی نوێ)دا خۆی بەسەر ئەو بۆچوونە جەبرگەرا و مێژووییەی پارتی زاڵ دەکات، کە پێیوابوو شۆڕش کۆتایی هاتووە. پەرە پێدان بە چەمکی (شۆڕشی نوێ)، چ لەسەر ئاستی ئەدەبیاتی سیاسی یەکێتی و چ لەسەر ئەرزی واقیعدا، وایکرد ئەو حزبە ناسنامەیەکی گرنگ لە پرۆسەیەکی گرنگی مێژووییدا بۆخۆی پەیدا بکات. لەم رووەوە بە ئاوڕدانەوە لە ئەدەبیاتی سیاسیی یەکێتی دەتوانین بڵێین چەمکی شۆڕشی نوێ، یەکێک بووە لە چەمکە هەرە درەوشاوەکانی سەرەتای خەباتی سیاسی و چەکداریی یەکێتی.

کە باسی یەکێتی چ وەک دیاردەیەکی نوێی سیاسی و چ وەک پەیدابوونی گوتار و تێگەیشتنی نوێ بۆ پرسە جیاوازەکان دەکەین، لەبەر ئەوەیە، کە یەکێتی بە بیروباوەڕ و مودێلیکی نوێی سیاسییەوە دێتە مەیدان و خۆی مانیفێست دەکات، بۆ نموونە: یەکێتی دوای

هەرەسی ١٩٧٥ بە بیروبۆچوونێکی نوێ-وە هاتە مەیدان، دیارە ئەوەش چەند هۆیەکی هەبوو، سەرکردەکانی، لێکۆڵینەوەی قوڵی رابردوویان کردبوو، ئەزموونیان لێ هەڵێنجابوو، زۆربەیان لە وڵاتانی دیموکراتیی ئەوروپا ژیابوون و شارەزای چاکەی ژیانی فرە حزبیی و خراپەی ژیانی تاک حزبیی توتالیتاری بوون.[٢٥]

مەسەلەی باوەڕبوون بە (فرەیی) حزبی لە کوردستان یەکێکی ترە لەو خاڵە گرنگانەی کە یەکێتی لە بەرامبەر باوەڕبوونی پارتی سەبارەت بە مەسەلەی تاک حزبیەوە لەسەر ئاستی گوتاریدا هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی بۆ مەسەلەی (فرەیی) سیاسی لە کوردستان دەکرد. ئەگەر لە خودی پێکهاتەی یەکێتی ورد بینەوە دەبینین ئەم حزبە خۆی لە بنەمادا لە چەند ڕەوت و ڕێکخراوێک پێکهاتووە. بە پێچەوانەی ئەوەی کە پارتی لە دەسەڵاتدا بوو، جگە لەوەی تاکە حزبی سیاسی بوو، لە هەمان کاتدا رێگر بوو لە بەردەم دروست بوونی هەر حزبێکی نوێی سیاسی دیکە. یەکێتی کە دروست بوو لەسەرەتاوە دژایەتی خۆی بۆ سیستمی تاک حزبی و حزبی حاکم دەربڕی و

پێیوابوو مادام کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە لە چینی جیاواز و پێکهاتەی جیاواز پێکهاتووە، ئەوا بەتەنیا یەک حزب وەک حزبی حاکم ناتوانێت بڕواتە ژێر باری خواست و ویستەکانییەوە. لەبەر ئەوە، بەزوویی توانی ئەو گوتارە تێک بشکێنێت کە باوەڕی بە سیستمی تاک حزبی هەبوو.

لەبەر ئەوە یەکێک لە خاسیەتە سەرەکییەکانی خاڵی جیاکەرەوەی نێوان یەکێتی و پارتی بریتی بوو لە مەسەلەی (تاک حزبی و فرەیی). لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە یەکێک لە خەسڵەتە دژ و جیاوازەکانی گوتاری یەکێتی لە بەرامبەر پارتی بدەین: دوور لەمیتۆدێکی سیاسیی کلاسیکیی باو، (یەکێتی) وەکو ڕێکخراوێکی نوێگەری سیاسیی؛ لەسەر بنەمای ڕێکخراوێکی بەرەیی و فرەیی، لە ئاڕاستەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی جیاوازو تاڕادەیەک پێکەوە گونجاو، پێکهات و دامەزرا، بەچەشنێک ئامانجی نەتەوەیی هاوبەش، لەچوارچێوەی پرەنسیپی کوردایەتیی و درێژەدان بەشۆڕش کۆیکردنەوە.[٢٦]

## مەیدانی گوتار

یەکێتی لەسەرەتای دەرکەوتنیدا، وەک پێداویستییەکی گرنگی مێژوویی، توانی ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە کە بەهۆی ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر و کۆتایی هێنانی جوڵانەوەی ئەیلول لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاتە ئاراوە. بە هەمانشێوەش لە لایەنی گوتارییەوە ئەو بۆشاییە سیاسییە مەیدانێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی توانایی و چالاکی سیاسی خۆی پێ بخاتە ڕوو.

وەک دەزانین مەیدانی گوتاریی بریتییە لەو نیشانانەی کە لە دەرەوەی زەمینەی گوتاریدا بوونیان هەیە و دەتوانرێت وەک مادەی خاو بۆ دەستەبەندی نوێ بەکار بهێندرێن. یەکێتی بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە بە ئەزموون و مۆدێلێکی نوێی سیاسییەوە دەیەوێت بێتە ناو مەیدانی سیاسییەوە، سوودی لەو ئاماژە گرنگانە بینی کە وەک جۆرێک لە کەرەسەی خاو وابوون بۆ دووبارە مانا بەخشین پێیان و بەکارهێنانیان. لەم ڕووەوە چەمکی (نەتەوە، چۆنێتی تێگەیشتن لە شۆڕش، چەمکی ئازادی،

پارتی پێشڕەو و...تاد.)، هەموو ئەوانە لەژێر کاریگەریی ئایـــدۆلۆژیا و ئەندێشـــەی چەپ کە بە بیروبۆچـــوونی پێشـکەوتنخواز تەفسـیر دەکـرا و دەخـرایە ڕووو، تـوانرا تیـۆریزە بکـرێن و مانـا و ناسـنامەیەکی نوێیـان بە بەردا بکرێت.

**ناسنامە**

ناسنامەکان توانـایی گوتارەکانن کە بە تـاک و دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان دەبەخشـرێن، بەو پێـیەی گوتارەکـان بە باوەڕی لاکلاو و موفە کاتی و ڕێژەیین، دەکرێت لە کـات و هەلومەرجێکی تردا گۆڕانیان بەسەردا بێت و مانـایەکی تریان پێ ببەخشرێت، بە هەمانشێوەش ناسـنامە هۆکـاری ململانـێ و دژایەتـی نێـوان گوتارەکـان کـاتی و ڕێـژەیین (نسبی).

ناسـنامەی ئەو گوتـارەی یەکێتـی کە لەسـەرەتاوە بە گوتاری پێشکەوتنخواز دەخرایە روو، پەیوەسـت بـوو بەو روانـگە ئایـدۆلۆژییەی کە یەکێتـی لەسـەرەتاوە پێـیەوە پابەند بوو، کە ئەویش ئایدۆلۆژیا و ئەندێشەی چەپ بوو.

دەبێت بڵێین هەموو ئەو دەستەبەندییانەی کە لەلایەن یەکێتییەوە لە چەمک و دەستەواژە و دیاردەکان دەکران. بە ئامانجی خستنە ڕووی گوتارێکی نوێ و نوێخواز، تەواو رەنگ و بۆنی ئەندێشەی چەپی پێوە دیار بوو، کە دواجار بە پێی تێپەڕبوونی کات و گۆڕان و پێشهاتە سیاسییەکان رۆڵی ئەندێشەی چەپ لە مانا بەخشین بە چەمک و دیاردەکان لەسەر گوتار و ئەدەبیاتی سیاسی یەکێتی کاڵتر بوویەوە.

**ساتەکان**

ساتەکان ئاماژەن بۆ کاتی بوونی ناسنامە و مانای گوتار. لە بنەمادا گوتارەکان لە بەر ئەوەی کاتین و جێگیر نین، لەسەر بنەمای هەمان ئەو کاتی بوون و نا جێگیریەدا دەستبەندی کراون.

ئەگەر لە گوتاری سەرەتای یەکێتی ورد بینەوە، دروشمی (دیموکراتی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی هەڵگرتبوو. جەختکردنەوەی یەکێتی بۆ مەسەلەی ئۆتۆنۆمی هەر وەک (مام جەلال) لە یەکێک لە

چاوپێکەوتنەکان باسی دەکات، بۆ بارودۆخی ئەو کات، بریتی بوو لە گوتارێکی کاتییانە بۆ مەبەستی خۆ ئامادەکردن و ڕێکخستن. مام جەلال لەو چاوپێکەوتنەدا وەک دەردەکەوێت لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی لینین ئەو دروشمەی بەرزکردبێتەوە، دەڵێت: حوکمی زاتی بۆ ئەوە بێ کە نەتەوەکە هێزەکانی خۆی لە چوارچێوەی قەوارەیەکدا کۆبکاتەوە و دوایی ئامادەی بکات.[27]

گوتاری ئۆتۆنۆمی لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیدا، جگە لەوەی گوتارەیکی کاتی بوو، بە هەمانشێوەش دروشمەکە دروشمێکی کاتی بوو. لەبەر ئەوە دەبینین لە سەرەتاکانی دەیەی سالانی هەشتای سەدەی ڕابردوو، گوتاری یەکێتی لە دروشمی ئۆتۆنۆمییەوە بەرەوە مافی چارەی خۆنووسین دەچێت. ئەمە لایەنێکی گرنگی ئەو دەرکەوتە گرنگەیە کە یەکێتی لە ساتی دامەزراندنییەوە، جگە لەوەی بۆ کات و ساتی مانابەخشین بە گوتاری خۆی، لە هەمان کاتدا بە پێی تێپەڕبوونی کات، پێی وابووە کە دەبێت دووبارە چەمک و دروشمەکانی لە ڕووی گوتارییەوە دابڕێژێتەوە، یان نوێیان بکاتەوە. لەم

ڕوانــگەوە یەکێتــی لە دوای زیــاتر لە حەوت ســاڵ لە هەرەســی جــوڵانەوەی ئەیلــول و ئەو خۆڕێکخســتنەی کە مام جەلال ئاماژەی پێ دەدات، گۆڕانکاری لە دروشـمی ســەرەتایان واتە (ئۆتۆنــۆمی) دەکەن و گوتــاری نــوێی یەکێتی بریتی دەبێت لە مافی چارەی خۆنووسین. هەر ئەمەشــە وا دەکات کە یەکێتــی بۆ هەمیشــە پشــت بکاتە دروشمی ئۆتۆنۆمی.

**هەژموون (Hegemony):**

بەپێی تیۆری شیکاری گوتاری لاکلاو و موفە بێت، ئەگەر کۆدەنگی لەناو کۆمەڵدا لەسەر مانای یەک ڕێبەر بەدی بێــت، هەرچەنــد ئەگەر ئەو مانــایە بەشــێوەیەکی کــاتیش جێگیــر بێــت. ئەوا ئەو ڕێــبەرە دەبێــتە ڕێــبەری هەژموونی.

ئەو بــارودۆخەی کە لە دوای هەرەســی جــوڵانەوەی ئەیلــول دێــتە ئــاراوە و بۆشــاییەکی گەورەی سیاســی لە کوردســتان دروست دەبێت کە بریتییە لە نەمانی حزبی سیاســی لە کوردســتان، لەگەڵ ئەوەشــدا کە بەشــێوەیەکی

کاتی چەمکی بەردەوامی شۆڕش لە بەینبرا. یەکێتی دروست دەبێت هەم بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە، هەم بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی چەمکی بەردەوامیی شۆڕش. بۆیە لەگەڵ دامەزراندی یەکێتی ئاماژەی سەرەکی کە کۆدەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و دەبێتە ئەو نیشاندەرەی کە نیشاندەرە خولاوەکان بە دەوریدا بخولێنەوە (شۆڕشە). هەر لە بەر ئەمەشە کە یەکێتی ناوی ئەم نیشاندەرە دەنێت (شۆڕشی نوێ). لەم ڕووەوە چەمکی شۆڕش لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی، چ لەسەر ئاستی گوتاری، چ لەسەر ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگییەکی زۆری پێ دەدرا. (مام جەلال) لەیەکەمین وتاری خۆیدا لە ساڵی ١٩٧٧ بە دوورو درێژی باس لە چەمکی نوێی شۆڕش دەکات و دەڵێت: شەڕی پێشمەرگانەی ئەم سەردەمە شەڕێکە ناوەڕۆکەکەی شەڕێکی سیاسییە، شەڕێکە کە هەموو ئینسانێکی وشیارو تێگەیشتوو تێبگات و بزانێت بۆچی ئەو چەمکە بەکاردێنێ و بۆچی هاوبەشی ئەم شۆڕشە دەکات.[٢٨].

ئەوەی گرنگە مەسەلەی کاتی بوون و ناجێگیری (نیشاندەری هەژموون) لە ئەدەبیات و گوتاری سیاسی ئەم شۆڕشە یان (نیشاندەرە سەرەکیە) لە ساڵی ١٩٧٥وە تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، واتە تا دوای ڕاپەڕین، بە نیشاندەری سەرەکی دەمێنێتەوە، بەڵام کە ڕاپەڕین کرا ئەم نیشاندەرە (هەژموون) جێگەی خۆی بۆ نیشاندەری نوێ و هەلومەرجی نوێ لە دەست دەدات.

**بکەری سیاسی**

بۆ ئەم بابەتە، کە بەدیاریکراوی باسکردن و شیکردنەوەی گوتارو ئەدەبیاتی سیاسییە. ڕەنگ بێت بکەری سیاسی گرنگترین شت بێت بۆ ئەوەی کە وەک چۆن باس لە گوتاری سیاسی ئەو حزبە (یەکێتی) دەکەین، بەهەمان شێوەش باس لە کاریگەریی و پێگەی بکەرە سیاسییەکەشی بکەین، چونکە ئەستەمە باس لە گوتارێکی سیاسی بکەین بێ ئەوەی پێگەی بکەرە سیاسییەکەی بزانین. بکەری سیاسی لە تیۆری گوتار دەکرێت بەو ماشێنەی بچوێنین کە گوتارە سیاسیەکە بەرەو پێشەوە دەبات.

لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە: مانای بکەری سیاسی... دەست بە کردەی سیاسی دەکات و ڕووبەڕووی هەژموونی گوتاری زاڵ دەبێتەوە و بیروبۆچوونەکانی خۆشی بە سەر کۆمەڵگە و گوتاری زاڵ دەسەپێنێت[٢٩].

عەبدولڕزاق فەیلی، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی پێی وایە کە: خاوەنی فکرەی دامەزراندن و ڕێباز و سیاسەت و تاکتیک و ستراتیژی یەکێتی تەنیا مام جەلالە.[٣٠]. لەم رووەوە دەتوانین بڵێین کە داینەمۆو ڕێبەری شۆڕشی نوێ، لە دوای ساڵی ١٩٧٥ مام جەلالە. ئەو جگە لەوەی کە بە دامەزرێنەری یەکێتیی دادەنرێت، لە هەمان کاتدا لەو کەسانەش بوو کە رووخسارێکی دیاری لەناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەبوو. هەر وەک پەیوەندی و دۆستایەتییەکی زۆری لەگەڵ بەشێکی زۆر لەسەرکردەی وڵاتانی ناوچەکە و بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و چەپەکان لە عیراقەوە بگرە تا فەلەستین هەبوو. ئەمە وایکردبوو کە جوڵانەوەی ئەیلول شکستی هێنا، مام جەلال بەهۆی پێگە و پەیوەندییە

کەسیەکانییەوە، توانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕابگەیەنێت و شۆڕشێکی نوێ بەرپا بکات.

لەم ڕووەوە مام جەلال چ وەک بکەر یان کارگوزاری سیاسی دەست بە قۆناغێکی نوێی سیاسی دەکات و وەک ڕابەری شۆڕشی نوێ لە یەک کاتدا دەیەوێت بەم هەنگاوە هەم ئەوە لە حکومەتی عیراقی بگەیەنێت کە شۆڕشی کوردی کۆتایی نەهاتووە، هەم دەیەوێت ئەو ئاماژەیە بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدات، کە شۆڕشی کوردستان هیچ کاتێک و لە هیچ بارودۆخێکدا ئەگەر ئیرادەیەک بوونی هەبێت لەناو خۆماندا لەناوناچێت. دیارە بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیدا رەخنەی زۆری لە پارتی دیموکراتی کوردستان گرتووە کە بەویستی وڵاتانی داگیرکەر و ئیمپریالیست کۆتایی بە شۆڕشی گەلی کورد هێناوە.

## گوتاری نوێی سیاسی
## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

وەک ئاماژەمان پێدا، بۆ ئەوەی لەپاڵ تیۆری شیکاری گوتاری لاکلاو و موفە پیشانی بدەین چۆن و لە چ روانگەیەکەوە دەتوانین ئاماژە بە گوتاری سیاسی یەکێتی وەک گوتارێکی نوێ بدەین، بەتایبەت لە دوای شکستی جووڵانەوەی ئەیلولەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە پرسیارێکدا کە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ناو یەکێتی کردوومە، ویستوومە ئەو وەڵامەم دەست بکەوێت کە لە لایەنی گوتارییەوە (دیسکۆرس)، تا چەند دەتوانین دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بخەینە خانەی نوێنەرایەتی کردنی داهێنانی گوتارێکی نوێی سیاسی و سیاسەت کردن لە کوردستان، بەتایبەت کە پارتی دیموکراتی کوردستان، چ وەک دامەزراوەی سیاسی، چ وەک گوتاری سیاسی کۆتایی هاتبوو؟.

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا ئەندامی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکێک لە کادرە دێرینەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی لە کوردستان، لە دەستنیشانکردنی**

**ئەوەی کە گوتاری یەکێتی گوتارێکی نوێ بوو، سێ خاڵ باس دەکات:**

ئەگەر پێناسـەیەکی یەکێتـی بـۆ سـەردەمی ئەو کـات (بـاروودۆخی دوای شکسـتی جـووڵانەوەی ئەیلـول و دامەزراندنی یەکێتـی) بکەیـن، ئەوا دەتـوانین پێناسـەیەکی نیشـتمانی- نەتەوەیـی بـۆ بکەیـن، کە تـۆ ئەم پێناسـەیە بکەیـت ئەرکەکـانی حزبێکـی نیشـتمانیی- نەتەوەیـی دەردەکەوێت کە چی دەبێت. ئەو گوتـارە سیاسییەی ئەو کاتە یەکێتی هێنایە پێشـەوە پارتی بە تـایبەتی هەر ئاگـای لەو مەسـەلانە نەبـوو، چـونکە بـوونێکی نەبـوو. گوتـارە سیاسـییە سـەرەکییەکەی یەکێتـی زۆر جیـاواز بـوو لەو گوتـارەی کە تـا ئاشـبەتاڵ هەبوو. یان ڕاسـتتر بڵێین لەو گوتارەی کە لە مێژووی پارتیدا هەبوو، بەڵام لە چیدا؟.

یەکەم: چـونکە یەکێتـی خوێنـدنەوەیەکی واقیعـی بـۆ ململانـێ سـەرەکییەکە لە نێـوانی خەڵکـی کوردسـتان و دەوڵەتی مەرکەزیدا کردبوو، بەتایبەت لەسەر بناغەی ئەو سێ کوچکەیەی کە ئاماژەم پێدا. ئەمانە واقعیەتێک بوون واتە تەعریـب، تەبعـیس و تەرحیـل ئەم سـێ شـتە بە

جۆرێک بوون کە هیچ مارکسیەکیش نەیدەتوانی بڵێ ئەوە چییە! چونکە چەوسانەوەیەکی نیشتمانیی گشتگیر بەتەواوی بەسەرت داسەپا بوو. بۆیە یەکێتی خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ ئەم بابەتە کردبوو، کە دواجار کردیە بناغەی گوتاری سیاسی و هۆشیارکردنەوەو هاندانی جەماوەر بۆ درێژەدان بە شۆڕش. بۆیە ئەگەر ئەو گوتارە تازەیە نەبوایە، تۆ نەتدەتوانی بەهەمان گوتاری ڕابردوو لەگەڵ هەلومەرجەکەدا خۆت بسازێنیت، بۆیە من لەوەدا دەیبینم کە جەوهەری گوتاری سیاسی یەکێتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە.

**دووەم:** گوتارە نوێگەرییەکەی یەکێتی لەو نیمچە بەرەیە بوو کە ڕایگەیاند، چونکە یەکێتی وەک تاکە حزبێک نەهاتە پێشەوە، هەر وەک حزبێکی ئەڵتەرناتیڤیش نەبوو کە لە بەدیلی پارتی بێتە کایەوە و ڕایبگەیەنێت من ئەڵتەرناتیڤی پارتیم، چونکە وەک بینیمان دوای ماوەیەکی کورت یەکێتی داوای لە پارتیش دەکرد بێنە ناو ئەو بەرەیەوە، بۆیە ئەگەر هاتباو مرونەتێکی سیاسی یا

لێبوردنێکی سیاسی لە نێوانی حزبەکان هاتبایە ئاراوە، دەکرا حزب و لایەنی دیکەشی تێدا بێت، چونکە ئامانجێکی نیشتمانی هەبوو، کە بریتیی بوو لە ڕاگرتنی سیاسەتە سێکوچکەییەکەی بەعس. ئەمە شتێک بوو بۆ تەواوی کوردستان، واتە تەنیا پەیوەندی نەبوو بە یەکێتییەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین مەسەلەی هێنانە کایەوەی نیمچە بەرەیی، دەچێتە ناو گوتاری نوێی سیاسییەوە، چونکە لە دەرەنجامی ئەوە دا دەبینین خەڵک زیاتر متمانە بە یەکێتی دەکەن. یەکێتی کراوە بوو بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بێنە ناویەوە.

سێیەم: یەکێتی مرونەتێکی ڕێکخستنی ئەوتۆی تێدابوو، کە هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان دەیتوانی بێ هیچ مەرجێک تیایدا ببێتە ئەندام. واتە بەدەر لە کۆمەڵە و بزووتنەوە. ئەمە گوتارێکی نوێ بوو لە کوردستاندا کە لە پێشووتردا شتێکی لەو جۆرە نەبوو. بۆیە بە باوەڕی من ئەو سێ خاڵە، بنەما سەرەکییەکانی ئەو گوتارە تازەیە بوون کە لەسەر دەستی یەکێتی هاتە کایەوە.[٣١] .

ستران عەبدوڵڵا، سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ (ئۆرگانی فەرمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە وەڵامی هەمان پرسیاردا ئاماژە بەو لایەنانە دەکات، کە لە گوتاری یەکێتیدا رەنگیان دەدایەوە و وەک گوتارێکی نوێی سیاسی خۆی ناساند:

خۆی ئێمە دەبێت بپرسین چیمان هەیە لە ئەدەبیاتی سیاسی جگە لەوانەی کە لەو کاتەدا یەکێتییەکان هەیانە، لە هەمانکاتدا لە پێش شۆڕشیش ئەم یەکێتییە تازانە و ئەو پارتییە کۆنانە کە وتویانە؟ پارتی لە دروست بوونییەوە تا ساڵی ١٩٧٥ کوڕی گفتوگۆی سیاسی نەبووە، تەنیا ئەو گرووپە نەبێت کە دواتر بوونە باڵی مەکتەبی سیاسی و پاشان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراند. هەتا تۆ ناتوانی بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی هەمزە عەبدوڵڵا بکەیت کە دەیەوێت پارتی ببەستێتەوە بە حزبی شیوعی عیراقی، بەبێ ململانێ لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال، هەروەک تۆ ناتوانی باسی ئەوە بکەیت کە مەلایەتی هەیە، بەبێ ئەوەی نەیبەستیتەوە بە جەلالی بوون.

لەبەر ئەوە، ئەمە دەری دەخات کە گوتاری یەکێتی لە کاتی دامەزراندنییەوە گوتارێکی نوێیە، جارێ فرەیی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا شتێکە لەناو پارتیدا نەبووە، هەتا ئەگەر باس لە مێژووی پارتی بکەین لە سالانی دامەزراندنییەوە، هەموو ئەو گرووپانەی کە لێی جیابوونەوە و دواجار هاتنەوە ناوی، هەموو ئەوانە لەناویدا تـوانەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان یان کورتکراوەی پارتی بەکارهات، کە چەند جارێک بوو بە پارتی دیموکراتی کوردی، پارتی دیموکراتی ...تاد. کەچی هەر گەڕایەوە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمە دەریدەخات کە هەر لەسەرەتاوە ئەم حزبە ویستوویەتی سەنترالْ بێت. تەنانەت ئەمە بۆ جیابوونەوەی بالی مەکتەبی سیاسیش دروستە، کە هەر باڵەکەی تر زالْ بوو.

بابێین بالی مەکتەبی سیاسی سەیر بکەین، کە لە دروست بوونییەوە، وەک پارتێکی سێنترالْ نایبینیت، دروستەکەش هەر ئەوە بوو کە پارتی وەک حزبایەتی دیکرد، تۆ دەبینیت مەلا مستەفا ئەنجومەنی سەرکردایەتی

شۆڕشی دروست کرد، که خۆی بوو به سەرۆکی حزب، بەڵام ئەو زیاتر بڕیارەکانی بۆ سەرکردایەتی شۆڕش دەدا.

پارتیەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە ٦٤ دروست دەبێت، بەڵام لە کۆتایی شەستەکان نەواتی بیرکردنەوەی تازەی تێدا دروست دەبێت، که دەکەونە گفتوگۆ بەو پێیەی سیاسەتی پارتیان بە دڵ نییە، مەبەستم باڵەکەی خۆیان نەک باڵی مەلا مستەفایە. ئینجا دوای ئەوە دروستکردنی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان و هەتا دروست بوونی گۆڤاری رزگاری بە جۆرێک لە جۆرەکان رازیکردنی گەنجەکانی سلێمانی بوو، لە هەمان کاتدا پارتیە سەرەکییەکە تا کۆنەکان گۆڤاری نوریان هەیە که ڕێگەی پێدرا دروست ببێت، ئەمە بەو مانایەیە که لەناو ئەو پارتیە هیراکی سیاسی دەبینیت. بەڵام ئێمە لە ٦٤ وە تا ٧٥ هیچ شتێک لەناو پارتی نابینین که بەڵگەی هیراکی سیاسی بێت، بۆیە دەبینی ئەو جۆرە گوتارە لە شۆڕشی نوێدا لە هەناوی ئەو بزووتنەوەیەدا هەر خۆی لە جموجوڵدا بووە. که دواتر ئەو ئەڵقە ڕۆشنبیریانە گەشە

دەکەن بۆ کۆمەڵە و لەوێشەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تا ئەو ڕادەیەی یەکێتی ناوی خۆی دەنێت نیمچە بەرە، لەو کاتەدا مام جەلال قسە لەسەر ئەوە دەکات کە (حزبێک لە شێوەیەکی تازە) واتە یەکێتی هەم حزبە و هەم بەرەیەکیشە، بۆیە ناوی نراوە نیمچە بەرە، کە چەند ڕێکخراوێکی جیاواز کاری تێدا دەکەن، بۆ نموونە سۆسیالیست بە خۆی نەدەوت حزب، بەخۆی دەوت بزووتنەوە، کۆمەڵە بەخۆی دەوت ڕێکخراو کە ناکاتە حزب. بەهەمانشێوە یەکێتی بە خۆی نەدەوت حزب، بەخۆی دەوت یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کە وشەی یەکێتی بەمانای یەکگرتن دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا بەمانای هەمەجۆریش دەگەیەنێت. لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر تەرجەمەی ناوەکەی یەکێتی بکەین بەڕاستی یەکێتی وەحدەی نیشتمانی کوردستان نییە، بەڵکو فیدرایسۆنی نیشتمانی کوردستانە، کە ئەمە لە خۆیدا جۆراو جۆریێتی و یەکێتی بوونیش دەگەیەنێت. ئەمە بە باوەڕی من ئەوە دەگەیەنێت کە گوتارێکی تازە بوو لە دروستبوونی حزبی تازە، لە دروستبوونی ئاڕاستەی

سیاسـەتێکی تـازە لەنـاو کوردایەتیـدا، لە دروسـتبوونی بانگەشـەکان و بەرنامەکانـدا. بـۆ نمـوونە ئەوەی لە جوولانەوەی ئەیلولدا هەبوو پشت بەستن بوو بە ولاتـانی داگیـرکەری کوردسـتان، بەلام یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هـات جـۆرێکی دیـکەی گوتـاری پەرە پێدا کە زۆر زەق بـوو لە ئـومەی عەرەبیـدا دوایـی وردە وردە لە مەیدانی شۆڕشەکەدا (تەخفیف)ی ئەو مەسـەلەی تێداکرا. واتـا هاوپەیمـانی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب. هەتـا سـەیری تجاوبی یەکێتی بکە لەگەڵ شۆڕشی ئێراندا کە ئەمە گەلـی کورد دەرەخات لەو سیاسەتە دوالیزمەی نێوان بەعس و شـا کردوویـانە بەسـەر کـوردا، بەڵـگەی ئەوەیە کە ئەو بۆچـوونەی مـام جەلال لە کتێبـی خـۆی (بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی کـورد) بەجۆرێـک لە جۆرەکـان لە پەیوەنـدیەکانی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا ڕەنـگ دەداتەوە. پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ حزبەکان لە باکووری کوردسـتان کە هەر پەیوەنـدیە بە کـوردایەتی لەو پارچەیەدا، بەلام لەهەمانکاتیشدا پەیوەندیشە لەگەڵ چەپی تورکیـا. لەم ڕووەوە پەیوەنـدییەکانی یەکێتـی لەگەڵ

شۆڕشـی ئێـران و حـزبە کوردییەکـان و تەنـانەت لەگەڵ موجاهـدینیش کە پێشـتر هەبـوو، ئەم پەیوەندییە ئێرانییە، پەیوەنـدییە عیراقـی و عەرەبیـیەی یەکێتـی دەسـتی بـۆ بردبوو، بەڵگەیە بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە لەبەردەم حزبێکی سیاسـی نـین بەتەنیـا، بەڵکـو لەبەردەم بـزووتنەوەی نەتەوەیەکین کە دەیەوێت بە نەتەوەکانی دیکە بناسێنێت و دیـار بێـت. مـن نمـوونەیەک دەهێـنمەوە لە جەرگەی شۆڕشـی نوێـدا کە ڕووبەڕووی بەعـس دەبـووینەوە، یەکێتی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حزبە فەلەستینییەکان هەبـوو. هەروەک مـام جەلال لەو کـاتەدا نووسـیبووی ئەگەر جێگـا نیـیە بـۆ (یاسـر عەرەفـات) لەبەر ئەوەی لە لوبنان دەردەکرێت، وەرە بۆ شاخەکانی کوردستان، خۆ مـام جەلال دەیزانی عەرەفـات نـایەتە کوردسـتان، چـونکە ئەو تـۆڕێکی فراوانـی نێـودەوڵەتی هەیە، بەڵام ئەو هەڵوێستە ئەخلاقییەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان دەزانێـت لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت چـی هەیە. هەروەک لەم نووسـینەی مـام جەلال جۆرێـک لە ئاگـادارکردنەوەی عەرەب هەیە کە جگە لەوەی لە عیـراق حکومەتی بەعـس

هەیە، بەڵام لە کوردستان خەڵکانێک هەن کە دەتوانن بڕیار بدەن ئێوە لە باوەش بگرن و لەگەڵتاندا مامەڵە بکەن کە بەعس نەیدەوێرا ئەم جۆرە مامەڵەیە بکات[٣٢].

**فەرید ئەسەسەرد، بەرپرسی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە وەڵامی ئەو هۆکارانەی کە وایان کرد گوتاری یەکێتی بە گوتارێکی نوێ بزانین ئاماژە بە چەند لایەنێکی گرنگ دەکات:**

خۆی گوتاری یەکێتی لەو قۆناغەدا تەواو گوتارێکی تازە بوو، تەنانەت دەتوانم بڵێم پێچەوانەی گوتاری کۆنی جووڵانەوەی ئەیلول بوو، تۆ هەر لە مانا گشتییەکەیەوە وەریبگرە، جووڵانەوەی ئەیلول لە بەرەی جیهانی سەرمایەداریدا دژ بە بەرەی سۆسیالیزم بوو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شای ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکادا بوو، بەهۆی ئەمەوە جووڵانەوەی ئەیلول هیچ تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆدا نەبوو، کە یەکێتی دامەزرا تەواو پێچەوانەی ئەو ڕەوتە بوو و دژایەتی خۆی بۆ شای ئێران و تورکیا و

ئیسرائیل و بەرەی ئیمپریالیستی بەگشتی ڕاگەیاند، بەپێچەوانەوە لەگەڵ سۆسیالیزم و لەگەڵ جیهانی پێشکەوتنخواز و خەباتی فەلەستینییەکان و دژایەتی داگیرکردنی خاکی فەلەستین دەکات. ئەمە یەکەم گۆڕانکاری گەورە بوو لە گوتاری سیاسی کورد لەو قۆناغەدا، ڕەنگە لە رابردووش هەندێک نەرمی نوێندرابێت بۆ ئەمە، بۆ نموونە کەس دژی خەباتی فەلەستینییەکان نەبوو، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئەوانە هەبوو کە دژی فەلەستینییەکان بوون، وەکو ئێران و ئیسرائیل، لەبەر ئەوە ئەمە هەر وەکو نمایش وابوو بۆ سیاسەتی جووڵانەوەی ئەیلول لەو کاتەدا، بەڵام ئەوەی یەکێتی بەپێچەوانەوە خۆشی لە وڵاتێکدا بوو کە سیاسەتێکی لایەنگرانەی هەبوو بەلای چەپدا کە سوریا بوو، لە ناو فەلەستینییەکانیشدا زیاتر پەیوەندی لەگەڵ چەپی فەلەستینیدا نەک باڵی ڕاستڕەوی فەلەستنی هەبوو، ئەمە بە باوەڕی من گەورەترین گۆڕانکاری بوو لە گوتاری سیاسی کورد لەو کاتەدا و ئەوەشی کە پەیوەندی بە یەکێتییەوە هەیە.

لە ناوخۆشدا مۆدێلێکی تازە داهات، ئەویش مۆدێلی فرەیی بوو، جووڵانەوەی ئەیلول دژ بە فرەیی بوو، بەڵکو باوەڕی بە یەک ڕابەر، یەک حزب، یەک تێڕوانین هەبوو، هەر ئەم جۆرە دژایەتیکردنەش وای لە پارتی کرد کە تووشی لەت بوون ببێت. یەکێتی خۆی لە بنەمادا لەسەر بنەمای فرەیی دامەزرا کە چەند باڵێک بێت، تەنانەت لە پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٦دا، باس لەوە کرا بوو کە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانیش دەتوانن بەشداربن لە ناو یەکێتیدا، کە دواتر لەناو سەرکردایەتیدا نوێنەریان هەبێت، بەڵام بەپێی هێز بۆ نموونە ئەگەر یەکێتی مامۆستایان بەشدار بوایە ئەوا نوێنەرێکی دەبوو، یان گرووپێکی تر کە نوێنەرایەتی کەمینەیەکی دیاریکراو بکات...تاد.

بۆچوونی سەرەتا لەناو یەکێتی ئەوە بوو، یەکێتی فراوان بێت و لە چەند حزبێک پێک بێت، پاشان لەناو ئەواندا حزبێک دەردەکەوێت و دەبێتە پارتی پێشڕەو و ڕابەرایەتی ئەوانی دیکە دەکات، واتە تیۆرییەکە بەو جۆرە بوو کە یەکێتی ڕێگە خۆشکەرە بۆ پەیدابوونی پارتی پێشڕەو، پارتی پێشڕەویش لە ڕەوتی خەباتدا

پەیدادەبێت و بە کردەوە خۆی دەسەلمێنێت، کە دواجار گرووپەکانی تر دانی پێدادەنێن کە ئەو پارتە پارتی پێشڕەوە[٣٣].

لە کۆی هەرسێ بۆچوونەکەدا سەبارەت بە گوتاری نوێی سیاسی یەکێتی خرانە روو، جەخت لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ دەکرێتەوە. لەوانە لایەنگری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەرەی بزووتنەوە سۆسیالیستەکان و وەستانەوە دژ بە بەرەی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی. تێپەڕاندنی سیستمی تاک حزبی و کارکردن بە ئاڕاستەی فرەیی لە کاری سیاسیی و پێکەوەیی. ئەمە جگە لەو ئەدەبیاتە سیاسییەی کە یەکێتی بەهۆی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی نوێی سیاسی لە گوتاری خۆیدا پەیڕەوی لێدەکرد. ئەمانە و چەندان هۆکاری دیکە، ئەوەمان پێ دەڵێن کە یەکێتی لەسەرەتای دامەزراندنیدا بە گوتار و ئەدەبیاتێکی نوێوە دەستی بە خەباتی سیاسی خۆی کردووە.

# بەشی دووەم

## یەکێتی و ئەندێشەی چەپ

بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە بۆچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونییەوە، بە ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی چەپ دەردەکەوێت و دێتە ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە، دەبێت لەم بەشەدا بۆ ئەو زەمینەیە بگەڕێینەوە کە کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی ئایدۆلۆژی و فیکری یەکێتی وەک حزبێکی خاوەن ناسنامەی ئەندێشەی چەپ هەبووە.

بێگومان بۆ ئەو زەمینەیە پێویستیمان بە گەڕانەوەیەکی ورد و گرنگی مێژوویی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی ئەم ڕەوتە لە کوردستان پیشان بدەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی زۆر لە بەردەست دان بۆ باسکردنی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ڕەوتی چەپ لە کوردستان و توێژینەوەی گرنگیان لە بارەوە کراوە، لەبەر ئەوە گەڕانەوە بۆ دووبارە باسکردنەوەی ئەو مێژووە لێرەدا بە گرنگ نازانم.

ئەوەی گرنگە و بە کورتی دەمانەوێت لە پەیوەندیدا بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسی بکەین، وەک جارێکی تریش ئاماژەمان پێداوە، ئەوەیە کە، بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەو فاکتەرە گرنگانە بکەین کە لە گواستنەوەی ئایدۆلۆژیا و ئەندێشەی چەپ بۆ ناو یەکێتی ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، باسکردنی چەند خاڵێکی گرنگ و پێویستن. بۆیە ئێمە لێرەدا دەکەوینە نێوان دوو لایەن لە پرسی زەمینە و سەرهەڵدانی چەپ لە کوردستان و کاریگەریان بەسەر یەکێتییەوە.

**یەکەم:** مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕەوتی چەپ لە عیراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، کە ئەمە بۆ ئەم بابەتە کارێکی قورس دەبێت باسی لێوە بکەین، چونکە ئەم مێژووە خۆی لە هەوڵی تاکەکەسی تا ڕێکخراو و کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی دەبینێتەوە.

**دووەم:** ئەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان لە گواستنەوەی ئایدۆلۆژیا و ئەندێشەی چەپ هەبووە بۆ ناو یەکێتی، ئەم فاکتەرانە جیاواز لە خاڵی یەکەم کە مێژوویەکی کۆنتر و کێشەی زۆری لەسەرە، دەست بۆ بردنیان ئاسانترە. هەروەک

دەبێت بڵێین ئەم فاکتەرانە خۆیان لە فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی دەبیننەوە.

**لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو فاکتەرانەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەریان لە گواستنەوەی ئایدۆلۆژیا و ئەندێشەی چەپ بۆ ناو یەکێتی هەبوو، بریتین لە:**

**یەکەم:** لەو سەردەمەدا بەشێکی زۆر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر هەژموونی بلۆکی سۆڤێتی و کاریگەری بیروباوەڕی مارکسیزمی رووسی و چین-دا بوون.

**دووەم:** مام جەلال وەک کەسێکی کاریگەر و راپەڕێنەر، بڕوای بە مارکسیزم-لینینزم-بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ هەبوو. واتە باوەڕی بە مۆدێلی چەپی چینی هەبوو.

**سێیەم:** کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان، کە دواجار بوو بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەک هێزێکی سەرەکی ناو یەکێتی هەمان بیروباوەڕی هەبوو.

**چوارەم:** تەنانەت هێزەکانی دیکەی ناو یەکێتی، وەک هێڵی گشتی و بزووتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، کەم تا زۆر نزیک بوون لە بیروباوەڕی چەپ.

**یەکەم: فاکتەری دەرەکی**

ئەگەر کەمێک بۆ مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیروباوەڕی مارکسیزم بەگشتی و ئەندێشەی چەپ بەتایبەتی لە کوردستاندا بگەڕێینەوە، دەتوانین یەکەم کاریگەری راستەوخۆی دەرەکی لە پشتیوانی سۆڤێت بۆ کۆماری مهاباد بەدی بکەین. پشتیوانی سۆڤێت لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد ئەو تێگەیشتنەی دروست کرد کە "تێکۆشەرە کوردەکان وابیر بکەنەوە، کورد ڕزگاری نابێت تەنیا بە هاوکاری یەکێتیی سۆڤێت نەبێت، کە لە سایەی فەلسەفەی مارکسیی-لینینیدا کارەکانی دەکات. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی ئەو بڕوایەی زیاتر بەهێز کرد ئەو ڕۆڵە بوو کە بریتانییەکان لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عیراق و ئێراندا دەیانگێڕا"[٣٤].

خاڵێکی تر ئەوەیە، فاکتەرە ناوچەیی و جەمسەرە نێودەوڵەتییەکان وەک فاکتەری دەرەکی لە بڵاوبوونەوەی ئەندێشەی چەپ لە کوردستاندا کاریگەری خۆیان لەسەر بیرو روانگەی سیاسی و ئایدۆلۆژی ئەم رەوتە بینی.

لەسەر ئاستی ناوچەیی یان خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناکرێت کێشەی فەلەستین و کاریگەری نووسینی کۆمەڵێک نووسەری ئەوکاتی عەرەب کە رەهەند و ناوەڕۆکێکی چەپیان پێوە دیار بوو نادیدە بگرین. "ئەو رۆژگارە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جگە لە شۆڕش و جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی وەک جووڵانەوەکانی ئەریتریا و زەفار و خوارووی سودان، ئەوا کێشەی فەلەستین یەکێ بوو لە کێشە هەرە گەرم و گرنگەکانی ئەو قۆناغە، کە ببوە پرسی سەردەم و ناوەندێکی گەورە بوو بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و تێزەکانی بیری چەپ"[٣٥].

ئەمە جگە لەوەی کە "لەسەر ئاستی جیهانیش ناکۆکییەکانی ناو جووڵانەوەی سۆسیالستی و ناکۆکییەکانی بەرەی چین لەگەڵ بەرەی شورەوی، کە ببوە هۆی بەرپابوونی مشتومڕێکی فیکری گەرم لەسەر جووڵانەوەی سۆسیالستی جیهانی و ریسواکردنی خەتی ریڤیژنیستی و هێڵە سیاسی و هەنگاوە پڕ لە هەڵەکانیان و هاوکات دروستبوونی چەندەها رێکخراوی شۆڕشگێڕ

و چەپ، کە جیاواز لە خەتی سۆڤیەت و هاوبیرەکانی لە ئەوروپا بیریان دەکردەوە. لە تەک هەندێ تێزو بۆچوونی تری گرنگی وەک تێزەکانی (ماوتسی تۆنگ) ئەوا هەموو ئەوانە زەمینە سازییەکی باشیان کرد و دۆخێکی لە باریان لە کوردستاندا رەخساند بە ئاڕاستەی وروژاندنی هەست و سۆزی لاوان بۆ بەپیرەوەچوونی بیرو بەرەی چەپ"[٣٦].

بەم هۆیەوە "فاکتەری فیکری و سیاسی لە ناوچەکەدا، هەر یەکە و لە قۆڵێکەوە کارو شوێنەواری خۆیان کردە سەر بیر و ئاڕاستەی سیاسیی لاوانی کوردستانی باشوور. ئەو سێ تەوژمە فیکری و سیاسییە، لە یەک دەچوون و بە یەک ئاڕاستەدا ئاقاری خۆیان دیاری دەکرد، هەر هەموویان ڕەوتی شۆڕشگێڕی بوون و بڕوایان بە خەباتی چەکدارانەی گەل هەبوو، کە ئاوێتەی بیروبۆچوونی (ماوتسی تۆنگ)ی چینی بوون و هیچ هیوایەکیان بە سیاسەتی راستڕەو و سازشکارانەی ئەو حزبانە نەمابوو"[٣٧].

لێرەوە گرنگە ئاماژەیەکیش بەو کۆمەڵە و رێکخراوانە بدەین کە هەڵگری ئەندیشەی چەپ- بیروباوەڕی

ماوتسی تۆنگ بوون و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی نوێی بیروباوەڕی چەپی ماوتسی تۆنگ لە کوردستان هەبوو.

- حزبی شیوعی عیراق، رۆڵێکی گرنگی لە بەرەو پێشەوەچوونی ئەو شەپۆلە فیکرییە دابینی لە کوردستان کە دواجار بیروباوەڕی چەپ-یان لە ناو لاوان و خوێندکارانی ئەو کاتدا گەشە پێدا.
- هاتنی دەستەیەک لە ئەندامانی رێکخراوێکی ئێرانی بەناوی (سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران) لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ بۆ کوردستان و جێگیربوونیان لە سلێمانی و بەکرەجۆ و هەڵەبجە- کە خاوەنداریێتییان لە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ دەکرد و دژ بە سیاسەتەکانی سۆڤێت و حزبی کۆمۆنیستی شورەوی بوون.
- کاریگەری (بەرەی گەلی ڕزگاری فەلەستنی) بە ڕابەرایەتی جۆرج حەبەش کە دواتر بەهۆی پشتیوانی حزبی بەعسی عیراق توانیان بارەگاکانیان لە بەغداد بکەنەوە و چالاکی بنوێنن.

کۆی ئەو فاکتەرە دەرەکیانە پێمان دەڵێن کە چەندە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان خێرابوون، بەهەمان ئەو

خێـڕاییەش کاریگەرییەکـان لە نـاو فەزای رۆشـنبیری و سیاسی لە کوردستانی عیراقدا رەنگیان داوەتەوە.

**دووەم: فاکتەرە ناوخۆییەکان**

**یەکەم: کـاریگەریی فیکـری و ئایـدۆلۆژی مـام جەلال لەسەر یەکێتی**

هەر لە رۆژی دروسـتبوونییەوە بەڕێبەرایەتـی مـام جەلال، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان وەک نـیمچە بەرەیەکـی پێشـکەوتوخوازی شۆڕشـگێرانە و لایەنگـری بزووتنەوە رزگاریخواز و سۆسیالیستەکان چۆتە مەیدانی خەبات. ئەگەر بمانەوێ لە هزر و ئەندێشەی سیاسـی ئەو رێکخـراوە تێـبگەین، ئەوا بەبـێ لەبەرچـاوگرتنی هـزر و رۆڵ و کارێزمـایی سـەرۆک مـام جەلال نـاتوانین ئارمـانج بپێکین.

لەبەر ئەوە باسـکردنی ئەدەبیـاتی سیاسـی قۆنـاغی سەرەتای دەرکەوتنی یەکێتی بەبێ باسکردن لە شـێوازی بیرکردنەوە و زەمینەی بەدی هاتنی دید و جیهانبینی مام جەلال کە کـاریگەرییەکی گرنگـی لەسـەر ئاڕاسـتەکردنی گوتـاری سیاسـی یەکێتـی-وەک نـیمچە بەرەیەک لە

سەرەتاوە هەبوو، ناتوانین بە ئاسانی دەستنیشانی لایەنە گرنگەکانی گوتاری یەکێتی وەک گوتارێکی نوێ و پێشکەوتنخواز بکەین.

خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە، تاوەکو ئێستا جیاوازی و بۆچوونی ناکۆک هەیە لەوەی کە ئایا یەکێتی بە دوو قۆناغ لە ڕێباز و ئایدۆلۆژی تێپەڕیوە، یان بە تەنیا دەتوانین دەستنیشانی یەک قۆناغ لەو بارەیەوە بکەین. ئەوانەی کە لەو باوەڕەدان یەکێتی لە سەرەتاوە هەڵگری بیروبۆچوونی چەپ یان مارکسیزم نەبووە و بنەماکانی مارکسیزمی بەسەردا ناسەپێنرێت، بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتاوە تاوەکو کۆنگرەی یەکەم یەکێتی وەک نیمچە بەرە ماوەتەوە و نەچۆتە قۆناغی حزبی بوونی خۆی.

لەبەر ئەوە کاتێک لە ساڵی ١٩٩٢ هەر دوو هێڵەکەی تری واتە (کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان) لەگەڵ یەکێتی تێکەڵ دەبنەوە جگە لەوەی کە یەکێتی قۆناغی نیمچە بەرەیی خۆی تێدەپەڕێنێت، بەهەمانشێوە ئایدۆلۆژیا و ڕێبازی فیکری خۆی کە (سۆسیال دیموکراتە) رادەگەیەنێت.

لێرەدا ئەوەی گرنگە لە پەیوەندی نێوان مام جەلال و یەکێتیی باسی بکەین ئەوەیە، کە وەک چۆن مام جەلال یەکەمین کەس بوو لە ئەنجامی ئەو بۆشاییە سیاسییەی لە دوای نسکۆی جوولانەوەی ئەیلول هاتە دی، بەهەمانشێوەش یەکێتی کە دروست دەبێت زادەی بیر و سیاسەت و توانایی ئەو بوو. لەم رووەوە بۆ ئەوەی دەستنیشانی ئەو زەمینەیە بکەین کە تیایدا مام جەلال لە ڕووی بیروباوەڕ و جیهانبینیەوە وەک کارەکتەرێکی سیاسی دەردەکەوێت، پێویستە ئاوڕێک لە هەندێ لەسەرچاوە فیکرییەکانی مام جەلال وەک جۆرێک لە پەروەردەی سیاسی بدەینەوە.

یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەی لە سەرەتای دەیەی چلی سەدەی رابردوودا و وای لە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیران و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو کات کردبوو، لە ڕووی هاوهەڵوێستی و ئایدۆلۆژییەوە خۆیان لەسەر بلۆکی سۆڤێتی و ڕێباز و جیهانبینی مارکسیزم-لینینزم، ساغ بکەنەوە، جگە لەوەی ئەو کات لە نێوان کەسانی ڕۆشنبیر و هەندێک لە ڕێکخراو و گرووپی بچووک

بچــووک مەســەلەی هاوهەڵوێســتی بــۆ ســۆڤێت وەک جۆرێک لە مۆدێلێکی باوی لێ هـاتبوو، بەڵام لە سـەرێکی تـرەوە بـۆ کـورد بەتـایبەتی مەســەلەی پشـتیوانیکردنی یەکێتیی سۆڤێت لە کێشەی کورد و دامەزراندنی کۆمـاری مهابـاد، هاسـۆزی رۆشـنبیرە ناسیۆنالیسـتەکانی زیـاتر جووڵانـد کە بـاوەڕی تەواو بە سیاسـەتەکانی سـۆڤێت بهێـنن و لەو بـڕوایە دابـن کە کـورد بەبـێ سـۆڤێت هـیچ کاتێک ڕزگاری نابێت. ئەمە جگە لەو تێزانەی (مارکس و لینین) سەبارەت بە (مـافی نەتەوەکـان). "لە بنەڕەتدا لینـین چارەسـەری مەسـەلەی نەتەوایەتـی بە ئەرکێکـی گرنـگ و سەرەکی داناوە لە پێناو زامنکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی و پتەوبــوونی ڕیزەکــان و بەرەی زەحمەتکێشــان"[٣٨]. ئەم جۆرە دید و جیهانبینیەی لینین کـاریگەری زۆری لەسـەر بیروبۆچــوونی ئەو کەســانە دانــابوو، چــونکە بەشــێکی زۆری ئەو کەســایەتییە سیاســی و رۆشــنبیرانە لە نێــو جەدەلێکی چڕ دابوون  بۆ ئەوەی ساغی بکەنەوە کە ئایا کورد (گەل)ە. یان نا.

خاڵی گرنگ و پەیوەست بە مام جەلال ئەوەیە، کە ئەو کاتەی هێشتا لە شاری کۆیە خوێندکاری سـەرەتاییە، لەو کاتەوە بەهۆی پشتیوانییەکانی سۆڤێت لە کۆماری مهاباد

دەچێتە ژێر کاریگەری سۆڤێتەوە. وەک خۆی دەڵێت: "زۆر لەژێر کاریگەریی سۆڤێت و سەرکەوتنەکانی سۆڤێت و یارمەتییەکانی بووم بۆ کۆماری مهاباد"[٣٩]، بەڵام دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین کاریگەری سۆڤێت لەسەر مام جەلال لەو کاتدا بە تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە سۆڤێتی وەک وڵاتێکی ڕزگارکەری کورد تەماشا کردووە، نەک ئەوەی کە کەوتبێتە ژێر ڕێباز و ئایدۆلۆژیای مارکسزم-لینیزم.

لەسەرێکی ترەوە شاری کۆیە وەک مام جەلال دەڵێت: "مەڵبەندێکی ئەدەبی و ئایینیی ئیسلامی و سیاسی بوو. جگە لەوەش هەستی خەڵکی نیشتمانپەروەران و شۆڕشگێڕانەی ئەم شارە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی بیری سۆسیالیستی تێدا بڵاوبوەوە، ڕووێکی چەپڕەوانە و مارکسی وەرگرت."[٤٠]

لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٩٤٧بە دیاریکراوی و دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد، بە سەرەتای پەروەردەی سیاسی و ئاشنایی مام جەلال بە مارکسیزم-لینینزم دادەنرێت، وەک لە چاوپێکەوتنە

گرنگەکەیدا لەگەڵ عومەر شێخ موسدا ئاماژەی پێدەدات: "ئەو کتێبانەی کە وا باو بوو لای ئێمە کتێبی کوردی نەبوو، یەک کتێب کە ئەوەڵ جار دایانمێ بیخوێنمەوە، ناوی (صدیقتان الاتحاد السوفیتي) بوو.... زۆریش لێی تێنەدەگەیشتم"[٤١]. لە دوای ئەو کتێبە، مام جەلال بە سێ کتێبی دیکە لە چوارچێوەی هەمان مۆدێلی فیکری باو ئاشنا دەبێت، لەوانە (المساله الوطنیة)-ی ستالین. (المادیة الدیالکتیکیة)-ی ستالین، لەگەڵ (اسس اللنینیه).

مانەوەی مام جەلال لەم پەروەردە فیکرییە (مارکسیزم) دواجار بە دوو کتێبی دیکەی دەگەیەنێت کە کاریگەری زۆریان لەسەر جیهانبینی مام جەلال بەتایبەت لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان و دامەزراندنی یەکێتی-یش هەبووە، کە بریتین لە (الدیمقراطیة الجدید) لەگەڵ (رجل آسیا) کە لەسەر ماوتسی تۆنگ بوو، مام جەلال لەم کتێبەوە (رجل آسیا) بەدیاریکراوی دەکەوێتە ژێر هەژموونی بیروباوەڕ و ڕێبازی ماوتسی تۆنگەوە، یان راستر بڵێین دەکەوێتە ژێر خەتی مارکسیزم-لینینزم-بیروبۆچوونی ماوتسی تۆنگی.

"دەتوانم بڵێم کاریگەری ماوستی تۆنگم لەو کتێبەوە کەوتە سەر، چونکە لەسەر ئەوە بوو، باسی خەبات و کاروانی گەورە و ئەوانە بوو کە هێشتا لە چین سەرنەکەوتبوون و لە شاخ بوون. ئەو کتێبە زۆر کاریگەری هەبوو"[٤٢]. لە دوای ئەمەوە واتا لە ساڵی ١٩٤٨ مام جەلال دوو کتێبی گرنگی تر دەخوێنێتەوە، (ستالین ئۆن لینین) لەگەڵ (مێژووی حزبی بۆلشەویک).

لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبانە، مام جەلال پێی وایە لە ساڵی ١٩٤٨ بیروباوەڕی چەپ بووە و کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەم بیروباوەڕە، بەتایبەت لەسەر ئاستی کرداریش وەک خۆی دەڵێت کە لە هەمان ساڵدا بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵەی جوتیارانی کوردستان کردۆتەوە، بەڵام پێ ناچێت مام جەلال بە تەنیا لەژێر کاریگەری ئەو کێتبانە هەستی بەوە کردبێت کە بیروباوەڕی چەپە، یان بەرەو چەپ بوون دەچێت، بەڵکو پەیوەندی بە ژینگەی دەوروبەری مام جەلال خۆیەوە هەیە کە تیایدا وەک کارەکتەرێکی چالاک تیایدا دەرکەوتووە.

قۆنـــاغێکی تـــر لە زیـــاتر تـــێکەڵاوی مـــام جەلال بە ئەندێشـــەی مارکسیســـتی، یـــان وەک خـــۆی دەڵێـــت: بیروبـــاوەڕی چەپ، ئەگەرچـــی خـــۆی هـــیچ کـــۆمێنتێکی لەسەر ئەوە نییە، بەڵام لە دوای بوون بە ئەندام لە پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە سـاڵی ١٩٤٧ و کـارکردنی لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٥٥ سـەفەر بۆ وارشۆ و مۆسکۆ و چین بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی لاوان و ڕێکخـراوە چەپەکـان دەکـات. بێگومـان وەک وتـم ئەگەر چی مـام جەلال خۆی لەسـەر ئەو سـەفەرانە جگە لەوەی باسی چالاکییەکانی دەکات، باسی ئەوە ناکات کە هیچ کـاریگەریی و تێکەڵاوییەکی فیکری بەسـەرەوە بێت، بەڵام بەو پێـــیەی کە ئەمە یەکەم ســـەفەری مـــام جەلال بـووە بـۆ دەرەوەی وڵات، بەتـایبەتیش کە ئەو سـێ وڵاتە لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی مارکسی-لینینی بوون، یان بڵێـین سۆسیالیسـتی بـوون و خۆیشـی لە نێـو هەمـان زەمیـنە و ئایـدۆلۆژیادا بیـری کـردۆتەوە، بێگومـان لەو چالاکییانەی کە بەشداری تێداکردووە، کاریگەری خۆیان بە ســـەر بیروبـــاوەڕی مـــام جەلال هەبـــووە کە وەک کەسێکی چەپ بمێنێتەوە.

لە ناوخۆی کوردستانیشدا، بێگومان کاریگەری پارتی دیموکراتی کورد بە سکرتێریتی ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥٣ بەدواوە کە تەواو وابەستە بوو بە بلۆکی سۆسیالیستی و بیروباوەڕی مارکسی-لینینی، قۆناغێکی گرنگە لە کامڵتربوونی بیروربا‌وەڕ و فیکری مام جەلال، بەتایبەت کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد هەبوو."مێژووی دەرکەوتنی برایم ئەحمەد وەک جەمسەرێکی سیاسی لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و کورددا بۆ ساڵی ١٩٥١ دەگەڕێتەوە"[٤٣] بەتایبەت کە "لەسەر دەستی برایم ئەحمەد، پارتی دیموکرات لە ڕووی تیۆرییەوە بەرگی ناسیۆنالیزمی لە خۆی داماڵی و لە ساڵی ١٩٥٣ دا بوو بە حیزبێکی مارکسیست"[٤٤]. باوەڕبوونی ئیبراهیم ئەحمەد بە مەسەلەی سۆسیالیزم لە ماوەی سەرکردایەتیکردنی پارتی دیموکراتیدا "پارتی هاندا خاڵێکی وا بخاتە ناو بەرنامەی سیاسییەوە کە هەر کات بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی سۆسیالیزم وێک نەهاتەوە، پارتی بەرژەوەندی نەتەوەیی بە قوربانی بەرژەوەندی سۆسیالیزم دەکات"[٤٥]. ئەم قۆناغە بەجۆرێک کاریگەر دەبێت کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال دێنێتە کایەوە، بە

جۆرێک لە داهاتووشدا ئەم پەیوەندییە لە دوای ئینشیقاقی باڵی مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی، بەردەوامی دەبێت.

مــانەوەی مــام جەلال لەســەر ئەم ڕەوتە فیکــرییە بەتایبەت لە ناوەڕاست و کۆتایی دەیەی شەستی سەدەی رابردوو زیاتر بەدیار دەکەوێت، بەتایبەت کە لەناو باڵی مەکتەبی سیاسی (تەیاری چەپ) سەر بە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ دروست دەکەن. وەک مام جەلال خۆی دەڵێت:"ئێمەی گەنجانی ناو پارتی، لە ئەنجامدا هەموومان بوین بەو تەیارە چەپەی ناو پارتی و کەوتینە بن کاریگەری خەتی چینەوە، ماوتسی تۆنگمان خۆش ئەویست، کار گەیشتبوە ئەوەی ئێمە لە بارەگاکانی خۆمان لە بەکرەجۆ و لە قەرەداغ وێنەی ماوتسی تۆنگمان هەڵواسی بوو"[٤٦].

خاڵێکی تر کە کاریگەری زیاتری بە سەر پتەوتر بوونی بیروبۆچوونی مام جەلال بە چەپ هەبوو، هاتنی رێکخراوی (سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران) بوو، وەک لە زۆر شوێن و مام جەلال خۆشی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان کاریگەرییەکی زۆریان لە ڕووی

فیکرییەوە بە سەر ئەو گرووپەوە هەبوو کە لە بەکرەجۆ کۆبوونەوە و بیربۆچوونی چەپیان هەبوو، مام جەلال وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات، لە یەکەم دیداری لەگەڵ (کورشی لاشایی) لە بەغدا لەوە تێدەگات کە بیروبۆچوونیان زۆر لێکەوە نزیک بووە. هەروەک (کورشی لاشایی) سەبارەت بیر و تێگەیشتنی مام جەلال لە چاو پێکەوتنێکدا دەڵێت؛ "مام جەلال شارەزایی باشی دەربارەی بیری مارکسی، ناکۆکییەکانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، خاڵە تیۆرییەکان هەبووە و بەرگریکارێکی سەرسەختی ڕێبازی ماوی بووە"[٤٧]. لەسەرەتای ناکۆکییەکانی نێوان مارکسیەتی شێوەی سۆڤێت و شێوەی چین و دوای قووڵبوونەوەشیان، مام جەلال بەزوویی بەلای مارکسیەتی شێوەی چینی دا دایدەشکێنێت، وەک خۆی دەڵێت: "خۆم لەو کەسانە بووم، بۆچوونی چینیەکانم پێ باش بوو، لە ساڵی ١٩٦١وە گوێم لە رادیۆکانی مۆسکۆ و پەکین ئەگرت و ئاگاداری ناکۆکییەکان بووم، بەتایبەت بەهۆی ئەحمەد عەبدوڵلاوە بڵاوکراوەی چینیەکانم پێدەگەیشت، ئەو لەو رەئیەدا بوو بۆچوونی چینیەکان ڕاستترن لە هی سۆڤێتیەکان"[٤٨].

بەگرنگی دەزانم هۆکاری ئەوەی کە مام جەلال بۆچی زیاتر مارکسیەتی شێوەی چینی بەڕاستتر زانیوە زیاتر روون بکەمەوە؛ یەکەم بەهۆی خوێندنەوەی کتێبی (رجل آسیا) کە دەربارەی ماوتسی تۆنگ نووسراوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری مارکسیەتی چینی. دووەم؛ وەک وەڵامێکیش بۆ ئیبراهیم جەلال کە لە کتێبی (چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە)دا ئاماژە بەوە دەکات، کە مام جەلال لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی رێکخراوی (سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران) و بەتایبەت کورشی لاشایی هەوڵیداوە رێکخراوێکی چەپ لەسەر بیروبۆچوونی ماوی دابمەزرێنێت. هەر وەک ئیبراهیم جەلال دوو خاڵی خستۆتە روو وەک جۆرێک لەو راستیەی کە مام جەلال بەتایبەت لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی- بیروبۆچوونی ماوتسی تۆنگ لەژێر کاریگەری کورشی لاشایی بووە، بەڵام ئەم دەقە لە کتێبی دیداری تەمەن کە دەربارەی تەواوی قۆناغەکانی مام جەلالە، بەو دەرەنجامە دەگەین کە مام جەلال بەر لە هاتنی رێکخراوی (سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران) بۆ

بەکرەجۆ، خۆی باوەڕی بە مارکسیەتی شێوەی چینی هەبووە.

"* هۆی چی بوو، ئێوە زیاتر بەلای چینییەکاندا داتانشکاند؟

- ئەوەی کە سەرنجی ئێمەی زۆر راکیشا لە ناکۆکی نێوان چین و سۆڤێتییەکان، مەسەلەی خەباتی شۆڕشگێڕانە بوو دژ بە ئیپمریالیزم و پشت ئەستور بە جوڵانەوەی جەماوەر، هەروەها مەسەلەی گرنگیدان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلان.

ئەو کاتە خرۆشۆفیزم، ئەوانەی هەموو بەلاوە نا، یان ڕاستتر ئەیخەنە ژێر لێوەوە، لەبەر ئەوەی لە ناو پارتیدا ئەو زەمینەی تەیارە مارکسیە لینینیە شۆڕشگێڕە لە باربو و باسی لێوە دەکرا. بۆیە زۆربەمان کەوتینە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی چین بەگشتی بیروباوەڕەکانی ماوتسی تۆنگ بەتایبەتی.

لەسەرەتادا بیروباوەڕەکانی ماوتسی تۆنگ و جێبەجێکردنی مارکسیزم لینینزم لە وڵاتێکی نیمچە دەرەبەگی نیمچە موستەعمەرەی دواکەوتوودا، لە

وڵاتێکـــی دنیـــای ســـێ کە زۆرتـــر لە بـــارودۆخی کوردستانەوە نزیک بوو، هەروەها خەباتی چینییەکانیش لە گـوێزانەوەی خەبـاتی چەکـدارانە لە لادێـوە دەسـتی پێکردبوو بۆ شاخ و دۆڵەکان و دوایی شارەکانی ڕزگار کـرد بـوو. ئەمەش زیـاتر لەگەڵ خەبـاتی کوردسـتاندا ئەگونجا"[٤٩].

ئەم وەڵامەی مـــام جەلال، لە پرســـیاری ئەوەی کە بـــۆچی زیـــاتر بەلای مارکســـیەتی شـــێوەی چینیـــدا دایانشکاندووە، پێمان دەڵێت کە زووتر و بەر لە هـاتنی کورشـــی لاشـــایی مـــام جەلال لەو بـــاوەڕە دابـــووە کە بـارودۆخی کوردسـتان ئەو لە بـاریەی تێدایە بۆ ئەوەی ڕێکخراوێکـی چەپـی شۆڕشـگێڕی شـێوەی چینـی تێـدا دابمەزرێت. ئەگەر چی مام جەلال ئەوە ناشارێتەوە کە بە هاتنی ڕێکخراوی (سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران) بۆچوونیـــان زیـــاتر گەشـــەی کـــردووە ســـەبارەت بە مارکســـیزم و تیـۆری ماوتســـی تۆنـگ. هەر ئەم شـێوە بیرکـردنەوەی مـام جەلالیشـە کە دواجـار لەسـەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە خۆی مانیفێست دەکات.

## دووەم: کاریگەریی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان

باسکردن لە کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان کە دواتر لە ساڵی 1978 ناوەکەی گۆڕدراو بوو بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، لەو باوەڕەدام ئەوەندە ئاسان نەبێت کە بە تەنیا لە چەند خاڵێکدا باسی لێوە بکەین.

کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی نوێی فیکری و سیاسی کە زیاتر لە گەنجان و ڕۆشنبیران و خوێندکارانی ئەو کات لە شارەکانی کوردستان و بەغدا بەهۆی نزیکایەتی بیروباوەڕو بڕوابوون بە نەخشەرێگەیەکی جیاواز لەسەرکردایەتی شۆڕشی کورد (پارتی دیموکراتی کوردستان بە هەردوو باڵەکەیەوە) لەو کاتدا هەوڵدەدەن لەناو رێکخستنێکی نوێی سیاسی بە دیاریکردنی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت گوتاری خۆیان وەک ئاڕاستەیەکی نوێ جیا بکەنەوە.

"کۆمەڵە ساڵی ١٩٧٠ وەکو وەرچەرخانێکی پێویست و بابەتی بۆ ڕێکختسنی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان

و موتـــوربەکردنی جــوڵانەوەی ڕزگـــاری نیشـــتمانیی بە بیروبــاوەڕی مارکســیزم-لینینــزم لە ئەنجــامی یەکگرتنــی چەنـد ئـاڵقە و کەسـانێکی مارکسـییی لینینـی دامەزراوە"[50].

ئەوەی کە بەشــیکی زۆری ئەنــدامە کۆنەکــانی کــۆمەڵە لەســـەری کــۆکن ئەوەیە، کە کــۆمەڵە لەســـەرەتاوە لە یەکگرتنـــی ســـێ گـــرووپ پێکهـــاتووە، کە هەرســـێکیان پەیڕەوییان لە مارکسیزم-لینینیزم- بیروباوەڕی ماوتسـی تۆنـــگ کـــردووە. بە جۆرێـــک دەتـــوانین بەم جـــۆرە ڕیزبەندییان بکەین.

**یەکەم:** ڕەوتی گۆڤاری رزگاری کە سەرنووسەرەکەی نەوشیروان مستەفا و خاوەن ئیمتیازەکەی شـازاد سـائیب بووە.

**دووەم:** رەوتی مام جەلال کە بەهەمان شێوە سـەر بە بیروباوەڕی ماوی بووە.

**ســێیەم:** ڕەوتــی بەغــداد، کە ئەمــانیش بەهەمانشــێوە دەتوانین بە دەستپێشخەر بۆ لێکدان و لێک نزیکردنەوەی دوو ڕەوتەکەی تـر ناویـان بەریـن. کە دواتـر کـۆمەڵەی مارکسـی-لینینـی- بیروبـاوەڕی ماویـان دامەزرانـد، کە لە

کەســە هەرە دیارەکــانی ئەم رەوتە. شــەهید شــەهاب و شاسوارو فەرەیدوون عەبدولقادرو فازیلی مەلا مەحمود بوون.

خــاڵی گرنــگ لە دامەزرانــدنی کــۆمەڵە و هەڵبژاردنــی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ و پشتکردنە سۆڤێت و حزبی کۆمۆنیستی سۆڤێت لەوەدایە، بەو جۆرە سەیری ماویزم دەکــرا کە تیــۆری بنەڕەتــی مارکســیزم لینینــزمە و بە پڕاکتیک لە ئەزموونی چیندا خۆی بە دیار خستووە.

لێـــرەدا بـــێ ئەوەی کە زۆر بـــڕۆینە وردەکـــاری دامەزرانـدنی کـۆمەڵە و باسـی لایەنە کێشـە لەسـەرەکانی بکەین، وەک نموونەی ڕەوتی (کوردستانی و عیراقچێتی) کە لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا و دواتر دیسانەوە لە ناوەڕاستی ساڵانی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو یەکێـک بـووە لە کێشــە هەرە گەورەکـانی نـاو کـۆمەڵە، دەمەوێت بە کورتی سێ رێڕە و لە کاری رێکخراوەیی و سیاســی کــۆمەڵە وەک ئەوەی کە زۆر جەختــی لەســەر دەکرێتەوە بخەمە ڕوو.

## ئاڕاستەو ڕێڕەوی ئایدۆلۆژی کۆمەڵە لە قۆناغی یەکەم

قۆناغی یەکەم لە ئاڕاستە و ڕێڕەوی فیکری و ئایدۆلۆژی کۆمەڵەدا، کە ئەو کات کۆمەڵەی مارکسی-لینینی -بیروباوەڕی ماوسی تۆنگ بوو، بریتییە لە قۆناغی سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵە.

کۆمەڵە "وەکو بە ناوەکەیدا دیارە، هەر لەکاتی دروستبوونییەوە ڕێکخراوێکی مارکسیی-لینینی بوو و پشتی بە تیۆرییەکانی ماوتسی تۆنگ بەستبوو"[51]. ئەم قۆناغە لە ڕەوتی کارکردنی کۆمەڵەدا تا ناوەڕاستی سالآنی دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو، دەتوانین بڵێین جەوهەری فەلسەفی و ئایدۆلۆژیەکەیان بریتی بوو لە پەیڕەوی کردن لە ماوتسی تۆنگ و پەیڕەوی کردن لە تیۆری سێ جیهانی. لەسەرێکی دیکەوە دەتوانین بڵێین: "هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی خۆی لە خۆیدا ناوێکی ماویستیە، چونکە لەو سەردەمەدا حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە پەکین بۆ خۆ جیاکردنەوە لە حزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە مۆسکۆ وەک گوزارشتێک

له داننەنـــان بە مارکسیســـتی بـــوونی ئەو حزبـــانە، دەســـتەواژەی مارکســـی-لینینیـــان بـــۆ خۆیـــان بە کاردەهێنا"[٥٢].

## ئاراسته و ڕێڕەوی ئایـدۆلۆژی کـۆمەڵە لە قۆنـاغی دووەم

ئەم قۆناغە لە مێژووی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی کـــۆمەڵەدا، بە قۆنـــاغی لە بەر یەک هەڵوەشـــانەوە و تێکچوونی ڕێکخستنەکان و لێکدابڕانی ئەندامەکانی دێت، بەتـــایبەت کە لە ســـاڵی ١٩٧٥و دوای هەرەســـهێنانی جـوڵانەوەی ئەیلـول بەشـێکی شـانە نهێنیەکـانی کـۆمەڵە ئاشکرا دەبێت و کۆمەڵێک لەسـەرکردە دیارەکانیان دوای دەرچوونیـان لە کوردسـتان بۆ پەیوەنـدی کـردن بە مـام جەلال لە ســوریا، لەســەر ســنووری ئێــران دەســتگیر دەکـرێن، کە دواجـار و دوای مـاوەیەکی کەم تەسـلیم بە حکــومەتی عیــراق کــرانەوەو لە ســاڵی ١٩٧٦دا ســێ لەسـەرکردە دیارەکـانی لە سێدارە دران. ئەمە وایکـرد کە کۆمەڵە بێ سەکردایەتی بمێنێتەوە.

ئەم رووداوە وەک چۆن کۆمەڵە بێ سەرکردایەتی دەهێڵێتەوە، لە هەمان کاتدا دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی شاسوار جەلال (شەهید ئارام) جڵەوی سەرکردایەتی کۆمەڵە بگرێتە ئەستۆ و دووبارە ڕێکی بخاتەوە. لەم ڕووەوە ئارام لە لایەکەوە "سەرکەوتوو بوو لە پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی ئەڵتەرناتیڤ لە رەوشێکی ئێجگار سەخت و دژواردا و دووەمیان لەوەدایە فریای شانە پەڕاگەندە و سەرگەردانەکان کەوت و لە کاتێکی پێوانەییدا ژیانی بە بەر شانە نهێنییەکاندا هێنایەوە، هێزی لە دەستدراوی بۆ کۆمەڵە گێڕایەوە و ڕێکخستنێکی لەوەی جاران تۆکمەتری داهێنا"[٥٣].

گرنگە دەربارەی شەهید ئارام باسی لێوە بکەین، بەتایبەت لە ماوەی سەرکردایەتی و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە و دروستکردنی (کۆمیتەی هەرێمەکان*) ئەوەیە کە "کۆمەڵەی پێش کۆمیتەی هەرێمەکان، ماوی وەک تیۆریسێنی مارکسیزمی سەردەمی ڕووخانی ئیمپریالیزم دەناساند و ئەزموونی چینی وەک ئەزموونێکی جیهانیی شایستەی چاولێکردن و لاسایی هەڵدەسەنگاند. بەلای

ڕەوتی ئارامەوە، ماو وەک سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ شایستەی ڕێزلێنانە، بەڵام زێدەڕۆییکردن لە کاریگەریی رۆڵی جیهانیی و گەورەکردنی بەو ئەندازەیەی کە شان لە شانی مارکس و لینین بدات، خزمەت بە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی ناکات. هەر بەو پێودانگەش باوەڕی وابوو کە ئەزموونی چین ئەزموونێکی جیهانی نییە و دەکرێ وەک ئەزموونێکی لۆکاڵ کەڵکی لێ وەربگرین"[٥٤].

کۆمەڵەی سەردەمی شەهید ئارام، گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی مارکسیزم، هەروەک قۆناغی دەرچوونیشە لە لۆکاڵیەتی ئایدۆلۆژیا و پەیڕەویکردن لە ماویزم. ئەم دەرچوونەی کۆمەڵە لە لۆکاڵیەتی ماویزم لە لایەن ئارامەوە جگە لەوەی بە پلەیەکی نزم لێی دەڕواندرا، لە هەمان کاتدا گەڕانەوەیەکیش بوو بۆ (لینین)، کە دواجار لینینی کردە سەرچاوەی ئایدۆلۆژی خۆی و دژی گۆڕینەوەی لینین بە ماوتسی تونگ وەستایەوە.

لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین "کۆمەڵە هەتا ساڵانی ناوەڕاستی حەفتاکانیش ڕێکخراوێکی چەپی مائۆیستی بوو، یەکێک لە ڕەگەزە دیارەکانی فیکر و تێڕوانینی ئارام

بۆ دۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و دۆخی تایبەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا سەربەخۆیی فیکری و سیاسی بوو. هەر بۆیە ئەو کۆمەڵەی لە خۆ بەستنەوە بە مائۆییزم ڕزگار کرد"[٥٥].

## ئاڕاستە و ڕێڕەوی ئایدۆلۆژی کۆمەڵە لە قۆناغی سێیەم

لەم قۆناغەدا نەوشیروان مستەفا، لە ساڵی ١٩٧٨دا دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە و کۆبوونەوەی گوندی شێنێ لە ساڵی ١٩٧٨ ناوی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان دەگۆڕدرێت و دەبێتە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، هەروەک بڕیاردرا کە ماویزم وەک ئەزموونێکی لۆکاڵ نەک وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی ئایدۆلۆژیا سوودی لێ وەربگیرێت. لە پاڵ ئەوەشدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە "کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی مارکسی-لینینی یە، بەپێی جیهانبینی مارکسیزم-لینینیزم دامەزراوە و کار ئەکات"[٥٦]. هەروەک یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ساڵی ١٩٨١دا کە بە جۆرێک لە جۆرەکان شەرعیەتدان بوون بە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی شێنی، دیسان ئەوە

دووپاتکرایەوە کە "کۆمەڵە تەنیا مارکسیزم-لینینیزم بە سەرچاوەی ئەسڵی بیروباوەڕو بنچینەیی تیۆری خۆی ئەزانێ و ئەوانی تر تەجروبە و تاقیکردنەوەی ناوچەیی کرێکاران و گەلانن لە کات و شوێنی تایبەتی خۆیاندا ئەبێ کەڵک لە لایەنە سەرکەوتووەکانی وەربگیرێ و لایەنە ژێرکەوتووەکانیشی ڕەت بکرێتەوە"[٥٧].

تەواوی ئەو سێ قۆناغە لە مێژووی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی کۆمەڵەدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە کۆمەڵە وێڕای هەموو ئەو هەلومەرجەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لە پەرەسەندن و گەشەکردنی خۆیدا بووە، لەگەڵ ئەم گەشەکردنە و بە پێی بارودۆخ و سەرکردایەتیە یەک لە دوای یەکەکان، گفتوگۆ و پێداچوونەوەی فیکری کراوە.

ئەوەی لە پەیوەندی کۆمەڵە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، یاخود بڵێین کاریگەری کۆمەڵە بە سەر یەکێتییەوە گرنگە، پێدەچێت پیشاندانی یەک خاڵی جەوهەری بەس بێت بۆ ئەوەی شوێن و پێگەی ئەو کاریگەرییە بەدیاربخەین، کە ئەویش بریتییە لە کەسێتی (مام جەلال). ئەمە چۆن روون بکەینەوە؟

تـا ئەو کـاتەی مـام جەلال ڕێوشـوێن و بەرنـامە و سیاسـەت و سـتراتیژی بەرەیەکـی نیشـتمانیی فـراوان بەڕاوێـژ لەگەڵ سـەرکردایەتی کـۆمەڵە دادەنێت، هێشـتا پێیەکی لە ناو کۆمەڵەدایە. هەر ئەمەشـە وادەکات کۆمەڵە لەگەڵ هـاتنە دی ئەو بەرە نیشـتمانییە فـراوانەدا، جـگە لەوەی کۆمەڵە یەکەم ڕێکخراو دەبێت دێتە نـاو ئەو بەرە نیشتمانییە کە دواجار خۆی لە نیمچە بەرەدا دەبینێتەوە، لە هەمانکاتـدا پێشـمەرگەکانی دەنێـرێتەوە دەرەوە بـۆ ئەوەی کە خۆیان ڕێکبخەن و بانگەشـە بۆ پێکهێنـانی ئەو بەرە نیشـتمانییە بکەن. لەم ڕووەوە مـام جەلال ئەو هـێڵە گشتیەیە کە کۆمەڵە بە یەکێتی دەبەستێتەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات دواتر مام جەلال بگاتە ئەو باوەڕەی کە کۆمەڵە بە نـاوک و جەوهەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بزانێت.

## یەکێتی و ئەندێشەی مارکسیستی

گـرنگە لەسـەرەتاوە بەر لەوەی بـاس لە سیسـتمی فیکـری و ئایـدۆلۆژیی سـەرەتای دامەزرانـدنی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بە دواوە بکەیـن، کە خـۆی لە

سیستمی ئایدۆلۆژیی مارکسیزمی شێوەی چینیی ماوتسی تۆنگ بەر لە شۆڕشی چین دەبینییەوە. ئەو پرسیارە بووروژێنین، کە بۆچی یەکێتیی ئەوەندەی خۆی لەژێر کاریگەری مارکسیزمی شێوەی چینی دەبینێتەوە، ئەوەندە لەژێر کاریگەری مارکسیزمی شێوەی یەکێتیی سۆڤێت بەتایبەت نابینێتەوە؟. لە پاڵ ئەمەدا پرسیارێکی تر کە گرنگی خۆی بۆ ئەم بابەتە زیاتر بەدیار دەخات بریتییە لەوەی کە ئایا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا کۆتایی ساڵانی سەدەی ڕابردوو لە ڕووی سیستمی فیکری و ئایدۆلۆژییەوە، خاوەن ناسنامەیەکی مارکسی بووە یاخود نا؟.

بەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ بڵێین، ئەگەر جەوهەری مارکسیزم بەو جۆرە بخەینە ڕوو کە جەخت لە خەباتی چینایەتی دەکاتەوە، بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە حزبێکی شۆڕشگێڕی نیشتمانی-نەتەوەیی بووە، ئەمە چۆن دەکرێت پاسا و بدرێتەوە؟

ئەگەر لە پێکهاتەی دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕوانین، ئەوا ناتوانین بڵێین یەکێتی بەدەر بووە لە چوونە ژێر کاریگەریی فیکر و ئایدۆلۆژیای مارکسی بۆ دارشتن و بیرکردنەوە لە ئەزموونێکی نوێی حزبایەتی و خەباتی سیاسی. ئەو ئەزموونە کاریگەری هەردوو ڕەوتی سۆڤێت و چین-ی لەسەر بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی چ مام جەلال و چ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، زیاتر لەژێر ڕەوت و ئەزموونی چینی دا بوون، ئەوا بێگومان لە پێکهاتەی دروستبوونی یەکێتیدا زیاتر بە مارکسیزمی شێوەی چینی کاریگەر بووە.

مام جەلال لە کتێبی (دیداری تەمەن)دا، ئاماژە بە وتارێکی ستالین دەکات، کە مارکسی لینینییەکانی لە وڵاتانی دواکەوتوودا بە سەر سێ شێوە کارکردن دابەش کردووە.

"یەکەم: ئەو وڵاتانەی، کەپرۆلیتاریا تیایدا گەشەی کردووە و وەکو چینێک هاتۆتە مەیدان و جووڵانی هەیە و سیمای تایبەتی خۆی هەیە، (وڵاتی هیند بە نموونە ئەهێنێتەوە) و ئەڵێ ئەبێ حیزبی شیوعی هەبێ.

دووەم: ئەو وڵاتــانەی، تێیــدا پرۆلیتاریــا هەیە، بەڵام هێشتا وەکو چینێک گەشـەی نەکردووە و تـاقیکردنەوەی سیاسـی و نەقابی نییە، ئەکرێ دوو بـاڵ بن لە نـاو یەک حیزبــدا، (کۆمــاری چینـــی ئەو ســـەردەمە بە نمـــوونە دەهێنێتەوە).

سـێیەم: ئەو وڵاتـانەی، چینـی کرێکـار هێشـتا گەشـەی نەکردووە و نەبۆتە چینێکی ڕێکوپێک کە سیمای تـایبەتی خـۆی هەبێـت، بـۆ کەسـانی مارکسـی لینینـی باشـترە، ڕێکخراوێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ دروست بکەن"[٥٨]. ئەم تیــۆرییە وەک مــام جەلال خــۆی ئامــاژەی پــێ دەدات، سەرچاوەی فیکری و ئایدۆلۆژی پارتی بوو. کە بێگومـان ئەم جـۆرە داڕشـتنە بـۆ رێکخـراو و گـرووپە مارکسـی-لینینییەکــــان، لەلایەن ســــتالینەوە کـــــاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی بە سەر بیرکردنەوەی مام جەلال هەبووە و کەڵکـی لـێ وەرگرتـووە، چـونکە بیرمـان نەچێـت مـام جەلال جگە لەوەی لەژێر کاریگەری ماویزم و ئەزموونی چـین دابـووە، بەڵام بە گـرنگییەوە سـەیری مارکسـیزم-لینینیزمی دەکرد، بۆ ئەمە نابێت ئەو بابەتەی مام جەلال

نادیـده بگـرین، کە بە نـاوی خـوازراوی (توانـا) لە ژمـارە یەکی گۆڤاری کۆمەڵە دا لەژێر نـاوی (چۆن مارکسـیزم-لینینیـزم فێـر ئەبـین)[٥٩] دەنووسـێت و بـاس لە بـایەخ و گرنگی مارکسیزم-لینینیزم دەکات.

بەڵام ئەزمـوونی دووەم، کە کـاریگەریی راسـتەوخۆی بە سـەر پێکهـاتە و تەنـانەت سیاسـەت و ئایـدۆلۆژیا و ئەدەبیاتی یەکێتییەوە هەیە، ئەزموونی چینە بەڕابەرایەتـی ماوتسی تۆنگ.

کۆلاکۆفسـکی لە بەرگـی سـێیەمی کتێبـی (جریـان هـای اصـلی در مارکسیسـم) ئامـاژە بەوە دەدات کە "شۆڕشـی چین یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی سـەدەی بیسـتەمە، کە تیـۆری ئەو شۆڕشـە بە مـاویزم بە ناوبـانگە، بە جۆرێـک بـوو بە یەکێـک لە هۆکـارە سـەرەکیەکانی نـاکۆکی نێـوان بیروبۆچوونەکانی هاوچەرخ"[٦٠]. کۆلاکۆفسکی لەو کتێبەدا ئەگەر چـی مارکسـیزمی شـێوەی چینـی بە مارکسـیزمی لادێی نـاو دەبات، بەڵام لە پاڵ ئەوەدا ماوتسـی تۆنـگ بە یەکێـک لە بەهێزتـرین و بە توانـاترین کەسـایەتییەکانی سـەدەی بیستەم دەبینێت، کە کـاریگەری لەسـەر زۆرینەی

خەڵکی کردبوو، جگە لەوە پێی وایە کاریگەری فیکری و ئایدۆلۆژیی ماوتسی تۆنگ نەک بە تەنیا لە چین، بەڵکو لە ناوچەکانی دیکەی جیهانی سێیەم جێگەی بایەخپێدان بوو.

لەسەرێکی تر کۆلاکۆفسکی پێی وایە؛ ماویزم شتێک نییە جگە لە دووبارەکردنەوەیەکی سادەڕوانینانەی هەندێک لە خوێندنەوە دیار و ئاشکراکانی لینینیزم-ستالینیزم، دەربارەی مارکسیزم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەو تازەگەریە دەدات کە ماو هێنایە ناو ئوسوڵی ستراتیژیی مارکسیستی، کە یەکێک لەو تازەگەریە ئەوە بوو، ماو بە پێچەوانەی مارکس و لینین، ڕۆڵی لادێنشینانە (جوتیاران) بە ڕۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخ دەزانی، ئەمە بەتایبەت لەوەدا زیاتر ڕەنگی دایەوە کە دواجار شۆڕشی چین، شۆڕشێک بوو کە لە گوندەکانەوە بەرەو شار هات. ماو "باوەڕی تەواوی بەلێهاتوویی شۆڕشی گوندنشینان هەبوو، ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە چینی کرێکاران لە چین سنووردارو بچووکن، بەڵکو ئەو باوەڕەی لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بوو"[٦١].

لەگەڵ ئەوەشدا ماو لە ساڵی ١٩٤٠ لە نووسینێکیدا لەژێر ناوی (سەبارەت بە دیموکراسی نوێ) دەڵێت: "شۆڕشی چین لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی لادێیە و لەسەر خواستەکانی گوندنشینان وەستاوە، کە لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕش دەسەڵات بە ئەوان دەدات، لە هەمان کاتدا دەیوت دژ بە ژاپۆنییەکان دەبێت بەرەیەکی یەکگرتوو، کە پێکهاتبێت لە گوندنشینان (جوتیاران، کرێکاران، بۆرژوازی بچوک و بۆرژوازی نیشتمانی"[٦٢]. پێکبهێندرێت.

لەم ڕووەوە کاریگەریی مارکسیزمی شێوەی چینی-ماوستی تۆنگ زیاتر لە کارنامە و پێکهاتەی دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک نیمچە بەرەیەک ڕەنگی داوەتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە دەتوانین بڵێین کە "ناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" لەسەر داهێنانێکی زۆر عەبقەریانەی مارکسی بوو"[٦٣]. بەتایبەت لەوەدا کە ماوتسی تۆنگ باس لە چوار چینەکە دەکات. واتە (جوتیاران، کرێکاران، بۆرژوازی بچووک و بۆرژوازی نیشتمانی). ئەم چوار چینە سێ جار و لە سێ لایەنەوە سەبارەت بە شۆڕشی نوێی کوردستان جەختی لەسەر کراوەتەوە.

**یەکەم:** لە لایەک مـــام جەلال لە نـــامیلکەی (یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان بـــۆچی؟) کاتێـــک کە پێناســـە و شرۆڤەی چینەکان دەکات و ئەرک و گرنگی و بایەخیان لە بـزووتنەوەی رزگـاریخوازی کـورد و شـۆڕشـی نوێـدا دیاری دەکات، بەم جۆرە دابەشیان دەکات: (جوتیاران، کرێکـــاران، وردە بـــۆرژوازی شـــار و لادێ، بـــۆرژوازی نیشـتمانی). ئەوەی گـرنگە لەو دابەشـکارییەی مـام جەلال بۆ چینەکان ئەوەیە، کە بە بایەخەوە لە ئەرکی مێژوویـی چینی جوتیاران دەڕوانێت، چونکە پێی وایە بزووتنەوەی رزگـــاریخوازی گەلـــی کـــورد لە جەوهەردا بـــزووتنەوەی جوتیارانە.

**دووەم:** دابەشکاری بۆ چینەکان خۆی لە (پەیڕەو و پڕۆگرامـــی یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان) لە ســـاڵی ١٩٧٦دا دەبینێـــتەوە، کە لە خـــاڵی (٦)دا هـــاتووە: "ئەبـــێ هەمـــــوو هێـــــزە نیشـــــتمانییەکان و هەمـــــوو چیـــــنە نیشـــتمانپەروەرەکانی گەل لە بەرەیەکـــی ڕزگـــاریخوازی فراواندا کۆببنەوە، کە بنچینەکەی هاوپەیمانیی کرێکاران و جوتیـــــاران بـــــێ، کە بەشـــــی هەرە زۆری گەلـــــن و

چەوساندنەوەی نەتەوەیی و زۆرلێکردنی چینایەتییان بە سەرەوەیە و هێزی سەرەکی خەباتی نیشتمانی و دیموکراتین، ئینجا هاوپەیمانیی ئەمانە لەگەڵ بۆرژوازی بچوک و بۆرژوازی نیشتمانیی پێشکەوتووی شارەکان"[٦٤]. دەتوانین بڵێین ئەمە هەمان ئەو ڕیزبەندیەیە کە مام جەلال ریزی کردوون.

سێیەم: ئەو دابەشکاریەی کە (شەهید ئارام) لە ساڵی ١٩٧٧دا "لە دووتوێی وتارێکدا دەربارەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و شۆڕش، کە لە ڕۆژنامەی (ئاڵای شۆڕش)دا بڵاوکراوەتەوە، چینە چەوساوەکان بەم جۆرە ریز دەکات، کە بریتین لە کرێکاران، جوتیاران، بۆرژوازی بچوک و باڵی چەپی بۆرژوازی نیشتمانی"[٦٥]. دیسانەوە ئەم ڕیزبەندییەی (شەهید ئارام) بۆ چینەکان لەژێر هەمان بیروبۆچوونی ماوتسی تۆنگ دابوو، بەهەمان شێوە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە"دەکرێ لەم چوار چینە بەرەیەکی یەکگرتوو بە سەرکردایەتیی چینی کرێکار و حزبە پێشڕەوەکەی پێک بێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی قۆناغی شۆڕشی دیموکراتی گەل"[٦٦].

بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر چی لەو قۆناغەی یەکێتی تیایدا دامەزرا، چەندین هێڵ و ڕەوتی فیکری و ئایدۆلۆژی، بەتایبەت هێڵی سۆڤێت و چین، کە قورسایی زیاتریان لە ناوچەکە و کوردستان بە هەمانشێوە هەبوو، بەڵام هێڵی چەپی چینی کە زیاتر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت لەناو بزووتنەوە شۆڕشگێڕە نیشتمانییەکاندا جێگەی بایەخ و گرنگی زیاتر بوو، بەهەمانشێوەش کاریگەری بە سەر دیاریکردنی ئاڕاستەی فیکری و ئایدۆلۆژی یەکێتییەوە، چ لە شێوەی خەبات، چ لە پرسی لایەنگری جیهانی و ناوچەیی، چ لەسەر ئاستی گوتاریدا هەبوو. "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هەڵکەوتێکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازانەی هەبوو، هێڵێکی فکریی پێشکەوتنخوازانە و گوتارێکی چەپی تەبەنی دەکرد"[٦٧]. هەروەک "ئەو ئایدۆلۆژیایەی لەو قۆناغەدا دەیتوانی ببێتە دەربڕی ئەو چەمکە شۆڕشگێڕییە، ئایدۆلۆجیای پێشکەوتنخوازی (مارکسیزم)بوو"[٦٨].

لێرەوە ئەگەر وردتر لە گوتار و سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕوانین، دەبینین کە چەمکی (پێشکەوتنخوازی) لەو خوێندنەوەیەی کە لەناو یەکێتیدا بۆی دەکرێت، چەمکێکە لە ناوەڕۆکدا دەلالەت لە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم دەکات. هەروەک بەکاربردنی ئایدۆلۆژیای مارکسیستیشە بۆ مانایەکی نوێی خەبات و تێکۆشان، چونکە یەکێک لە خاڵە جیاکەرەوەکانی گوتاری نوێی سیاسیی یەکێتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی قۆناغی شکستی جووڵانەوەی ئەیلول، بریتییە لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ، ئەم نوێبوونەوەیەش بۆ قۆناغی ئەو کات، هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لە گرتنەبەری ڕێباز و ئایدۆلۆژیای مارکسیستی. لە ناویشیاندا مارکسیزمی چینی.

ئەم ناچاریە وا لە یەکێتی دەکات، لەژێر کاریگەری و ڕێبازی مارکسیزم لە ناوچەکە و جیهاندا هاوپەیمانە بابەتییەکانی خۆی دەستنیشان بکات، کە بریتین لە: (وڵاتە سۆسیالیستەکان، چینی کرێکاری وڵاتە سەرمایەدارەکان و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی جیهان). هەروەک لە (پەیڕەو و پرۆگرامی) ساڵی ١٩٧٦ی یەکێتیدا جەخت

لەسەر پەیوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی و جیهانی کراوەتەوە، کە جگە لە پتەوکردنی پەیوەندیی ڕیزەکانی گەلی کورد، لە کوردستانی عیراق و بەشەکانی دیکە، لەسەر ئاستی ناوچەیی "پێکەوە گرێدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازو شۆڕشگێڕانەی عەرەب، فارس، تورک، ئازەری، بلوچ و گەلەکانی تر بۆ شکاندن و دەرکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕووخاندنی حوکمی چینە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، تەواوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانیی سیاسی و ئابوری و گەشەپێدانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتدا"[٦٩]. بە گرنگ دەزانێت. لەسەر ئاستی جیهانیشدا یەکێتی جەخت لەسەر "پێکەوە گرێدانی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی دنیای سێیەم، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری وڵاتانی سەرمایەداری و دەوڵەتە سۆسیالیستەکان"[٧٠]. دەکات و وەک مەرجی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی دەزانێت.

سەبارەت بەوەی ئایا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەتاوە نیمچە بەرەیەکی مارکسی بووە و خۆی بە بزووتنەوەیەکی مارکسی زانیوە، بەتایبەت کە جەوهەری مارکسیزم جەخت لە خەباتی چینایەتی دەکاتەوە؟ بۆ پاساودانی ئەمە دووبارە لایەنێکی گرنگی (پەیڕەو و پڕۆگرامی) ساڵی ١٩٧٦ دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بزانین یەکێتی چۆن لە یەک کاتدا خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

(لە پەیڕەو و پڕۆگرام)دا ئاماژە بەوە دراوە، یەکێتی بۆ ئەوە دامەزراوە ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەسەر چەند بنچینەیەک واقیعی نوێ و ئەوتۆ رێکبخاتەوە، کە بگونجێن لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی گەلی کورد. لەوێدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە:

**یەکەم:** کۆمەڵی کوردستان، کۆمەڵێکی داگیرکراو و.....، کە کشتوکاڵ بەشێکی گرنگی ئابوورییەکەی پێک ئەهێنێ.

**دووەم:** ئیمپریالیزم و چینەکانی بۆرژوازی بیرۆکراتی و کۆمپرادۆر و زەویدار، هاوپەیمانی ئیمپریالیزمی ئەمریکان، کە مافە نیشتمانییەکانی گەلی کوردیان زەوتکردووە[٧١].

لەبەر رۆشنایی ئەم دوو خاڵە، یەکێتی پێی وایە لە کوردستان دوو ناکۆکی سەرەکی بوونیان هەیە:

- ناکۆکیی نێوان گەلەکەمان و چەوسێنەران و زەوتکەرانی مافە نەتەوەیی و دیموکرایەتییەکان.
- ناکۆکیی نێوان جەماوەری گەلەکەمان و دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیی کۆمپرادۆر....[٧٢]

ستراتیژی سەرەکی بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم دوو شتە سەرەکییە، یەکەمیان لەناوبردنی هێزە داگیرکەرو چەوسێنەرەکان، دووەمیان لەناوبردنی دەرەبەگایەتی و پەیوەندیی خێڵەکی و چاککردنی بنەڕەتیی کشتوکاڵ لە کوردستاندا.

لەم ڕووەوە یەکێتی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە "شۆڕشەکەمان هەم ڕزگاریخوانەی نیشتمانییە و هەم دیموکراتی نوێیە، کە دوو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی تێدا کۆبۆتەوە و بەجۆرێکی ئۆرگانی (عضوي) پێکەوە گرێدراون و پێکداچوون. ئەوانیش: شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی و شۆڕشی کشتوکاڵین، کە ئەگەر یەکێکیان لەوی تریان جیابکرێتەوە ئەبێتە هۆی شکانی"[٧٣]. لەم

ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەئاشکرا ئەوەی رانەگەیاندبێت کە شۆڕشەکەی پەیڕەوی لە مارکسیزم دەکات، ئەوا لە ناوەڕۆکدا ناتوانین بڵێین بەدەربووە لە کاریگەریی و سوود وەرگرتن لە مارکسیزم، بەتایبەتی ئەگەر بەگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی (بەرەی نیشتمانی) کە یەکێتی لەسەر دامەزراوە."لە تیۆری ماویدا لە چوارچێوەی رزگاری خەباتی نیشتمانییدا، هەمیشە باس لە بەرەی نیشتمانی دەکرێت، بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیی وەکو قۆناغێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەو قۆناغە لە ڕزگاری و دیموکراتیدا. لە وێوە کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کە دامەزراوە وەک ڕێکخراوێک نەک وەکو حزبێک لە کوردستان دامەزراوە. چونکە ئامانجە مەرکەزیەکەی بریتی بوو لە خەبات کردن بۆ خۆشکردنی زەمینەی هاتنە دی پارتی پێشڕەو، پارتی پیشڕەو بە مانای پارتی چینی سەربەخۆی کرێکاری کوردستان. ئەمە لە خۆیدا تێڕوانینێکی مارکسیستیانەیە بۆ پارتی پێشڕەو، بۆیە مام جەلال لەم تێڕوانینانە بەدەر نەبووە، بەڵکو خۆی تیایدا

بـــووه. لەبەر ئەوە کاتێـــک یەکێتـــی دادەمەزرێـــت لە چوارچێوەی بیرۆکە ماویستیەکەیە خۆی دەبینێتەوە"[٧٤].

یەکێتی لە ساتەوەختی دامەزراندنییەوە چەندە جەختی لە خەبـاتی رزگـاریی نەتەوەیـی و نیشـتمانی کـردۆتەوە، ئەوەنـدەش جەختی لەسـەر خەباتی چینایەتی کـردۆتەوە، بەتایبەت هەماهەنگی نێوان چینی جووتیاران و کرێکاران بـۆ راپەڕانـدنی ئەرکـی مێژوویـی خۆیـان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێک خوێنـدنەوەی تـر هەیە کە پێیـوایە" لە ڕووی پراکتیکـی و سیاسـییەوە ئەوەی کە پێـی دەڵـێن خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەناو خەباتی چەکداری کە لە سـاڵی 1976وە دەسـتی پێکـردووە، ئامـادەیی نەبـووە، بەڵکـو ئەوەی هەبـووە خەبـاتێکی نیشـتمانیی نەتەوەیـی بـووە، بەرامـبەر بە حکـومەتی بەعـس، چـونکە ئایـدۆلۆژییە نیشـتمانییە نەتەوەییەکە بەسـەر ئایـدۆلۆژییە مارکسیسـتییەکە زاڵ بـووە"[٧٥]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دیسـانەوە نـاتوانین نکـۆڵی لەوە بکەیـن ئایـدۆلۆژیای مارکسیستی ئامادەیی و کاریگەری خۆی نەبووە، چـونکە بە تەماشـاکردن لە ئەدەبیـاتی یەکێتـی و کـۆمەڵە، کە هەر

لەســـەرەتاوە لەژێــر ناســـنامەی مارکســـیەتدا خۆیـــان ناساندووە، ئەو راستیە دووپاتدەکاتەوە.

لەبەر ئەوە ئەگەر یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان لەســـەرەتا سیاســـەت و ســـتراتیژو گوتـــار و پێکهـــاتەی رێکخستنی خۆی لەژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیا و شـێوازی بزووتنەوە شۆڕشگێرییە مارکسیستییەکان پێکهێنابێت، کە لەیەک کاتدا جەخت لەسەر خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەش کە لە ڕووی پراکتیکـــی و سیاســـیەوە ئەوەی کە پێی دەڵێن خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە ناو خەبـاتی چەکـــداری کە لە ســـاڵی ١٩٧٦وە دەســـتی پێکـــردووە ئامـادەیی نەبـووە، ئەوا نـاتوانین بڵێـین کە یەکێتـی، چ لە ڕووی پێکهـــاتەی رێکخـــراوەییەوە، چ لە رووی گوتـــار و ئەدەبیـــاتی سیاســـییەوە، کە تـــاوەکو رووخـــانی یەکێتـــی سـۆڤێت بەردەوامـی هەبـوو، ناسـنامە و ئایـدۆلۆژییەکی مارکسیســـتیانەی نەبـووە، بەتـاییەت ئەگەر سـەیری ئەوە بکەین کە لە ساڵی ١٩٨٩وردە وردە ئەو بیرۆکەیە لە نێو یەکێتـــی ســـەریهەڵدا کە بـــزووتنەوەی سیاســـی کـــورد

پێویستی بە ئۆرگانێکی تازەیە تا بتوانێ باشتر لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بسازێت و کەمتر ڕەنگی چینایەتی و ئایدۆلۆژی پێوەدیار بێت.

# بەشی سێیەم

## قۆناغی نوێی گوتاری سیاسیی یەکێتی

لەم بەشــەدا دەڵێــین: بــۆچی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان، دوای نـزیکەی پـانزە سـاڵ لە کەوتـنە ژێـر کــاریگەریی ئایــدۆلۆژیای مارکسیســتی، پشــت لەو ئایدۆلۆژیایە، لە مەسەلەی گوتاری سیاسی و پێکهاتەی ڕێکخراوەیــی سیاســی دەکــات و ڕوو لە هەڵبژاردنــی بەرنامە و ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی، دەکات.

پێشـووتریش وتمـان، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هەر لەسـەرەتای دامەزرانـدنییەوە وەک نـیمچە بەرەیەک، بەو پێــیەی بەشــێکی زۆر لە کارەکتەرەکــانی لەژێــر کـاریگەریی بیروبۆچـوون و ئایـدۆلۆژیای مارکسیسـتی دابــوون کە لە نێویانــدا (مــام جەلال) ڕۆڵــی کــاریگەری هەبووە، بەرگێکی مارکسی پێوە دیار بووە و ئاڕاستەی خەباتی خۆی دیاری کردووە، کە لە یەک کاتدا خەباتی چینایەتی و خەباتی نیشتمانی بەیەکەوە گرێدابوو. جگە لەوەی لە پێکهــاتە و دروســتبوونییدا لەژێـر کـاریگەریی

خەباتی مارکسیستە چینییەکاندا بوو لە مەسەلەی دروستکردنی بەرەیەکی فراوانی نیشتمانیدا کە دواجار هەوڵ بۆ بەدیهێنانی پارتێکی پێشڕەو دەدات.

یەکێتی کە دامەزرا، تەواو پێچەوانەی ئەو رەوتەی جووڵانەوەی ئەیلول بوو، بەتایبەت لەوەدا کە دژایەتی خۆی بۆ شای ئێران و تورکیا و ئیسرائیل و بەرەی ئیمپریالیستی بەگشتی راگەیاند، بەرگری لە خەباتی سۆسیالیزم و جیهانی پێشکەوتنخواز و خەباتی فەلەستینییەکان و کرێکارانی وڵاتانی سەرمایەدار دەکرد. ئەمە یەکەم گۆڕانکاری گەورە بوو لە گوتاری سیاسیی کورد لەو قۆناغەدا. بۆیە لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی، دابڕانێکی گەورەش لە گوتاری سیاسی و هاوپەیمانیی سیاسی کورد بۆ قۆناغ و سەردەمێکی نوێ روو دەدات.

بە دیاریکراوی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٩دا، دوای نزیکەی پانزە ساڵ لە بەردەوام بوون لە خەباتی سیاسی و چەکداری، بەهۆی فاکتەرە دەرەکی و لۆکاڵییەکانەوە، بیر لە قۆناغی تێپەڕاندن و لەسەر خۆ لادانی ئەو ناسنامە مارکسییە دەکاتەوە کە بنەمای پێکهاتە حزبیەکەی بوو. یەکێتی ئەو کاتدا لەو

باوەڕەدا بوو کە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەکەدا، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری گەورە بەڕێوەیە و بۆ ئەمەش بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێویستی بە ئۆرگانێکی تازەیە بۆ ئەوەی باشتر بتوانێت خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بسازێنێ. لەبەرئەوە گرنگ بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەمتر ڕەنگی چینایەتی و ئایدۆلۆژی پێوە دیار بێت. بەو مانایەی کە ساڵی ١٩٨٩ لە مێژووی ناسنامەی فیکریی یەکێتی بە مێژووی پشتکردنە ئەندێشەی مارکسیزم و چەپ دێت. یان بە جۆرێکی تر کۆتایی بە خەباتی ناسیۆنالیستی چەپڕەوانە دێ و کەم کەم ڕوو لە ڕێباز و بەرنامەی سۆسیال دیموکراتی دەکات. بەمەش گۆڕانێکی چۆنایەتی لە گوتاری سیاسیی یەکێتی هێنایە ئاراوە، چونکە بە باوەڕی یەکێتی قۆناغەکە لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی هەلومەرج و گۆڕانکاری گەورە دەبێتەوە، بۆیە ناکرێت یەکێتی بەهەمان ئامرازو گوتاری سیاسی کۆن کە لەساڵی ١٩٧٥ەوە پەیڕەوی لێ دەکرد، لەم قۆناغەدا کە قۆناغی ڕووداوە گەورەکانە خۆی لەگەڵ باردۆخی نوێدا نەسازێنێت.

## یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چەپەوە بۆ سۆسیال دیموکراتی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدوای راپەڕینەوە خۆی وەک حزبێکی سۆسیال دیموکرات پێناسە کردووە و ناساندووە، کە ئەمە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا لە ساڵی ١٩٩٢ جێگیر کرد و خۆی وەک ڕێکخراوێکی فرەمینبەریی سۆسیال دیموکرات ناساند.

دیارە "ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە فیکرییە هەر لە خۆڕاو خۆڕسکانە نەبووە، بەڵکو دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی هەلومەرجە تازەکانی دونیای ئەو کاتە بوو، بەتایبەتی هەرەسهێنان و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت، کۆتایی پێهاتنی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی سیستمی جیهانیی تاک جەمسەری و برەوسەندنی نموونەی دیموکراسیی لیبراڵی و پاشەکشەی نموونەی سۆسیالیستی و سیستمە تۆتالیتاری و دیکتاتۆرییەکان"[٧٦].

لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١وە روویاندا، بە پلەی یەکەم خۆی لە شکستی یەکێتی سۆڤێت، وەک بلۆکی

سۆسیالیستی دەبینییەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و دروستبوونی جەنگی سارد، ڕووخان و لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکاریی سیاسی نێودەوڵەتی سەدەی بیستەم بوو، کە بووە هۆکاری کۆتایی هێنان بە شەڕی (٤٥) ساڵەی جەنگی سارد و سیستمی دوو جەمسەریی جیهان و لەگەڵ خۆیدا هەلومەرجێکی نوێی بە بەر سیستمی نێودەوڵەتیدا کرد.

وەک چۆن لەگەڵ شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ یەکەمین سیستمی سۆسیالیستی جیهان لە ڕووسیا پێکهات، بەهەمانشێوە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی هاووڵاتیانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەهەمانشێوە لەلایەن ڕووسیاوە بە ناچاری بوونە کۆمۆنیست. بەم جۆرە و لە دوای دوو جەمسەری بوونی سیستمی نێودەوڵەتی نزیکەی نیوەی وڵاتانی جیهان لە ڕێی کۆمۆنستیتەکانەوە بەڕێوە دەبران. بۆیە کاتێک یەکێتی سۆڤێت لەسەر دەستی دوایین نوێنەری کۆمۆنیستی (گۆرباچۆف) ڕووبەڕووی ڕووخان دەبێتەوە بە یەکێک

له گرنگترین ڕووداوەکانی سەدەی بیست دەژمێردرێت کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر لایەنی سیاسی، ئابووری و ئایدۆلۆژی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دروست کرد.

"ئەمە وایکرد ئەو قۆناغەی لە سالآنی دەیەی (٦٠ و ٧٠) بەتایبەتی بیروباوەڕی مارکسیتسی و سۆسیالیستی کە لە هەموو جووڵانەوە نیشتمانیی و نەتەوەییەکاندا ڕەنگی دابۆوە، لە ئەفریقاوە بگرە تا ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ڤێتنام و...تاد. لە هەموو دنیادا برەوێکی گەورە و زۆری هەبوو، لەو جووڵانەوانەدا ڕێکخراوی مارکسیستی جۆراوجۆر بوونیان هەبووە، واتە چ ئەوەی سەر بە هێڵی سۆڤێتی بێت یان سەربە هێڵی ماوی بووبێت، بەدەر لە جیاوازی ئەو دوو هێڵە، بەلام هەموو ئەمانە دەچوونە خانەی سۆسیالیستییەوە، بلۆکی سۆسیالیستی بە مانای سیستمە کۆمەلایەتی و چینایەتییەکە نا ئەوەی کە لە سۆڤێت هەبوو، بەلام لە چوارچێوەی جووڵانەوە نیشتمانییەکاندا ئەمانە رۆڵ و کاریگەریان هەبوو و زۆر جار رۆڵی سەرەکیان دەبینی.

ئەمە لەگەڵ کۆتـایی پێ هـاتنی جەنگی سـارد دا، تەواوی ئەو هاوکێشەیە گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا هات، لە راستیدا وەک جۆرێک لە ئاشبەتاڵ وابوو! کە کاریگەری بۆ سەر هەموو چەپەکانی دنیا هەبوو، بە جۆرێک هەموو حزبەکانی هێنایە ئاستی دارمان، کە سەرەتا پێ دەچێت دارمـــانێکی رێکخراوەیـــی نەبووبێـــت، بەڵام لەڕووی ئایـــدۆلۆژیەوە ئەمە لە تەواوی جیهانـــدا پاشەکشـــەیەکی گەورەی بە بیروباوەڕ و بیری مارکسی و سۆسیالیستی کرد. لە دەرەنجامدا گەورەترین سەرکەوتن بۆ دنیای رۆژئاوا و سەرمایەداری، بەباوەڕی من ئەوە نەبوو کە سۆڤێت رووخا، بەڵکو شتەکە بریتی بوو لە هەرەس پێهێنانی هزری شۆڕشگێڕی لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە باسم کردن. هزری شۆڕشگێڕی بە مانای دژایەتی کردن و خەبات لە دژی سەرمایەداری و..تاد"[٧٧].

لەم ڕووەوە ئەگەر بەتایبەت تر قسە لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین لە ئاکامی گۆڕانکارییە نوێیەکان کە ڕووی لە ناوچەکە کردبوو، یەکێتی لەڕێی هەردوو فاکتەری دەرەکی و

ناوخۆییەوە، بۆ ئەوەی تووشی دۆگمای فیکری نەبێت، وەک زۆربەی زۆری بزووتنەوە چەپ و مارکسییەکانی ناوچەکە و دنیا، پشتی لە ئایدۆلۆژیا و فیکری مارکسیستی کرد و تەبەنی پەیڕە و بەرنامە و ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی کرد.

"ئەگەر هەر کەسێک سەیری ڕاپۆرتی مام جەلال بکات لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا تەماشا دەکەی هەوڵی چارەسەری فیکری بوونی هەیە، بەداخەوە دەتوانم بڵێم لەو کاتەدا تەنیا مام جەلال لەسەر ئەو مەسەلەیە کاری کردبوو، بۆیە ئەم فکرەیە زۆر دەوڵەمەند نەکرا. بۆ نموونە مام جەلال لە راپۆرتەکەدا دەڵێت: هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی کاریگەرتر دەگێڕێت لە فاکتەری ناوخۆیی، واتە ڕۆڵی ناوخۆیی ئەوەیە کە کۆمەڵگە خۆی بڕیاری خۆی دەدات، بەداخەوە ئەمە خۆی شتێکی ناچارییە، یان هیچ نەبێت ئەم فاکتەرە دەرەکییە دوژمنمان نەبێت، تۆ سەیر بکە بەسێ بەرگ دەوری دەدات (بەداخەوە، بە ناچاری، هیچ نەبێت فاکتەری دەرەکی دوژمنمان نەبێت).

خاڵێکی دیکە هەڵوێستی چەپەکان بوو، هەم لەسەر ئاستی جیهاندا هەم لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبیدا لە ئاستی ئەو کارەساتەی کە بەسەر گەلی کورددا هات، کە چەپەکان لە ئاستی مەنزوومەی جیهانییەوە سەیری ئەو مەسەلەیان دەکرد، نەک لەسەر ئاستی کوردستانەوە، ئەمە بە ئاسانی وایکرد کە یەکێتی خۆی لەو جەبهەیە رابپچکێنیت کە وەفادار نییە بۆ مەسەلەی کورد".[٧٨]

بەم پێیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساتەوەختی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە نێودەوڵەتییەی لە سەرەتای ١٩٩٠وە هاتە ئاراوە، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی قەیرانی دۆگمای فیکری و ناسنامەی ئایدۆلۆژی بێتەوە، بۆ قۆناغ و سەردەمی ئەو کات، بەتایبەت کە هەنگاوەکانی لە خەباتی چەکدارییەوە بەرەو خەباتی سیاسی دەگواستەوە، وا پێویستی دەکرد دووبارە خۆی بەپێی هەلومەرجی نوێی سیاسی ناوچەکە و بارودۆخی نێودەوڵەتی بەگشتی و بارودۆخی هەرێمی کوردستانی دوای ڕاپەڕینیش بە تایبەتتر بگونجێنێت. بۆ ئەمەش بەر لە هەر شتێک بەپێی خواست و هەلومەرجی قۆناغەکە

پێویستی دەکرد یەکێتی دووبارە خۆی لە بەرگێکی نوێی فیکـری و سیاسـیدا پێناسـە بکـاتەوە. بـۆ ئەو کـات لە لایەکەوە کە قۆنـاغی هەڵـوەرینی بـزووتنەوە و حـزبە کۆمۆنست و مارکسیزمەکان بوو، لە لایەکی دیکەوە کە قۆناغی دوای راپەڕین بوو، چیتر ئەو بارودۆخە ڕێگەی بە یەکێتـی نەدەدا بـۆ ئەوەی بەهەمـان گوتـاری بەر لە ڕاپەڕیـن و قۆنـاغی ڕزگـاری بتوانێـت بەشـدار بێـت لە پرۆسەی سیاسی و بنیادنانی حکومەتێکی کوردی.

لەم ڕووەوە یەکێتـی کە ڕوو لە هەڵبژاردنـی ڕێبـازی سۆسـیال دیمـوکراتی دەکـات و پشـت لە ناسـنامەی مارکسیستی دەکات، بەهەمانشـێوەش ڕوو لە خەبـاتێکی نوێی نەتەوەیی و خەباتی کۆمەڵایەتی دەکات. "کەوابوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پاش ڕاپەڕیـن بەرەو حزبێکی سۆسیال دیموکرات وەرچەرخا، کەرەستەیەکی لە مێـژیینەو لەوەو پێشـی فیکریـی و سیاسـیی و زەمینەیەکی لەباری تێدا بووە بۆ تەبەنیکردنی هزری سیاسـیی سۆیسـال دیمـوکرات کە ئەگەر وەریگێـڕینە کرداری دەبێ بڵێین ئەگەر لەو جیهانبینییەی تێدەکۆشێت

بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران لەسەر بنەمای ئاشتی کۆمەڵایەتی و ڕیفۆرمی بەردەوام بەرەو کەمکردنەوەی بەردەوامی کەلێن و قڵشت و جیاوازیی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی لە ڕێگاو لە چوارچێوەی سیستمی کۆمەڵی دیموکراتیکدا"[٧٩].

لە هەمان کاتدا دەشێت باس لەوە بکەین، کە بەهانەیەک لەو بەهانانەی وای لە یەکێتی کرد ڕوو لە هەڵبژاردنی ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی بکات، بریتی بووە لە مەسەلەی (ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە). واتە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە لایەنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی...تاد. کۆمەڵگەی کوردی لە دوای ساڵی ١٩٧٥ وە بەهۆی دەسەڵاتداریێتی ڕژێمی بەعس لە کوردستان و ئەنجامدانی هەموو ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیانەی کە لە بەرامبەر گەلی کورد جێبەجێی کرد، پێویستی بەوە بوو لە قۆناغی دوای ڕزگاریدا (ڕاپەڕین) ڕێکبخرێتەوە. لەم ڕووە لە قۆناغی دوای راپەڕیندا، کە قۆناغی ڕزگاری و بنیادنانەوە و خۆ ڕێکخستنەوە بوو، وەک چۆن نەدەکرا یەکێتی لەسەر هەمان ئاراستەی فیکری سەرەتای

دامەزراندنی واتە ئایدۆلۆژیا و هزری چەپ رووبەڕووی ئەو قۆناغە ببێتەوە، بەهەمانشێوەش نەیدەتوانی بە گرتنەبەری سیستمێکی وەک دیموکراسی- لیبراڵی کە ئامانجەکەی بریتییە لە بەرگریکردنێکی سەرسەختانەی ئابووری و سیاسی چینە دەوڵەمەندەکان ئەو کارە بکات. بەم هۆیەوە یەکێتی کاتێک تەبەنی ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی دەکات بەو مانایەی کە"سۆسیال دیموکراتی ڕێگایەکە بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەو خستنەگەڕی ئابووری، لە پێناو گەلدا. کە بەگشتی ڕێکخەرێکی ژیان و شێوازێکی کاری دیموکراتی و کۆمەڵایەتییە"[٨٠].

لەم رووەوە ئەگەر کەمێک بۆ ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی بگەڕێینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین "سۆسیال دیموکرات، چ وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و چ فەلسەفەش، ئایدۆلۆجی ئەو حزب و ڕێکخراو و بزووتنەوە نەتەوە پەروەرانەیە کە لە مەیدانی هەڵبژاردن و سیاسەتی دوور لە توندوتیژیدا کاریان کردووە و هەوڵیانداوە لە پەرلەمانی وڵاتەکەیاندا هێزو توانا و دەورێکیان هەبێ، بەرێگای دەستوور بگەنە ئەو

ئەنجـــام و ئامانجـــانەی کە لە پەیـــڕەوو پڕۆگـــرامە ناوخۆییەکاندا ڕەنگیان رشتوون"[81].

لەم ڕووەوە ئەگەر ســــــەرنج لە هەردوو چەمکـــــی سۆســـیال و دیمـــوکرات بـــدەین، ئەوا بە ڕوونـــی ئەوە دووپـــات دەبێـــتەوە کە هەردوو چەمـــکەکە بە واتـــای دەســـەڵاتی گەل و خەبـــات لە پێنـــاو پرســـی ئـــازادی و دادپەروەری و یەکسـانی و...تـاد. دێـت لەنـاو کـۆمەڵانی خەڵکـدا. بە مانـــایەکی تـــر دەتـــوانین بڵێـــین سۆســـیال دیموکراتی"بە واتـای دەسـتەڵات و هێزی گەل دێت کە لە خۆیدا ئاماژەیە بە بنەمایەکی سیاسی، کە پێ لەسەر ئەوە دادەگـــرێ، گەل-مـــیللەت بەهـــۆی هەڵبژاردنـــی ئـــازاد لە ڕێگەی نوێنەرانییەوە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بەشداری لە پیادەکردنی هێزی دەستەڵاتدا دەکات"[82].

سۆسیال دیموکراتی وەک حزبی سیاسی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی (١٨٦٩ز) ئەو کـاتەی کە بـۆ یەکەم جار وەک حزب لە شاری (ئایزناخ) دامەزرا، بۆیە "ئەگەر لە ئەزمـوونی چەپەکـانی ئەڵمانیـا وەک نمـوونە بهێنینەوە دەبینین دوو هێزی بەرچاو، لەسەر شانۆی سیاسی، هەر

له ساڵی ١٨٦٣تا ئەمڕۆ، دەوری خۆیان دەگێڕن، ئەم دوو هێزەش سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیستەکانن"[٨٣].

سۆسیال دیموکراتە سەرەتاییەکان، واتە هەموو ئەوانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە دارشتنی بنەما تیۆرییەکانی ئەو حزبەدا، ئەگەرچی بە جۆرێک لە جۆرەکان لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی کارڵ مارکس و ئەنگلس و ڤیلهەم لیبکنێشت و ئۆگست بیبل بوون، هەروەک لەسەرەتاشەوە حزبی سۆسیال دیموکراتی لە ئایزناخ لە لایەن لیبکنێشت و بیبل دامەزراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سۆسیال دیموکراتەکان لە یەکەم هەنگاو و ئاڕاستەی سیاسیاندا، خۆیان بە ڕکابەری کۆمۆنیستەکان زانیووە و هەوڵیاندا خەباتەکەیان خەباتێکی چینایەتی بەخۆیەوە نەگرێت.

"ئەو ئاڕاستە سیاسییە، کە بزووتنەوەیەکی کارای ئەمڕۆی ڕۆژئاوای ئەوروپایە لە چوارچێوەی پارتی سیاسیدا ئایدۆلۆجی خۆی بەرجەستەکردووە، کە لە نێوان بزاڤێکی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز و کراوەیی ئاوێتە کراو بە ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی و

برایەتی دارِشتووە"[٨٤]. هەر وەک "لە مەیدانی سیاسی هەڵبژاردن و دەنگدان و سیاسەتی سیڤیلی دوور لە توندوتیژی لە پەرلەماندا، بەریگای دەستوور دەیانەوێ بگەن بەو ئامانجانەی، کە وەک دروشم لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە دەنگدەرانیان راگەیاندووە و لە پەیرەوو پرۆگرامە ناوخۆییەکانیاندا رەنگیان رشتووە"[٨٥].

لێرەوە ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بکەینەوە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەت کە لە دوای ئەو هەلومەرجە نێودەوڵەتییە تازەیەی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠وە هاتە ئاراوە، دەبینین تەواوی بزووتنەوە و حزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان بەهۆی ئەو هەلومەرجە تازەیەوە لە نێو خۆیاندا رووبەرووی قەیرانی سیاسی و بونیادی فیکری بوونەوە. ئەمەش وایکرد کە هەندێکیان لە ناسنامە فیکرییەکەیاندا گۆرانکاری بکەن و بەردەوام بن، هەندێکیشیان بەرەو هەڵوەشانەوە بچن.

لە دوای یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی لە ساڵی ١٩٩٢ و جێگیرکردنی بەرنامەو ئایدۆلۆژیای رێبازی سۆسیال دیموکراتی، کە جەخت لە جێبەجێکردنی ریفۆرمی

ئابووری و کۆمەڵایەتی و هێنانەدی ژینگە و زەمینەیەکی خۆشگوزەران لە نێوان سەرجەم چین و توێژەکان لەسەر بنەمای عەدالەت و یەکسانی دەکاتەوە، لەسەر ئاستی پەیوەندی سیاسیشدا دەیەوێت لەگەڵ حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا پەیوەندییەکانی پەرە پێ بدات.

مام جەلال لە دوای یەکەم کۆنگرە بەرەو ئەوروپا دەچێت بەشداری لە کۆنگرەی پارتی کرێکارانی بەریتانیادا دەکات. ئەوەی گرنگە لەوێدا بریتییە لە خۆ ساغکردنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێی مام جەلالەوە وەک حزبێکی خاوەن دید و ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموکراتی، چونکە لەوێدا مام جەلال تەنیا کەسی بێگانە دەبێت کە ڕێگەی دەدرێت وتارێک بخوێنێتەوە، وەک مام جەلال ئاماژەی پێ دەکات"لەوێ گوتم جاران خەڵکی کوردستان دەیانگوت هەر شاخەکانی کوردستان پشتیوانتانە، بەڵام ئەوا من ئەمڕۆ دوور لە شاخەکانی کوردستان، لە ناو دۆستان و پشتیوانانی خەڵکی کوردستان دام"[٨٦]. هەر ئەم پەیوەندییە و ڕۆڵی

کارای مام جەلال لە تەواوی کایەکاندا و باوەڕبوونی بە مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیانی نەتەوەکان و پرسی بەشداری ژنان لە ڕۆڵگێڕانیان لە پرۆسەی سیاسی و ...تاد. وایکرد وەک سکرتێری حزبێکی سۆسیال دیموکرات لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە بیست و سێهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەر ناسیۆنالدا بە جێگری ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرێ.

ئەوەی دەمێنێتەوە باسی لێوە بکەین، ئەوەیە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دواین کۆنگرەی خۆیدا کە لە ساڵی ٢٠١٠ لەژێر ناوی (بەرەوگۆڕانکاری و چەسپاندنی یەکێتی ناو یەکێتی) لە شاری سلێمانی بەسترا و لە وێدا جارێکی تر لە پرۆگرامی خۆیدا جەخت لەسەر یەکێتی وەک حزبێکی سۆسیال دیموکراتی دەکاتەوە و دەڵێت:

(بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، عیراق و ناوچەکە، جیهان و تێگەیشتنمان لە بونیادی سۆسیۆ-سیاسی کۆمەڵی کوردستان، ئەوا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

له: پێناسـه: پێویسـته لەبەر ڕۆشـنایی ئەو لێکـدانەوە تیـۆری، سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، ئـابووری و کلتـورییەی سـەرەوە و بەلەبەرچـاوگرتنی ڕەگـی مێژوویـی، وەک ڕێبـازێکی لەخۆنـوێکردنەوە، (ی.ن.ک) بەمجـۆرەی خوارەوە پێناسە بکەینەوە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، حزبێکی سۆسیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عیراقە، لەپێشـەوەدا نـوێنەری کرێکـاران و ڕەنجـدەرانی بیـر و بـازووی کـۆمەڵ تێدەکۆشـێت لە پێنـاو تەواوکردنـی ئەرکەکانی ڕزگاری نیشتمانی و سیستەمی دیموکراسی سکۆلار، بنیاتنانی کۆمەڵی پێشکەوتووی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای دنیادا، درێژەی خەباتە نەپساوەکەی بگاتە وەدی هێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، تا بتوانێت تەبا لەگەڵ بنەماکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هاوسەنگ کە خۆی لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی تاک، یەکسانی ژن و پیاو، یەکسانی لەبەردەم یاسادا ببینێتەوە، هاوکات خەبات دەکات بۆ: دابینکردنی یەکسانی لە دەرفەتەکانی کار، نەشونماکردنی سـەربەخۆیی تـاک، نەهێشـتنی چەوسـاندنەوە، بنەبـڕی

هەڵاودێری رەگەزی و چینایەتی و نەتەوایەتی لە لایەکی تــرەوە: یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســـتان کە حزبێکـــی کوردستانییە و مەیدانی کارکردنی کوردستانی عیراقە و تەواوی عیــراقیش، ئەرکێکــی دیــکەی لە ئەســتۆدایە کــە دابــڕاو نیــیە لە ئەرکەکــانی تــری کــوردایەتی، ئەویــش تێکۆشــانە بــۆ چەســپاندنی کۆمــاری عیراقــی دیمــوکراتی فیـــدراڵی و پەرلەمـــانی کە بنەماکـــانی لە چوارچێـــوەی دەستوردا جێگربووە، چونکە مەیدانی عیراقیش بە بەشێک لەو مەیــدانە ســـەرەکییە دەزانێــت کە تیایــدا بەرگــری لە دەســـتکەوتە دیموکراسـییەکانی گەلانــی عیــراق و گەلــی کوردستان دەکات، تا بنەماکانی هاووڵاتی بوون لە عیراق دا نەبنە بنەمای سڕینەوەی ئەو جیاوازییانەی (تمایز) کە لە دەوڵەتە فرە نەتەوە و فرە ئایین و فـرە مەزهەبییەکانـدا هەن، بەڵکو ببنە بنەمای هاووڵاتی بوونێکی جێگیر لەسـەر بنەمـــای مـــافە مەدەنیـــیە هاوچەرخەکـــان. تەواوی ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە وەک لێکدانەوەیەکی هەمەلایەن، لە هەمان کاتدا، لێکدانەوەیەکی یەک پاکێجی، دەتوانێت ببێتە بنەمـــای جیهـــانبینی سۆســـیال دیموکراتـــانەی یەکێتـــی

نیشــتمانی کوردســـتان، وەک ڕێکخراوێکــی دیمــوکراتی ڕزگـــاریخوازی کوردســـتانی کە سۆســـیالیزم بە مەودا دیموکراتییەکـــــان و دیمـــــوکراتیش بە ڕەهەنـــــدە کۆمەڵایەتییەکـــانەوە دەبەســـــتێتەوە و زەمینەکـــانی گواستنەوەیەکی بێ هەژانی کۆمەڵایەتی زیانبەخش، بۆ سۆسیالیزم، لە ئایندەی دووردا وەدی دێنێ)[٨٧].

# چاوپێکەوتنەکان

بـۆ نووسـینی ئەم تـوێژینەوەیە، تەنیـا گەڕان بەنێـو سـەرچاوەکانی پەیوەست بەم بابەتە بەس نەبوون، بۆیە لە سـەرەتاوە پێمـان وابـوو دەبێت پەنـا بـۆ گفتوگـۆ و چـاوپێکەوتنیش بەریـن، ئەمەمـان کـرد لەبەر ئەوەی، کە چاوپێکەوتنەکـان دەرگـای زۆر پرسـی گرنگیـان بە روودا کردینەوە، تا وردتر و بە دیقەتێکی زیاتر دەست بۆ کەلێن و قوژبنەکانی ئەم بابەتە بەرین.

لەم توێژینەوەیەدا، بە سوپاسـەوە سوودێکی زۆرمـان لە مەودای فیکریـی هەڤـاڵانی بەڕێـز؛ کـاک فەریـد ئەسەسەرد، کاک نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، کاک ستران عەبـدوڵڵا و خوالێخۆشـبوو کـاک عەبـدولڕەزاق فەیلـی ئەنـدامی دەسـتەی دامەزرێـنەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان بینی.

سـێ چـاوپێکەوتنەکەی سـەرەتا، سـێ تێـڕوانین و دنیـابینی جیـاوازن، بەڵام لە چوارچێـوە گشـتیەکەیدا

هیچیان مارکسیست بوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رەت ناکەنەوە، هەر ئەوەش وایکرد بە پێداگیرییەکی زیاترەوە بڵێین یەکێتی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پێکهاتەیەکی سیاسیی بووە، کە لەژێر کاریگەریی ئەدەبیات و ئایدۆلۆژیای مارکسیستی بووە، بەتایبەت مۆدێلە چینیەکەی، کە خۆی لە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ دەبنییەوە.



## چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرید ئەسەسەرد

**(بەرپرسی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)**

-ئەگەر سەرەتا باس لەو بارودۆخە بکەین، کە یەکێتی تێدا دامەزراوە، لە دەرەوەی هەموو ئەو خوێندنەوانەی تاوەکو ئێستا لە رووی مێژووییەوە، سەبارەت بە قۆناغی دوای شکستی جووڵانەوەی ئەیلول و دامەزراندنی یەکێتی کراون، خوێندنەوەی ئێوە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو کات و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چییە؟.

فەرید ئەسەسەرد: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نزیکەی سێ مانگ لە پاش هەرەسهێنانی جووڵانەوەی

ئەیلول دامەزرا، ئەو سێ مانگە تا گەیشتن بەو فۆڕمەی کە یەکێتی پێی ڕاگەیەندرا، بریتیی بوو لە قۆناغی بیرکردنەوە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە یاخود ڕێوشوێنێکی تازەو بڕیاردان لەسەر ڕێکخراوێکی تر، ئەمەش نزیکەی سێ مانگی خایاند تا گەیشتە ئەو فۆڕمەی کە یەکێتی بەو جۆرەی، کە ڕاگەیەندرا بناسرێت و کاری بۆ بکرێت.

لەو سێ مانگەدا بیروڕای زۆر جیاواز هەبوون، کە یەکێتی حزب بێت یان بەرە یا نیمچە بەرە بێت، لە کۆتاییدا و لە پاش تاوتوێکردنی هەموو مۆدێلەکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە یەکێتی وەکو چەترێکی گشت بێت، بەرە نەبێت، بەڵکو نیمچەبەرە بێت و لە چەند باڵێک پێک بێت، ئەو باڵانەش یەکەمجار تەنها کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو، واتا باڵی دیکەی تێدا نەبوو، بەڵام دواتر باڵێکی دیکەشی تێدا زیاد بوو کە لەناو وڵاتدا هەبوو، ئەویش باڵی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو، واتە بوون بە دوو باڵ، دواتر واقیعیەت وایکرد بیر لەوە بکرێتەوە خەڵک هات کە سەر بەهیچ باڵێک نەبوو و هیچ چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی نەیدەگرتنەوە، بەڵکو تەنها

یەکێتی بوون، یەکێتیش بە مانای وشە تەنها حزب نییە، لەبەر ئەوە شتێکیان داهێنا بە ناوی هێڵی گشتی.

هێڵی گشتی بە مانای وشە سیستم و پرەنسیپ و سەرکردایتی و بیروباوەڕێکی دیاریکراوی نەبوو، بەڵام ئەوەی کۆیدەکردنەوە بیروباوەڕی گشتی کوردایەتی بوو، هەر وەک کەسانی دیاریشی تێدا هەبوو، کە دەیانتوانی لە داهاتوودا پەیوەندی بە یەکێک لە لایەنەکانەوە بکەن، یاخود دواتر هەر خۆشیان توانیان شتێکی تازە پێک بهێنن، لەبەر ئەوە هێڵی گشتی هەر لە سەرەتاوە بێ ئەوەی ناوی هەبێت هەر هەبووە، دواتر تا ساڵی ١٩٨٢ یەکیگرتەوە لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیست، بەڵام سەرەڕای ئەوە هەر مایەوە، ئەوانەی کە لە کۆتاییدا نە کۆمەڵە، نە بزووتنەوە نە یەکێتی شۆڕشگێڕان بوون، بەڵکو خۆیان وەکو یەکێتی دەناساند، هێڵی گشتی بوون، بەڵام جیاوازیەکەی لەگەڵ ئەوەی پێشووتر ئەوە بوو، کە وەکو جاران نوێنەریان نەبوو، پێشتر کۆمەڵە و هێڵی گشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیست نوێنەریان لە سەرکردایەتی بۆ دیاریدەکرا،

کە بوون بە دوو باڵی سەرەکی هێڵی گشتی وەکو ناو مایەوە، کە دەتوانین ناویان بنێنین سەربەخۆکانی ناو یەکێتی کە سەر بەهیچ یەکێک لە دوو باڵەکە نەبوون.

بە باوەڕی من وا بۆتۆ باشترە، کە لە بیروبۆچوونی پێنج کەسەکەوە دەست بەلێکۆڵینەوەکەت بکەیت، بۆ ئەوەی بزانیت ستراکچەری فیکرییان چۆن بووە، مام جەلال مارکسیست-لینینست بووە، کۆمۆنیست نەبوو، بەڵام بەبیرکردنەوەی مارکسیستی بووە، کاک نەوشیروان بەهەمان شێوە، عەبدولڕەزاق فەیلی و عادل موراد لە پارتییەوە هاتبوون و ئەو ماوەیەش، کە هاتبوونە ناو یەکێتی و یەکێتیان دامەزراندبوو، هیچ گۆڕانکارییان بە سەردا نەهاتبوو، واتە نەبوونە مارکسیستی و سوسیالیستی، دکتۆر فوئاد رەنگ بێت لە بیرکردنەوە نزیک بوو بێت لە سۆسیالیست یاخود لە سۆسیال دیموکرات، رەنگە خۆی بەو جۆرە بیری لێ نەکردبێتەوە، بەڵام بیروبۆچوونەکانی دەچوونە ئەو ئاڕاستە فیکرییەوە، بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی هەموویانی کۆدەکردەوە ئەوە بوو، کە تێڕوانینێکی

چەپیان بۆ مەسەلەکان هەبوو، هەروەک بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری ئەزموونی شکستی جووڵانەوەیان دەکرد، بۆیە کاتێک هاتن تاوتوێی کۆتایی هاتنی شۆڕشیان کرد، وتیان کورد پێویستی بە سەرکردایەتییەکی تازەیە، کە دەبێت خۆی لە ڕێکخراوێکی تازەدا بنوێنێ، بەڵام ڕێکخراوەکە چۆن بێت؟ ئەوەیان نزیکەی سێ مانگی خایاند تا گەیشتە ئەوەی یەکێتی بەو فۆڕمەی کە پێی ڕاگەیەندرا، دیاری بکرێت.

**- لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دەستەواژەی حزب، یان پارتی پێشڕەو زۆر جەختی لە سەر کرایەوە، هەر وەک لەپاڵ ئەم دەستەواژەیەشدا، یەکێتی خۆی وەک دیاردەیەکی نوێی حزبایەتی دەخاتە ڕوو، بۆ ئەو وەختە دەستەواژەی پارتی پێشڕەو، یان جەختکردنەوە لەسەر دیاردەی نوێی حزبایەتی لە کوردستان، بە دیاریکراوی لە چیدا کورت دەبێتەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** من پێموایە یەکێتی بەو فۆڕمەی کە پێی دامەزرا لەژێر کاریگەریی دوو ئەزمووندا بوو:

یەکێکیان ئەزموونی فەلەستینییەکان و بەدیاریکراوی ئەزموونی ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین بە سەرۆکایەتی یاسر عەرەفات بوو، بەڵام یەکێتی نەیتوانی ئەو ئەزموونە لە نێوخۆیدا جێ بکاتەوە، چونکە ئەمە لە چەند حزبێکی سەربەخۆ دامەزرابوون، یەکێتی دەیویست ئەو ئەزموونە بەهەمان مۆدێل دووبارە بکاتەوە، ئەگەر بۆی ڕێکبکەوێت، بەڵام بۆی ڕێکنەکەوت، کەچی ئەزموونێک بوو بۆی هەبوو کە سوودی لێوەربگیرێت.

ئەزموونی دووەم، ئەزموونی بەرەی نیشتمانیی بوو، کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییدا لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات زیاتر هاتبووە کایەوە، ئەویش ئەوەبوو، کە حزبە کۆمۆنیستییەکان یاخود گرووپە کۆمۆنیستییەکان بەرەیەکی نیشتمانییان بە سەرۆکایەتی خۆیان پێکدەهێنا و چەند حزبێکیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا و وا خۆیان نیشاندەدا، کە ئەوان نوێنەری گەلن، بەڵام یەکێک لە مەرجەکان ئەوەبوو، کە حزبە کۆمۆنیستەکان یان گرووپە کۆمۆنیستەکان خۆیان ڕابەرایەتی ئەو بەرەیە بکەن.

ئەوەی یەکێتــی لە هەردووکیــانەوە نــزیکە، بەهــۆی ئەوەشــەوە ئەگەر ئەدەبیــاتی ســاڵی یەکەمــی یەکێتــی بخــوێنیتەوە هەســت بە بـۆنی مارکســیزم دەکەیـت، هەر وەک تیـۆری پــارتی پێشـڕەو تیـۆریەکە لە ئەدەبیــاتی مارکســی و ئەزمــوونی خەبــاتی وڵاتــانی ئەوروپــای ڕۆژهەڵات لە خەبات دژی فاشیزمی ئەڵمانی وەرگیراوە.

**- بەڵام بۆچوونێک هەیە دەڵێت: یەکێتی مەسـەلەی پارتی پێشـڕەوی لە ئەدەبیاتی پێش شۆڕشی ماوتسی تۆنگەوە وەرگرتووە؟**

**فەرید ئەسەسـەرد:** خۆی ئەزمـوونی ماوتسی تۆنگ لەژێر کاریگەریی بەرەی نیشتمانیی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دایە، لەبەر ئەوە ئەگەر کاریگەرییەکە هی شۆڕشی چین بێت، ئەوە هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر بەرەی نیشتمانیی ئەوروپـــــای ڕۆژهەڵات، بەڵام ئەوەی زۆر کـــــاریگەریی لەسەر ستراکچەری فیکری یەکێتی هەبوو، تیۆری چینە شۆڕشـگێڕەکەیە، کە ئەمە تـا ئەنـدازەیەک نە مـارکس و ئەنگڵـس، نە لینـین باسـیان لێـوەکردووە، ڕەنگبێت لینـین ڕێگەی بۆ خۆشکردبێت، بەڵام بەشێوەی چوار چین ڕێکی

نەخستووە، بەڵکو ئەوەی ئەم ڕێکختسنەی کرد ماوتسی تۆنگ بوو، لە زەمانی مارکسدا دەیانوت یەک چینی شۆڕشگێڕ هەیە ئەویش چینی کرێکارانە، ئەنگلسیش بەهەمانشێوە بیری کردۆتەوە، هەروەک لینینیش لە قۆناغە بەراییەکاندا بەو جۆرە بیری کردۆتەوە، بەڵام دواتر چۆتە سەر ئەوەی کە چینێکی شۆڕشگێڕی تریش هەیە، ئەویش چینی جوتیارانە، کە دەبێتە هاوپەیمانی کرێکاران، لە قۆناغەکانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەریشدا، لینین کەمێک نەرمی نواند و بەلای ئەوەدا دایشکاند کە باڵێکی شۆڕشگێڕیش لەناو وردە بۆرژوازیدا هەیە، کە لەوانەیە سوودی لێوەبگیرێت، بەڵام ئەو باڵە هەموو وردە بۆرژوازی ناگرێتەوە، ماوتسی تۆنگ هات ئەوەی بەشێوەیەکی تر ڕێکخست، وتی چوار جۆر چینی شۆڕشگێڕ هەیە، کە ئەمەی زیاتر بەستبۆوە بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییەوە، لە سەردەمی لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیی نەبوو، قۆناغی خەباتی چینایەتی و هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم هەبوو، بەڵام لە سەردەمی ماو مەسەلەی نیشتمانیی و چینایەتی

تـــێکەڵ بەیەکتـــر بـــوون، لەبەر ئەوە، ئەو خـــاوەنی راستەقینەی تیۆری چوار چینە شۆڕشگێڕەکەیە.

ماوتسی تۆنگ هاوڕایە لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشوو، کە چینی شۆڕشگێڕی یەکەم چینی کرێکارانن، ئەوەی لەو کەمتر شۆڕشگێڕە جووتیارانن، پاشان لەناو شارەکاندا وردە بۆرژوازی هەیە، کە لەوانەیە سوودی لێوەربگیرێت و لەناویاندا توێژێک هەیە پێی دەوترێت توێژی رۆشنبیرە شۆڕشـــگێڕەکان، کە دەتوانرێـــت زۆر ســـوودیان لـــێ وەربگیرێت، هەروەها چونکە قۆناغەکە قۆناغی رزگاریی هەمـــوو نیشـــتمانە، لەبەر ئەوە هەژار و دەوڵەمەنـــد کۆدەبنەوە لە سایەی نیشتمانپەروەریی و رزگاری وڵات و لەوانە چیـــنە دەوڵەمەنـــدە ســـەرمایەدارەکەش، کە دەتوانێت خزمەتی وڵات بکات، چونکە ئەویش حەز ناکات لەژێر داگیرکاریدا بێت، لەبەر ئەوە چینێکی تریشیان دانا بەناوی چینی بۆرژوازی نیشتمانی، کە ئەمە تا قۆناغێک دەتوانێت هاوپەیمان چینی پرۆلیتاریا بێت، بەڵام رەنگە لە قۆنـاغێکی درێژتـردا دژایەتـی پرۆلیتاریـا بکـات، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەشـێوەیەکی زیـاتر لەژێـر ئەم تیۆریەدا بوو.

- **بەڵام یەکێتی بەهۆی ئەو نیمچە بەرەیەی کە پێکی هێنابوو، خۆی وا پیشان دەدا، کە لەگەڵ خۆیدا دیاردەیەکی نوێی حزبایەتیشی هێناوەتە ئاراوە، پرسیارەکە ئەوەیە یەکێتی لە ڕێگەی ئەم دەستەواژەیەوە بەدیاریکراوی دەیەویست چی بپێکێت؟.**

**فەرید ئەسەسەرد:** خۆی ئەو کات لە دەست ئێمەدا نەبوو باس لە فرە حزبی و شتی لەم جۆرە بکەین، لە راستیدا، کە یەکێتی دامەزرا یەک ڕێکخراو لە کوردستاندا بوونی هەبوو، کە مام جەلال خۆی پێکی هێنا بوو، ئەویش وەک دواتر ناونرا کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوو، لەبەر ئەوە بە باوەڕی من بۆچوونی بەرایی رەنگ بێت جیاواز بێت لە بۆچوونی دواتر، ئەمان دەیانویست زیاتر ئەزموونی بەرەی نیشتمانیی ئەورووپای رۆژهەڵات دووبارە بکەنەوە، ئەویش ئەوەی، کە حزبێک پێکدەهێنن و گرووپە مارکسییەکان کاکڵەکەی پێکدەهێنن و وەکو چەترێکی نیشتمانیشی لێدێت، یەکەمجار وابیرکرایەوە، کە بەم جۆرە بێت، بەڵام ڕێککەوت نەک بەرنامەی دیارکراو دەوری هەبوو لەوەی، کە

رووخساری یەکێتیش بگۆڕێت، چونکە لەناوەوەی وڵات بێ ئەوەی کەس بزانێت چەند کەسێک لە نێوانی خۆیاندا ڕێککەوتن شتێک پێکبهێنن، بەناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، ئەمانە بەمانای وشە حزب نەبوون، بەڵکو یەکەمجار وەکو کۆمەڵەیەکی نهێنی خۆیان ڕێکخستبوو، کە ئیش لەگەڵ یەک بکەن و کەسیش ڕێکنەخەن و لە قۆناغی یەکەمدا ئاگایان لەیەکتری بێت، تەنانەت بەیاننامەی دامەزراندنیشیان دەرنەکردبوو، بۆ ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکیان لەسەر نەبێت، شتەکە تەنها بریتی بوو لەوەی کۆمەڵێک کادری کۆنی مەلایی و جەلالی سەردەمی جووڵانەوەی ئەیلول کۆببونەوە شتێکیان دروست کرد، بۆ ئەوەی چالاکییەکی دیاریکراویان هەبێت، ئامانجی سەرەکیشیان بە مانای وشە هەڵگیرساندنی شۆڕشێک بوو بۆ دروستکردنی فشار لەسەر حکومەتی عیراق بۆ ئەوەی واز لەهەندێک لە سیاسەتەکانی بهێنێت و ئۆتۆنۆمی بدات بەو لایەنەی کە شۆڕشەکە دەکات، لەبەر ئەوە ئەمانە بەمانای وشە بیریان لە شۆڕشی درێژخایەن بەمانای مارکسی و

هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشێکی تر وەک جووڵانەوەی ئەیلول نەدەکردەوە، لە بەیاننامەکەشدا دەڵێن کە ئەوانە ناچاربوون شۆڕش بکەن.

کاتێک مام جەلال سەرقاڵی دامەزراندنی یەکێتی بوو، حکومەتی عیراق خۆی پەیوەندی بە عومەر دەبابەوە کرد، کە لە روومادی بوو، وتبویان پەیوەندی بە مام جەلالەوە بکەو بچۆ بۆ ئەوێ(سوریا) بۆ ئەوەی بزانین چی دەوێت و چی ناوێت؟ عومەر دەبابە خۆی لە دامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوە بوو (سۆسیالیست)، بەڵام حکومەت نەیدەزانی بەو جۆرەیە، وەک وتم شتێکی زۆر نهێنی بوو، لەبەر ئەوە کاتێک رۆشتبوو مام جەلالی بینی بوو، لە جیاتی ئەوەی پەیامی حکومەتی پێ بگەیەنێت پەیامی حزبەکەی خۆی پێ گەیاندبوو، هەروەک کە گەڕابۆوە بە پڕۆژەیەکی نوێ هاتبۆوە، ئەویش ئەوەبوو کە ئەوانیش وەک رێکخراوێک بڕۆنە ناو یەکێتی و تیایدا ببنە ئەندام.

بزووتنەوەی سۆسیالیست، بزووتنەوەیەک بوو کە لە باڵی مەلایی و جەلالی دروست ببوو، باڵە جەلالیەکە پێی خۆش بوو بۆ ئەوەی بچێ ئیش لەگەڵ مام جەلالدا بکات،

بەڵام باڵە مەلاییەکە پێی خۆش نەبوو کە ئیش لەگەڵ مام جەلال بکەن، بەڵام باڵە جەلالییەکە بەهێزبوون لەناو بزووتنەوەدا و زاڵ بوون، بۆئەوەی پێیان بسەلمێنن کە پێویستە لەگەڵ مام جەلال کار بکەن و ببنە ئەندام لەناو یەکێتیدا، چونکە پارتی نەمابوو، مەلا مستەفاش رایکردبوو پێموایە ئەو کات لە ئێرانیش نەمابوو، ئەمە خۆی کاریگەریی خراپی هەبوو، کە دواتر دەرکەوت، چونکە ئەو باڵە(باڵی مەلایی ناو بزووتنەوە) حەزیان نەدەکرد بێنە ناو یەکێتی، ئەمانە باڵێک بوون زیاتر فیکری راستیان هەبوو تا فیکری چەپ، بەهۆی ئەمەشەوە بە بیانوو بوون لە یەکێتی، لە کۆتاییشدا بینیمان کە وازیان لە یەکێتی هێناو گەڕانەوە سەر بۆچوونەکەی خۆیان، بۆ ئەوەی وەک رێکخراوێکی سەربەخۆ کار بکەن.

**- لە لایەنی گوتارییەوە(دیسکۆرس)، تا چەندە دەتوانین دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بخەینە خانەی نوێنەرایەتیکردنی داهێنانی گوتارێکی نوێی سیاسیی و سیاسەتکردن لە کوردستاندا، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، چ وەک دامەزراوەی سیاسی، چ وەک گوتاری سیاسی کۆتایی هاتبوو؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** خۆی گوتاری یەکێتی لەو قۆناغەدا تەواو گوتـــارێکی تـــازەبوو، تەنـــانەت دەتـــوانم بڵـــێم پێچەوانەی گوتاری کۆنی جووڵانەوەی ئەیلول بوو، تۆ هەر لە مانـــا گشـــتییەکەیەوە وەریبگـــرە، جـــووڵانەوەی ئەیلـول لە بەرەی جیهـانیی سـەرمایەداریدا دژ بە بەرەی سۆســـــیالیزم بـــــوو، کە بەشـــــێوەیەکی ســـــەرەکی پەیوەنـــدییەکانی لەگەڵ شـــای ئێـــران و ئیســـرائیل و ئەمریکادا بوو، بەهـۆی ئەمەوە جووڵانەوەی ئەیلول هـیچ تێڕوانینێکـی کـۆمەڵایەتی لەنـاوخۆدا نەبـوو، کە یەکێتـی دامەزرا تەواو پـــێچەوانەی ئەوە رەوتەی جـــووڵانەوەی ئەیلول بوو، کە دامەزرا دژایەتی خۆی بۆ شای ئێران و تورکیـــا و ئیســـرائیل و بەرەی ئیمپریالیســـتی بەگشـــتی راگەیانـــد، بە پـــێچەوانەوە لەگەڵ سۆســـیالیزم و لەگەڵ جیهـــانی پێشـــکەوتنخواز و خەبـــاتی فەلەســـتینییەکان و دژایەتی خاکی فەلەستین دەکات.

ئەمە یەکەم گۆڕانکاری گەورە بوو لە گوتاری سیاسی کورد لەو قۆناغەدا، رەنگە لە رابردووش هەندێک نەرمی نوێنـدرابێت بـۆ ئەمە، بـۆ نمـوونە کەس دژی خەبـاتی

فەلەستینییەکان نەبوو، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەوانە هەبوو کە دژی فەلەستینییەکان بوون، وەکو ئێران و ئیسرائیل، لەبەر ئەوە ئەمە هەر وەکو نمایش وابوو بۆ سیاسەتی جووڵانەوەی ئەیلول لەو کاتدا، بەڵام ئەوەی یەکێتی بە پێچەوانەوە خۆیشی لە وڵاتێکدا بوو، کە سیاسەتێکی موتەمایلی هەبوو بەلای چەپدا کە سوریا بوو، لەناو فەلەستینییەکانیشدا زیاتر پەیوەندی لەگەڵ چەپی فەلەستینیدا نەک باڵی راستڕەوی فەلەستنیدا هەبوو، ئەمە بە باوەڕی من گەورەترین گۆڕانکاری بوو لە گوتاری سیاسی کورد لەو کاتدا و ئەوەشی کە پەیوەندی بە یەکێتیەوە هەیە.

لەناوخۆشدا مۆدێلێکی تازە داهات، کە ئەویش مۆدێلی فرەیی بوو، جووڵانەوەی ئەیلول دژ بە فرەیی بوو، بەڵکو باوەڕی بە یەک رابەر، یەک حزب، یەک تێڕوانین هەبوو، هەر ئەم جۆرە دژایەتیکردنەش وای لە پارتی کرد تووشی لەت بوون ببێت. یەکێتی خۆی لە بنەمادا لەسەر بنەمای فرەیی دامەزرا، کە چەند باڵێک بێت، تەنانەت لە پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٦دا، باس لەوە کرا بوو، کە

ڕێکخراوه دیموکراتیەکانیش دەتوانین بەشدار بن لەناو یەکێتیدا، کە دواتر لەناو سەرکردایەتیدا نوێنەریان هەبێت، بەڵام بەپێی هێز بۆ نموونە ئەگەر یەکێتی مامۆستایان بەشدار بوایە ئەوا نوێنەرێکی دەبوو، یان گرووپێکی تر کە نوێنەرایەتی کەمینەیەکی دیاریکراو بکات....تاد.

بۆچوونی سەرەتا لەناو یەکێتی ئەوە بوو، کە یەکێتی فراوان بێت و لە چەند حزبێک پێک بێت، پاشان لەناو ئەواندا حزبێک دەردەکەوێت و ئەو دەبێتە پارتی پێشڕەو و رابەرایەتی ئەوانی دیکە دەکات، واتە تیۆریەکە بەو جۆرە بوو، کە یەکێتی رێگە خۆشکەرە بۆ پەیدابوونی پارتی پێشڕەو، پارتی پێشڕەویش لە رەوتی خەباتدا پەیدا دەبێت و بە کردەوە خۆی دەسەلمێنێت، کە دواجار گرووپەکانی تر دانی پێدادەنێن، کە ئەو پارتە پارتی پێشڕەوە.

- **باشە، کەوایە لەمەدا یەکێتی پشت بە چ شتێک دەبەستێت، کە پێی وابێت خاوەندارێتی لە گوتارێکی نوێی سیاسی دەکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** خۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی رەخنەگرانەی یەکێتی بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ

جووڵانەوەی ئەیلول و مێژوو و شۆڕشەکانی کوردستان تا ئەو کاتەی یەکێتی دامەزرا، ئەو کاتە یەکێتی بەو جۆرە سەیری مەسەلەکەی دەکرد، کە هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکان بۆ ئەو چینە دەگەڕێتەوە کە رابەرایەتی شۆڕشەکەی کردبوو، بەوەی کە، چینێک بووە شایستەی ئەوە نەبووە ببێت بە رابەر، هۆی دیکەش بۆ ئەم بابەتە هەیە، کە یەکێک لەوانە هەلومەرجی کوردستان و بەهێزی داگیرکەرانە، بەڵام لەو کاتدا زیاتر تەرکیز دەکرایە سەر رابەرایەتی ئەو کاتی شۆڕشەکانی کورد، کە توانای سەرکردایەتیان نەبووە، بۆیە شۆڕشەکان سەرکەوتوو نەبوونە. یەکێتی بە دیاریکراوی باسی لە سەرکردایەتی شێخ و مەلاکان دەکرد، کە پێیوابوو رەنگە ئەوانە لە لایەنی ئاینیدا سەرکەوتوو بن، بەڵام لە بواری سیاسەتدا سەرکەوتوو نەبوون و توانای ئەوەشیان نەبوو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی مەدەنی و رزگاریخوازنە بەرپا بکەن، بەڵگەی ناشایستەی ئەوانیش لەم مەسەلانەدا شکستی شۆڕشەکان بوو، بۆیە ئەو کاتە یەکێتی شکستی شۆڕشەکانی بە بەڵگەی نا شایستەی ئەو توێژە دەهێنایەوە.

شتێکی تریش لەم ڕووەوە گرنگە باسی لێوە بکەین ئەوەیە، کە لەو کاتەدا یەکێتی تەرکیزی دەکردە سەر خاڵێکی تریش، کە زیاتر پەیوەندی بە جووڵانەوەی ئەیلولەوە هەبوو، زۆرتر لەوەی کە پەیوەندی بە ئەزموونی شۆڕشەکانی ڕابردووەوە هەبێت، ئەویش ئەوەبوو، کە ئێمە لەگەڵ کێدا ببینە هاوپەیمان، یەکێتی زۆر تەرکیزی دەکردە سەر ئەوەی کە هۆی شکستی جووڵانەوەی ئەیلول ئەوەیە، کە بەهەڵە هاوپەیمانەکانی هەڵبژاردووە، کە ئەوانە هاوپەیمان نین، بەڵکو لە بنەمادا دوژمنن و هەوڵیانداوە شۆڕش بەرەو هەڵدێر بەرن کە لە دواجاردا سەرکەوتوو بوون، لەبەر ئەوە یەکێتی لەگەڵ خۆیدا گوتارێکی تازەی هێنایە کایەوە، ئەویش ئەوەبوو، کە هاوپەیمانەکانی ئێمە سێ جۆگە سەرەکیەکەیە، کە بریتیین لە: وڵاتە سۆسیالیستەکان، لەگەڵ چینی کرێکاری وڵاتە سەرمایەدارەکان، لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان. ئەمانە هاوپەیمانە بابەتییەکانی گەلی کوردن لە خەباتی نوێدا، بۆیە زۆر جار باس لەوە دەکرا کە کرێکارانی وڵاتە سەرمایەدارەکان دژی

سـەرمایەدارین و لە پێنـاوی سۆسـیالیزم خەبـات دەکەن، دەوڵەتە سۆسـیالیزمەکانیش دژی ئیمپریـالیزمن، هاوکـات بـــزووتنەوە رزگاریخوازەکـــانیش بەهەمانشـــێوە دژی ئیمپریـالیزمن، کە ئەمـانە هاوپەیمـانن، بەڵام بە کـردەوە هیچیـــان یارمەتیـــان نەدەدایـــن، لەبەر ئەوە یەکێتـــی وا پاساوی بۆ ئەم بابەتە دەهێنایەوە، کە ئەوانە هاوپەیمـانی بابەتیـانەی ئـێمەن، واتە ئەگەر لەم قۆناغەشـدا نەتـوانین لەگەڵیـان یەکبگـرین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان و ئـێمەش دژ بە ئیمپریــــــــــــالیزمین، کەواتە بەیەکەوە لە یەک ســـەنگەرداین و لە داهاتووتـــدا لەگەڵ بەردەوامبـــوونی بـزووتنەوەی شۆڕشـگێڕانە پـێ دەچێـت سـوودیان لـێ وەبگرین.

**- لە ڕووی ڕێبـــازی فیکریـــی و ئایـــدۆلۆژییەوە، سیاسەتی ئاڕاستەکراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان لە سەرەتاوە وەک دەبینین لەژێر کـاریگەریی فەلسـەفەی مارکسـیزم-لینیـزم، بیروبـاوەڕی ماوتسـی تـۆنگەوەیە، وردەکاری چوونە ژێر کاریگەریی ئەم فەلسەفەیە چییە و لە کوێوە دەست پێدەکات؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مام جەلال خۆی یەکەمجار چەپ بووەو لەوێوە بەرەو مارکسیزم چوو بوو، لەوێشەوە بەرەو باڵە چەپەکەی مارکسیزم چوو کە ماویزم بوو، بەهەمانشێوە تاڕاددەیەکی زۆر کاک نەوشیروانیش وابوو، کە کاریگەریان لە سەر ئاڕاستەی ئایدۆلۆژی یەکێتی هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ ئەندامانی دیکەی دامەزرێنەری یەکێتی، کە رۆڵێکی ئەتۆیان لە رووی فیکرییەوە نەبوو، بەتایبەت لە نووسین و دەربڕینی گوتاری ئایدۆلۆژیدا.

جگە لەوە نابێت رۆڵی کۆمەڵەی مارکسی -لینینی کوردستان لەبەرچاو نەگرین، کە کاریگەریی زۆریان هەبووە لە رێکخستنندا، کۆمەڵە تاکە رێکخراوی سیاسییە لە مێژووی کوردیدا دامەزرابێت، کە توانیبووی زۆر تەشەنە بکات و رێکخراوێکی زۆر بەهێز دروست بکات. بەدڵنیاییەوە ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ کۆمەڵێک شت:

یەکەم: رێکخستنەکانی کۆمەڵە ئامادەی کاری پێشمەرگەی باش و خوێندەوار و تێگەیشتوو بوون بۆ داهاتوو.

دووەم: لە مەسەلەی شەڕی پارتیزانی لە سەدا نەوەدی هێزی پێشمەرگە لەو کاتەدا لە کۆمەڵە پێکهاتبوون، واتە کۆمەڵە توانی بەردەوام بێت لەسەر شەڕی پارتیزانی، لای خۆشمان کە شەڕ دەستیپێکردەوە بە دوو تێڕوانین دەستی پێکردەوە، تێڕوانینی کۆمەڵە لەسەر بنەمای گرووپی بچووک بچووک و شەڕی پارتیزانی، کە لەسەر بنەمایەکی سۆسیالیستی بوو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی گەورەی جەماوەری، لە کۆتاییدا راستە کۆمەڵە بە ژمارە کەمتر بوو بە بەراورد لەگەڵ جەماعەتی بزووتنەوە، چونکە ئەوانەی کۆمەڵە بە گرووپی بچووک بچوک دەهاتنە دەرەوە، بەڵام ئەوانەی تر بە لێشاو دەهاتنە دەرەوە، بەڵام بزووتنەوەکە دوو رووخساری هەبوو کە کۆنترۆڵ نەدەکرا، رووخسارێکی خێڵەکی بوو کە ئەمە کۆنترۆڵ نەدەکرا و هاوشێوەی شۆڕشە کۆنەکانی کورد بوو، کە هەڵچوونێکی خێراو نیشتنەوەیەکی خێرای بە خۆیەوە دەبینی. لە کاتێکدا ئەزموونی کۆمەڵە بریتیی بوو لە کاری شێنەیی و بە بەرنامە و دروستکردنی کادر و تەونی رێکخراوەیی

بەهێز بەهۆی ئەمەشەوە کۆمەڵە توانی زۆر گەشە بکات و بزووتنەوەش پوکایەوە.

کۆتا جار لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا، کە بانگەشە بۆ بۆچوونی ماوتسی تۆنگ کرابێت لە ساڵی ١٩٧٨ بوو، کە تایبەت بوو بە مەسەلەی ئەندامێتی، لەوێ باس لەوە دەکات، کە پێویستە مارکسیزم لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی خۆیەوە وەربگیرێت، کە بریتیین لە (مارکس، ئەنگلس، لینین، ستالین، ماوتسی تۆنگ)، بەڵام ئەمە دوایین جار بوو بانگەشە بۆ ئەمە بکرێت، چونکە کۆبوونەوەی(شێنی) واتە دوای چەند مانگێک لەو بڵاوکراوە فەرمیە، شتێکی پێچەوانەی ئەمە باسکرا، ئەویش ئەوەبوو، کە ماوتسی تۆنگ یەکێک لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی مارکسیزم نییە، بەڵکو سەرچاوەیەکی ناوچەییە، هاوکات ئەزموونەکەشی بەهەمانشێوە ئەزموونێکی ناوچەییە و پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە هەیە، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا و لە بەیانی فەرمیدا ئەوە هاتووە، کە (ئۆتۆنۆمی)چارەسەری مەسەلەی کورد ناکات، هەر لەوێش باس لەوەکرابوو ماویزم ئەزموونێکی لۆکاڵە و ناکرێت لەگەڵ لینینیزم بەراورد بکرێت. ئەوەندەی من ئاگاداربم بەدرێژایی

شۆڕش هیچ شتێکی ماوتسی تۆنگمان بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام هەنــدێک کەس هەبــوو کە فارســی دەزانــی و دەقەکانی ماوتسی تۆنگیان وەردەگێڕاو دەستاو دەستی دەکرد.

**- دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتاوە هەڵگری بیروبۆچوونی فیکری چەپ بوون، ئەو بیروبۆچــوونەی ئەوان هاوشــێوەی چ جــۆرە تەفسیرێک لە فەلسەفەی مارکسیزمی-لینینی، ماوسی تۆنگە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:** لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەدا مەسەلەیەکی گرنگ هاتە ئاراوە، ئەویش مەسەلەی هەڵوێست لە یەکێتی سۆڤێتە، ئەمە مەسەلەیەکی تیۆریی زۆر گەورە بوو، کە زۆر جار لەتبوونی لێ دەکەوتەوە، ئەمە لەناو کۆمەڵەشدا هەبوو، لە کۆنفرانسی یەکەم سێ تەیار هەبوو: تەیاری یەکەم پێی وابوو یەکێتی سۆڤێت سۆسیال ئیمپریالیزمە، ئەمەش لەژێر کاریگەریی دوایین تێڕوانینی ماویزمدا بوو. تەیاری دووەم پێی وابوو یەکێتی سۆڤێت سۆسیالیستە، تەیاری سێیەمیش پێی وابــوو یەکێتــی ســۆڤێت سۆسیالیســتە، بەڵام زۆر

شۆڕشــگێڕانه نیـیه. لەم کۆنفرانســەدا، که ئەم مەســەلەیه تاوتوێ کرا و ئەوەی دەڵێت، که یەکێتی سۆڤێت سۆسیال ئیپمریــالیزمه لایەنگــری زۆری نەبــوو و ســەرنەکەوت، بەهەمانشـێوه بۆچـوونی تەیـاری دووەمـیش لەم رووەوه ســـەرکەوتوو نەبــوو، لەبەر ئەوه بەو جــۆره ســـەیری یەکێتـی سـۆڤێت کـرا که کەموکوڕییەکی زۆری هەیه هەم لەسەر ئاستی سۆسیالیزم هەم لەسـەر ئاستی سیاسـەتی دەرەوەیـــان، ئەمەش له دواجــاردا بـــوو به بۆچـــوونی فەرمی.

**–　تاچەند دەتوانین بیروباوەڕ و ئەدەبیاتی کۆمەڵە، له گۆڤارەکەیانـدا، بەبیروبـاوەڕو ئەدەبیـاتی یەکێتـی یـان خەتی گشتی بچوێنین، بەتایبەت که مام جەلال پێی وایه، کـــۆمەڵه هەوێـــن و جەوهەری یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردستانه؟**

**فەریـد ئەسەســـەرد:** پێمـوایه ئەمه دەبێـت بەو جـۆره تەماشــای بکەیــن، که بەشــێک له ســـەربەخۆیی فیکــری هەبوو، کۆمەڵه بۆچوونی خۆی لەناو یەکێتیدا هەبوو و له گۆڤارەکانیدا چاپی دەکرد. یەکەمجار هەموو یەکێتی یەک دەزگای راگەیاندنی هەبوو که کۆمەڵەش لەوێ شتی چاپ

دەکـــرد، بەڵام دواتـــر کـــۆمەڵە دەزگـــای چـــاپی خـــۆی دامەزراند و شتی خۆی بڵاو دەکردەوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەنـدی بە سیاســەتی گشــتییەوە هەبــوو لە دەزگــای ڕاگەیاندنی یەکێتی بڵاو دەکرایەوە.

لەبەر ئەوە پێمــوایە ناکرێــت بیروبــاوەڕ و تێڕوانینــی کۆمەڵە و یەکێتی لەسەر یەکتر حساب بکەین، وەک وتـم کــۆمەڵە لە کۆبــوونەوەی شــێنی، پێــی وابــوو کە مــافی ئۆتۆنۆمی چارەسەری کێشەی کورد ناکات، بەڵام ئێمە لە چوارچێــوەی یەکێتیــدا دروشــممان بریتیــی بــوو لە (دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)، بەڵام لەســەر ئاســتی نــاوخۆی ڕێکخســتنەکان ئێمە خەڵکمــان لە ســەر مــافی چــارەی خۆنووســین پەروەردە دەکـرد، نەک ئۆتۆنـۆمی، هەروەک لە بڵاوکراوەکــانی خۆشــماندا قەت باســی ئۆتۆنۆمیمــان نەکـردووە، تەنـانەت ئەگەر باسـیش کرابێــت ئەوا بە خـــراپە باســـمان کـــردووە. لەم ڕووەوە دەتــوانین بڵێـین، کە گوتـاری کـۆمەڵە لەنـاوخۆی خۆیـدا جیـــاواز بـــوو لە هـــی یەکێتـــی، بەڵام لە چوارچێـــوە گشتییەکەدا پابەند بوون.

**- سـاڵی ١٩٨٩ورده ورده ئەو بیـرۆکەیە لە نێـو یەکێتـی سـەریهەڵدا، کە بـزووتنەوەی سیاسـیی کـورد پێویسـتی بە ئۆرگـانێکی تـازەیە بتـوانێ باشـتر لەگەڵ گۆڕانکاریەکانـدا بسـازێت و کەمتـر رەنگـی چینـایەتی و ئایدۆلۆژی هەبێت، بە مانایەکی تر یەکێتی لەم قۆنـاغەدا دەیەوێت پشت لەو ناسنامە ئایدۆلۆژیە بکات کە لەسەری دامەزراوە، هۆکارەکـانی ئەم گۆڕانکـاریە بـۆ چـی دەگەڕێنیتەوە؟**

**فەریـد ئەسەسـەرد:** پێشـهات و گۆڕانکـارییە جیهانییەکـان بەتـایبەتی سیاسـەتی پرۆسـترۆیکای سـەردەمی گۆربـاچۆڤ کـاریگەریی زۆر گەورەی لەسـەر ئەم مەسـەلەیە هەبـوو، ئەمەش هانیـداین، کە بیرکـردنەوە لەپێکهێنانی رێکخراوێکی تـر بکەینەوە کە گونجـاوتر بێت لەگەڵ قۆناغی داهاتوو.

هەنـدێک هۆکـاری نـاوخۆییش هەبـوون، کە دیسـانەوە لەم رووەوە کـاریگەر بـوون، بەڵام زیـاتر ئەو هۆکـارانە پەیوەنـدییان بە کوردسـتانەوە هەبـوو نەک نـاوخۆی یەکێتی، ئەو کات کە ئەو بڕیارە درا هێزی پێشـمەرگەمان نەمـابوو لەنـاو کوردسـتاندا جـگە لە چەنـد مەفـرەزیەک

نەبێت، وەکو تر هەموو بارەگا سەرەکیەکانمان لە ئێران بوو، لەبەر ئەوە دەمانویست فۆرمێکی تری یەکگرتووتر، کە گونجاو بێت لەگەڵ قۆناغی شکست و پاشەکشە و پاش ئەنفال پێک بهێنین، کە بۆ ئەوەبوو هیچ بوارێک بۆ مەسەلەی دووبەرەکی نەهێڵدرێتەوە لەناو یەکێتی و ئەو دووباڵە یەکبگرنەوە.

هەڵبەت بەرەوپێشچوونە جیهانییەکانیش لەو کاتدا کاریگەر بوون بەتایبەت کە مارکسیزم کاڵ ببۆوە، تەنانەت ئومێدێک نەبوو بلۆکی سۆسیالیستیش بمێنێت، بەهۆی ئەمەشەوە ئەزموونی سۆسیالیزم لە پاشەکشەبوو، ئەمەش کۆمەڵەی هاندا بەرەو تێکەڵبوونەوە لەگەڵ یەکێتی بچێت و لەهەمان کاتدا پشتگیریشی کرد.

* هاوینی ٢٠١٧



## چاوپێکەوتن لەگەڵ
## نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا *

**(ئەندامی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکێک لە کادرە دێرینەکانی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی لە کوردستان).**

- ئەگەر سەرەتا باس لەو بارودۆخە بکەین، کە یەکێتی تێدا دامەزراوە، لە دەرەوەی هەموو ئەو خوێندنەوانەی تاوەکو ئێستا لە رووی مێژووییەوە، سەبارەت بە قۆناغی دوای شکستی جووڵانەوەی ئەیلول و دامەزراندنی یەکێتی کراون، خوێندنەوەی ئێوە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو کات و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چییە؟.

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا: یەکێتی لە کاردانەوەی هەلومەرجێکدا وەک زەرورەتێک هاتە پێشەوە،

بۆشـاییەکی سیاسـی کە لەدوای ئاشـبەتاڵ هـاتە پێشـەوە، ئەو بۆشـــاییە سیاســـییە چەنـــد پرســـیارێکی ســـەرەکی وروژانـد، کە گرنگترینـان ئەوە بـوو، چ هێزێکـی سیاسـی دەتوانێـــت جـــارێکی تـــر بێـــتەوە مەیـــدان و وەڵامـــی هەلومەرجی ئەو سەردەمە بداتەوە.

هێـزی سیاسـی لەدوای ئاشـبەتاڵ بە تەواوی ئەوەی سـەلماند، کە بەهـیچ شـێوەیەک نە لە رووی فیکری نە لە رووی سیاسی، نە لە رووی حزبی و عەسکەرییەوە نە لە رووی رێکخســـتنی جەمـــاوەرییەوە لە ئاســـتی ئەو بزووتنەوە چەکدارییەدا نەبووە کە لە کوردستاندا هەبووە، دیفاکتۆیەک ئەوەی دروست کردووە کە نامەوێت بڕۆمە سـەر ئەو رابـردووە، بەڵام ئەو بۆشـاییەی کە دروسـت بـوو هێـزی سیاسـی لەو کـاتەدا دروسـت کـرد. لەو هەلـــومەرجەدا جـــگە لە کـــۆمەڵە و بـــزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان شتێکی دیکە لە ئارادا نەبوو، ئەگەر بگەڕێینەوە بـۆ دەورانـی ئاشـبەتاڵ لە٦ی٣ کە رێککەوتننامەی جەزائیر کرا، لە ١١ی٣ بوو بەڕەسمی و ئاشبەتاڵەکە وەک بڕیاری سیاسی قیادەی کوردی (مەلا

مستەفا) دەستی پێکرد، ئەم حاڵەتە کە دروست بوو کۆمەڵە لەناوەوە بوو، کە من ئەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی شاری کەرکوک بووم، شەوی راگەیەندراوەکە من بۆ خۆم لەگەڵ کاک عەلی بچکۆل لە کۆبوونەوەدا بووین، لەوێ کە ئاشبەتاڵەکە راگەیاندرا بە پەلە پروزێ کە کاک عەلی ئەو کاتە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی کۆمەڵە، ئەوە هاتە پێشەوە کە ئەوە نابێت ئاوا بڕواتە سەر، واتە هەر لەوێ لە گوندی تۆمار باسی ئەوە کرا، کە دەبێت شۆڕش درێژە بکێشێت، کاک عەلی گەڕایەوە بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵە کە لە درەوە بوو، دیارە ئەوانیش لەو کاتەدا بە هەمان پەلە پەلەییەوە کۆبوونەوەی خۆیان کردبوو و بڕیاریاندابوو شۆڕش درێژە بکێشێت، لێرەدا مەبەستم لە جێگرتنەوەی بزووتنەوە چەکداریەکەیە، ئەم بیرۆکەیە، کە دواتر بۆ ئێمە دەرکەوت لە هەمان کاتدا لە شام لای مام جەلال و برادەرانی دیکە هەبوو، مام جەلال یەکێک بوو لەوانە سەرسەختانە دەیەویست شۆڕش بەبێ چاوەڕوانی بۆ هیچ شتێک درێژە بکێشێت، بەتایبەت بە پشت بەستن بە کۆمەڵە و هاوکات ئەگەر بکرێت

بەشـێکیش لە فەرماندەکانیش کە چەنـدین سـاڵ پـارتی بـوون باوەڕیـان پـێ بهێنـدرێت کە درێـژە بە شـۆڕش بدرێت.

سـەرەتا کۆمەڵێـک خەڵکـی بـاش بڕیاریـان دابـوو کە بمێننەوە، بەڵام هەرەسەکە بە دەرەجەیەک بەهێز بوو، کە هـیچ هێزێکـی سیاسـی نەیـدەتوانی پێشـی پـێ بگرێـت و خـۆی وەک ئەڵتەرنـاتیڤ و بەدیلێـک بهێنێـتە جـێ، لەبەر ئەوەی کە هەرەسـەکە گشـتی و سـەرلەبەر بوو، تۆ وەک ڕێکخسـتنێکی سیاسـی ڕەنـگ بێـت لە ڕووی هۆشـیاری سیاسی و لێکدانەوەی هەلومەرجەکە بتوانیت پێش خەڵک بکەویت، بەڵام لە بنەڕەتدا پێویستیت بە پێداویستییەکانی بـزووتنەوەکە و جەمـاوەر هەیە، کە ئامـادەیی تێـدا بێـت، هەر ئەمەش بـــوو وای کردبـــوو لە هەلـــومەرجی هەرەسەکەدا نەدەکرا ئەو وەڵامە هەبێت.

کـۆمەڵە لە دوای نەورۆزی هەمـان سـاڵ هەڵوێسـتی خۆی گۆڕی، هەڵوێستەکەی ئەوە بوو بۆ ساڵێک بکەوینە خۆڕێکخستن تـا بەشـێوازێکی نـوێ بـۆ هـاندانی خەڵک و خۆڕێکخسـتن کـار بکەیـن، ئەمە بڕیـاری کـۆمەڵە بـوو لەو

کاتـــدا، هەر لەو کـــاتەدا مـــام جەلال هێـــرۆ خـــانی لە بەیـروتەوە لە ١٧-٣- ١٩٧٥ نـاردەوە بـۆ کوردسـتان، بـۆ ئەوەی بیـرۆکەی درێـژە پێدانی شـۆڕش بگەیەنێت، بەڵام کاتێـــــک ئەو گەیشـــــتەوە لە مـــــاوەی ئەو ١٠ ڕۆژەدا گۆڕانکارییەکان بە جۆرێک بوون، کە کۆمەڵە بڕیارەکەی پـێچەوانە بکـاتەوە، ئەوەی لێـرەدا بـۆ مـن دەر دەکەوێـت ئەوەیە کە مـام جەلالـیش بڕیـار بـوو لە ٢٨ی٣ی هەمـان سـاڵدا بگەڕێتەوە کوردسـتان، ئەو مەسـەلەیە گـرنگیەکەی لەوەدایە کە هێزێک هەرەسی هێنـاوە، بەڵام هێزێکـی دیکە لە سـاتەوەختی هێـزەکەی تـر ئامـادەیی ئەوەی تێدا هەیە کە بیەوێت جڵەوی بزووتنەوەکە بگرێتە دەست و بیبـات بەڕێوە، ئەمە لەناوەوەی کوردستان کۆمەڵە پێی هەڵسـا و لە دەرەوە مــام جەلال ئەو بیــرۆکەیەی هەبــوو، بەڵام کە هێرۆخان دێتەوە مام جەلال ئاگـادار دەکاتەوە کە هەمـوو شتێک کۆتایی هاتووە.

لەو کاتەوە واتـا لە ١٩ی ٣وە تـا ١ی٦ سـاڵی ١٩٧٥ کە سـێ مانـگ ناکــات، یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســـتان دادەمەزرێـــت، ئەو وەڵامـــدانەوەیە بەدەر لە جیـــاوازی

فیکری و ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی یەکێتی، پێش هەموو شتێک بریتییە لەوەی کە بزووتنەوەیەکی نوێ بتوانێت وەڵامی ئەو هەلومەرجە تازەیە بداتەوە و بتوانێت بەڕاستی ڕابەرایەتی بارودۆخەکە بکات، چونکە کێشەکە بۆشایی بزووتنەوە و سەرکردە بوو.

یەکێتی وەکو بیرۆکە لە سەرەتاوە پێش دامەزراندنەکەشی کەسایەتییەکان بەتایبەتی مام جەلال لە جموجۆڵدا بوو بۆ ئەو مەسەلەیە، بۆیە ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی یەکێتی لە ڕاستیدا ئەو کاتە، کە ئەو هەرەسە پێش هات لە ڕووی مەعنەویەوە ئەوە زۆر باسکراوە کە تەواوی خەڵک بێ ئومێد بوون و هیچ ئاسۆیەکیان نەما، حکومەتی عیراقیش بە ئارەزووی خۆی سەرتاپای کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی دامەزراندنی عیراقدا داگیر دەکات، کە لە هەمان کاتدا بەپێی ڕێککەوتنامەی جەزائیریش کەوتنە ڕاگواستنی گوندەکان بە قوڵایی ١٥ بۆ ٣٠ کیلۆمەتر، ئیتر هەر لەو کاتەوە بیرۆکەی ئۆردوگا زۆرەملێکان هاتە پێشەوە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی ڕایاندەگواستن لەوێدا کۆیان بکەنەوە، کە دواجار ئەو بابەتە درێژەی کێشا و بووە سیاسەتێکی ڕاگواستن،

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت دەستی والابوو بۆ ئەوەی لە خواریشەوە ئەو ناوچانەی کە مەبەستیەتی بەتایبەتی کەرکوک و خانەقین و جەلەولاو...تاد. شەنگال و ناوچەکانی دیکە. ئەوانە هەموو ئەو ناوچانەن کە لە ماددەی ١٤٠ وە هاتوون و ناوچەی تەعریب کراوەکانی ئەو کاتن، کە حکومەت بە هەموو جۆرێک دەیەویست سیاسەتی بە عەرەبکردنی تێدا بەکاربهێنێت، کە کەوتە کار و ئەنجامەکانی تا ئێستاش ماون، یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکیانەی ئەوکات، ئێستا لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکە دەیبینێت. لەم رووەوە لە بەر ئەوەی حکومەتی بەعس بووە تاکە بەدیلی سیاسی لە کوردستاندا، بۆیە ئەم سێ دیاردەیە کۆچ پێکردن، تەعریب و تەبعیس بووە سیاسەتی مەرکەزی حکومەتی بەعس لە کوردستاندا، کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا زۆر بەچڕی کەوتە جێبەجێ کردنی ئەم سێ سیاسەتە.

لێرەوە یەکێتی کە دروست دەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم سێ دیاردەیە خۆی رادەگەیەنێت، بۆیە ئەگەر لە رووی سیاسییەوە سەیری بکەیت ئەمە کرۆکی دامەزراندن و هاتنە مەیدانی یەکێتیە

تـا بەر لەم سیاسـەتەی بەعـس بگرێـت، چـونکە بیرمـان نەچێـت سـێکوچکەی تەعریـب و تەرحیـل و تەبعـیس سیاسـەتێکی نەتەوەیـی بـوو، واتە لە چوارچێـوەی چەوسـاندنەوەیەکی نەتەوەییدا بـوو، ئەمەش وای کـرد کە یەکێتـی هەر لە سـەرەتاوە خەسـڵەتێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بە خـۆیەوە ببینێـت تـا خەسـڵەتی چینـایەتی و کۆمەڵایەتی...تاد.

**- لەگەڵ دامەزرانـدنی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستاندا، دەستەواژەی حزب، یان پارتی پێشڕەو زۆر جەختـی لە سـەر کـرایەوە، هەر وەک لەپـاڵ ئەم دەستەواژەیەشدا، یەکێتی خۆی وەک دیاردەیەکی نـوێی حزبـایەتی دەخـاتە روو، بـۆ ئەو وەخـتە دەسـتەواژەی پارتی پێشڕەو، یان جەختکردنەوە لە سەر دیاردەی نوێی حزبایەتی لە کوردستان، بە دیاریکراوی لە چیدا کورت دەبێتەوە؟**

**نەجمەدیـن فەقـێ عەبـدوڵڵا:** تیـژی پـارتی پێشـڕەو لە بنەڕتـدا تیـژی چەپەکـانە، چەپەکـانیش ئەو کـاتە کـۆمەڵە بـوون، کـۆمەڵە کـۆڵەکەیەکی سـەرەکی نـاو یەکێتـی بـوو، خـودی مـام جەلالیش ئەگەر راسـتەخۆش لە دامەزرانـدنی

کۆمەڵەدا دانەنیشتبێت، بەڵام وەک باوکێکی رۆحی کۆمەڵە تەماشا دەکرێت، چونکە ئاگاداری دامەزراندنەکەی بووە و راوێژی پێ کراوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە مام جەلال کەسێکی ماوی بووە.

لە تیۆری ماویدا لە چوارچێوەی رزگاری خەباتی نیشتمانیدا، هەمیشە باس لە بەرەی نیشتمانی دەکرێت، بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی وەکو قۆناغێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەو قۆناغە لە رزگاری و دیموکراتیدا، لە وێوە کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کە دامەزراوە وەک رێکخراوێک نەک وەکو حزبێک لە کوردستان دامەزراوە، چونکە ئامانجە مەرکەزیەکەی بریتی بوو لە خەبات بۆ خۆشکردنی زەمینەی هاتنە دی پارتی پێشڕەو، پارتی پیشڕەو بە مانای پارتی چینی سەربەخۆی کرێکاری کوردستان، ئەمە لە خۆیدا تێڕوانینێکی مارکسیستیانەیە بۆ پارتی پێشڕەو، بۆیە مام جەلال لەم تێڕوانینانە بەدەر نەبووە، بەڵکو خۆی تیایدا بووە.

کاتێک یەکێتی دادەمەزرێت لە چوارچێوە بیرۆکە ماویستیەکەدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی چەند

حزبێک نەهـاتوون، کە یەکێکیـان حزبـی چەپـی چینـایەتی کرێکاری، ئەوی تریان حزبێکی لە سـەدا سـەد بۆرژوازی و...تـاد، بێت. چـونکە ئەو جۆرە حزبـانە بوونیان نەبووە، بیـرۆکەی بەرەی نیشـتمانیەکەش هـاتۆتە ئاسـتی نـیمچە بەرە، یەکێتـــی کە لە ســــەرەتاوە دامەزرا شـــێوازی رێکخسـتنەکەی رێکخسـتن نەبـوو، بەڵکو نـیمچە بەرەیەک بـوو، کە لە بنەڕتـدا پشـتی بەو رێکخـراوانە دەبەسـت و حزب نەبوون، بەڵکو وەکو رێکخـراو بـوون کە بەشـدار و ئەندام بـوون لە یەکێتـی دا، وەک کـۆمەڵە و بـزووتنەوە و دواتریش خەتی گشتی، بەو مانایەی کە ئەو کەسانە سـەر بەو دوو رێکخراوە نین.

لێـرەوە دەتـوانین بڵێـین بیـرۆکەی پـارتی پێشـڕەو بیـرۆکەی یەکێتــی بـوو لە دەرەوەی کـۆمەڵە، بیـرۆکەی کۆمەڵە ئەوە بوو کە پارتی پێشڕەو کۆمەڵە زەمینەی بۆ خـۆش دەکـات، چـونکە کـۆمەڵە رێکخسـتنێکی وەک دەڵـێن مـارکسی بوو.

مـام جەلال کە یەکێتـی دادەمەزرێنێت و پاشـانیش، کە لە یەکەم کۆبوونەوەدا لە ساڵی ١٩٧٧ لە کوردستان وەک

سکرتێر هەڵدەبژێردرێت. لەوێدا مام جەلال ئەوەندەی خۆی بە خاوەنی کۆمەڵە زانیوە کەمتر خۆی بە خاوەنی بزووتنەوە زانیوە، بەهەر حاڵ مەبەستمە بڵێم مام جەلال بیرۆکەی پارتی پێشڕەوی قۆستەوە بۆ ناو سیستمی فیکری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە یەکێتی ببێتە سایەی پارتی پێشڕەو کە رووی لە داهاتووە.

- **لە لایەنی گوتاریەوە(دیسکۆرس)، تا چەندە دەتوانین دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بخەینە خانەی نوێنەرایەتی کردنی داهێنانی گوتارێکی نوێی سیاسی و سیاسەت کردن لە کوردستان، بەتایبەت کە پارتی دیموکراتی کوردستان، چ وەک دامەزراوەی سیاسی، چ وەک گوتاری سیاسی کۆتایی هاتبوو؟**

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا:** ئەگەر پێناسەیەکی یەکێتی بۆ سەردەمی ئەو کات بکەین، دەتوانین پێناسەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی بۆ بکەین، کە تۆ ئەم پێناسەیەی بۆ بکەیت ئەرکەکانی حزبێکی نیشتمانیی نەتەوەیی دیار دەکەوێت کە چی دەبێت. ئەو گوتارە سیاسیەی ئەو کاتە یەکێتی هێنایە پێشەوە ئەو کاتە پارتی بەتایبەتی هەر

ئاگـای لەو مەسـەلانە نەبـوو، چـونکە بـوونێکی نەبـوو، گوتارە سیاسیە سەرەکییەکەی یەکێتی زۆر جیاواز بوو لەو گوتارەی کە تـا ئاشبەتاڵ هەبوو، یـان راستر بڵێین لەو گوتـارەی کە لە مێـژووی پارتیـدا هەبـوو، بەڵام لە چیدا؟ چونکە یەکێتی خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ ململانێ سەرەکییەکە لە نێوانی خەڵکی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزیدا کردبوو، بەتایبەت لەسەر بناغەی ئەو سێ کوچکەیەی کە ئاماژەم پێدا، ئەمانە واقعیەتێک بوون، واتە تەعریب و تەبعیس و تەهجیر ئەم سێ شتە بە جۆرێک بوون کە هیچ مارکسیەکیش نەیدەتوانی بڵێ ئەوە چییە!! چـونکە چەوسانەوەیەکی نیشتمانی گشتگیر، بەتەواوی بەسـەرت دا سـەپا بـوو. بـۆیە یەکێتـی خوێنـدنەوەیەکی دروسـتی بـۆ ئەم بـابەتە کردبـوو، کە دواجـار کـردیە بناغەی گوتاری سیاسیی و هۆشیارکردنەوە و هاندانی جەمـاوەر بـۆ درێـژەدان بە شـۆڕش، بـۆیە ئەگەر ئەو گوتارە تازەیە نەبوایە، تۆ نەتدەتوانی بەهەمان گوتاری رابردوو لەگەڵ هەلومەرجەکە خۆت بسازێنیت، بۆیە من لەوەدا دەیبینم کە جەوهەری گوتاری سیاسی یەکێتی خۆی لەودا دەبینێتەوە، دووەم: گوتارە نوێگەرییەکەی

یەکێتـی لەو نـیمچە بەرەیە بـوو کە رایگەیانـد، چـونکە یەکێتـی وەک تـاکە حزبێـک نەهـاتە پێشـەوە، هەر وەک حزبێکی ئەڵتەرنـاتیڤیش نەبـوو کە لە بەدیلـی پـارتی بێتە کـایەوە، کە رایبگەیەنێت مـن ئەڵتەرنـاتیڤی پـارتیم، چـونکە وەک بینیمـان دوای مـاوەیەکی کـورت یەکێتـی داوای لە پارتیش دەکرد بێنە ناو ئەو بەرەیەوە، بۆیە ئەگەر هاتبـاو مرونەتێکـی سیاسـی یـا لێبـوردنێکی سیاسـی لە نێـوانی حزبەکان هاتبـایە ئاراوە، ئەکـرا حـزب و لایەنـی دیکەشـی تێدا بێت، چونکە ئامـانجێکی نیشـتمانی هەبـوو، کە بریتیـی بوو لە راگرتنی سیاسـەتە سـێکوچکەییەکەی بەعس، ئەمە شتێک بـوو بۆ تەواوی کوردسـتان، واتە تەنهـا پەیوەنـدی نەبوو بە یەکێتییەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین مەسـەلەی هێنـانە کـایەوەی نیمچە بەرەیی، دەچێتە نێو گوتاری نوێی سیاسـییەوە، چـونکە لە دەرەنجامی ئەوەدا دەبینین خەڵک زیاتر متمانە بە یەکێتـی دەکەن، یەکێتـی کـراوە بـوو بۆ ئەوەی هەمـوو لایەنەکـان بێنە ناویەوە.

خـاڵی سـێیەم: بـریتییە لەوەی کە یەکێتـی مرونەتێکـی رێکخسـتنی ئەو تـۆی تێـدابوو هەمـوو هـاوولاتییەکی

کوردستان دەیتوانی بێ هیچ مەرجێک ببێتە ئەندام لەناو یەکێتیــدا، واتە بەدەر لە کــۆمەڵە و بــزووتنەوە، ئەمە گوتــارێکی نــوێ بــوو لە کوردســتاندا، کە لە پێشــووتردا شــتێکی لەو جۆرە نەبوو. بۆیە بە بــاوەڕی مــن ئەو ســێ خــاڵە، خــاڵە ســەرەکیەکانی ئەو گوتــارە تــازەیە بــوون کە لەسەر دەستی یەکێتی هاتە کایەوە.

**- لە رووی رێبازی فکری و ئایدۆلۆژیەوە، سیاسەتی ئاڕاســتە کــراوی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لە ســەرەتاوە وەک دەبینــین لەژێــر کــاریگەری فەلســەفەی مارکســیزم-لینیــزم، بیروبــاوەڕی ماوتســی تــۆنگەوەیە، وردەکاری چوونە ژێر کاریگەری ئەم فەلسەفەیە چییە و ریشەکەی لە کوێوە دەست پێ دەکات؟**

**نەجمەدیــن فەقــێ عەبــدوڵڵا:** یەکێتــی هــیچ کاتێــک بانگەشــەی مارکســی بوونی نەکردووە، یان بڵێین خــۆی وەک بەرەیەکــی مارکســی-لینینــی نەخوێنــدۆتەوە، بەڵام لەناو یەکێتیدا کە رێکخستنی کۆمەڵە هەبووە و کۆمەڵەش خۆی بە رێکخراوێکی مارکسی زانیــووە و ســەردەمانێک تــا ســاڵی ١٩٧٨ بــاوەڕی بە بیروبۆچــوونی مــاویەوە

هەبــووە، بەڵام ئەوەش لە دوای شــەهید ئــارام کۆتــایی پێهــات، واتە کــۆمەڵەی مارکســی-لینینــی کە نــاوە ســەرەکییەکەی بــوو نەمــا، بەڵکــو گــۆڕا بــۆ کــۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە وێوە دەتوانین بڵێین ئەو هێڵە سیاسییە فیکریە مارکسیە بەرەو کاڵبوونەوە چوو، بۆیە من پێم وایە ڕەنگە شێوەی ئەم پرسیارەی تۆ دروست نەبێــت، بەڵام لە یەک ڕوانــگەوە دەتــوانی بڵێــی یەکێتــی بیــرۆکەی نــیمچە بەرەیــی وەک پیشــتر باســم لێــوە کــرد پەیوەنــــــدیەکی بە چەمکــــــی بەرەی ڕزگــــــاریخوازی نیشــــتمانییەوە هەیە، کە ســــەرچاوەی ئەم بیــــرۆکەیە لە مــاویزمەوە ریشــە دەگرێــت، لەم ڕووەوە تەنهــا دەتــوانین ئەوە بڵێــین کە یەکێتــی ســەرچاوەیەکی ئایــدۆلۆژی یــان فیکری ماوی هەبووە، ئەگەرنا لە ڕووی سیســتمی حزبــی و بانگەشەی حزبایەتییەوە یان گوتــاری سیاسییەوە بڵێی لە مــانەدا بــۆ نمــوونە نەچــۆتەوە ســەر مــاویەت، چــونکە ئەگەر تــــۆ بــــاس لە مــــاویەت بــــکەی، بەشــــێک لە بیروبۆچوونی ماوتسی تۆنگ پێی لە ســەر ئەوە دادەگرت کە لە چوارچێــوەی خەبــاتی نیشــتمانی و دیمــوکراتی و بەرەییدا، دەبێت خەبــاتی چینــایەتی هەبێت. ئەگەر تەمــاشــا

بـکەی لەو سـالانەدا بیروبـاوەڕی ماوتسـی تۆنـگ ببـوە بناغەی دامەزراندی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە چین. واتە قۆناغی پێش سەربەخۆیی لە هەمان کاتدا خەباتیان دژی دەرەبەگ دەکرد و زەویان دابەش دەکرد و هەموو ئەو کاروبـارانەی کە دەچـوونە خەبـاتی چینـایەتی و مارکسـیەت، ئەمە لە کوردسـتاندا نەبـووە، بـۆیە کە نەبووبێت کەواتە یەکێتییش ئەمەی ممارەسە نەکردووە، هەر وەک چۆن وەک بەرنامە و سیاسەتیش نەیبووە، خۆ ئەگەر پێشی باش بووبێت لە سەر ئاستی شەخسی کە مام جەلال پێی باش بووبێت یان هەر کەسێکی تر، بەڵام ئەوە ناکـاتە ئەوەی کە بڵێـین یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان شێوە بەرەیەکی مارکسی لینینی بووە.

**- بەڵام ئەگەر سەیری یەکەم بەیاننامەی یەکێتی و پەیـڕەوو پرۆگرامـی سـاڵی ١٩٧٦ بکەیـن. دەبینـین ئەدەبیاتێکی زاڵی چەپ بەسەر یەکێتییەوە زاڵ و دیارە هەروەک چۆن بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە خەباتیاندا هاوکارو پشتیوانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ناوچەکەن، لە هەمان کاتدا دژیەتی خۆیان بۆ بەرەی ئیمپریالیزم و**

ولاتانی داگیر کەر رادەگەیەنن. بەجۆرێکی تر خۆیان دەخنە خانەی بلۆکی سۆسیالیستییەوە، لە ئەدەبیاتیشیاندا بەهەمان شێوە راستە، کەواتە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا:** راستە لەگەڵتدام، پێشتریش ئاماژەم پێدا کە کۆڵەکەی سەرەکی یەکێتی بریتییە لە کۆمەڵەی رەنجدەران، کە زووتر و تاساڵی ١٩٧٨ ناوی کۆمەڵەی مارکسی-لینینی بوو، بە تەئکید ئەمە لە وێوە سەرچاوە دەگرێت، مام جەلالیش خۆی بەدەر نەبووە لە کۆمەڵەی رەنجدەران، کە لە پێش دامەزراندییەوە کاریگەری تەواوی هەبووە لە سەر دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بە حوکمی ئەوەشی کە ئەمانە هەموویان لەناو رەوتی مەکتەبی سیاسیدا بوون، ئەو رەوتە بۆخۆی لە بنەڕەتدا لە سێ هێڵ پێکهاتبوو.

رەوتی یەکەم کە رەوتێکی دواکەوتووبوون و لەگەڵ رەوتی مەکتەبی سیاسیدا هاتبوون، کە ئامادەییان هەبوو لە ئاستی ئەو رێکخستنەدا. رەوتی دووەم، رەوتێکی ناوەندی نیشتمانیی بۆرژوازی نەتەوەیی بوون. هێڵی سێیەم کە بەشی جەلالیەکانی دەگرتەوە بریتی بوون لە

رۆشنبیرو مامۆستا و...تاد. خەڵکانی شۆڕشگێربوون و لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بوون، هەموو ئەوانە وەک کاک شیهاب و برادەرانی دیکە خەتی چەپی ناو جەلالی بوون، کە مام جەلال لە رووی مەعنەوی و فیکرییەوە رابەری ئەمانە بووە، لێرەدا باس لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ دەکەم، بەڵام لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دواجار حزبەکەی مام جەلالیان هەڵوەشاندەوە و تێکەڵ بە پارتی بوونەوە، ئەم خەتە پێداگیریان کرد، کە دەبێت وەکو رێکخراوێکی سەربەخۆ بمێننەوە، هەر بۆیەشە بیروباوەڕی جەلالیەتی کۆن هاتە ناو کۆمەڵەوە، لەم رووەوە ئەگەر تەماشای بکەین، بێگومان کە مام جەلال بۆخۆشی یەکێک بووە لەوانە رۆڵ و کاریگەریی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ، چ بەسەر کۆمەڵە و پاشانیش بەسەر یەکێتیشتدا هەیبووە، بەڵام وەک پیشتر وتم لە رووی پراکتیکی و سیاسییەوە، ئەوەی کە پێی دەڵێی خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەناو خەباتی چەکداری، کە لە ساڵی ١٩٧٦وە دەستی پێ

کردووه ئامادەیی نەبووە، بەڵکو ئەوەی هەبووە خەباتێکی نیشتمانیی نەتەوەیی بووە، بەرامبەر بە حکومەتی بەعس.

مـن کـاتی خۆیشـی ئەوەی یەکێتـی و کـۆمەڵەم بە مارکسـیەت نەزانیـوە، چـونکە ئایـدۆلۆژیە نیشـتمانییە نەتەوەیـیەکە بەسـەر ئایـدۆلۆژیە مارکسیسـتییەکەدا زاڵ بـووە، لەبەر ئەوە کە دەڵـێم بە مارکسـی نـابینم، بەو واتایەی کە من بە مارکسی نابینم، ئەو خۆی بە مارکسی دەبینێـت یـان لە ئەدەبیـاتەکەدا رەنگـی داوەتەوە، ئەو شێوازە لێکدانەوانە خودی مارکسیزمی بەکار هێناو، واتە هەم کۆمەڵە و هەم یەکێتییش مارکسیزمیان بەکارهێناوە بـۆ مەسـەلە نەتەوەیـیەکە. لە حاڵێکـدا ئەمە مەسـەلەی دیمـوکراتیەتە لە بیروبـاوەڕی مارکسـیدا، لە کاتێکـدا جەوهەری مارکسیزم خەباتی چینایەتیە نەک نەتەوایەتـی، ئەمە قۆناغێـک بـووە هەتـا ئەگەر مارکسـیەکانیش بەشداریان تێداکردبێت بۆ ئەوە بووە کە تێپەڕێت، بەڵام ئەمە چارەسـەری کێشـە کـۆمەڵایەتی و چینایەتییەکـان ناکات.

فەلسـەفەی مارکسـیەت جیـاوازە لەوەی کە تـۆ بێـی بەکاری بهێنیت بۆ شتێکی دیکە، ناسیۆنالیزم بۆخۆی

ئایـدۆلۆژیایەکە، بەهەمانشـێوەش ئەمە بـۆ مارکسـیزم راستە، مەسەلەی خۆخستنە بەرەی سۆسیالستی دەتوانم بڵـێم لە هەمـوو دنیـادا لە بـزووتنەوە شۆڕشـگێڕیەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام زیاتر لەناو جوڵانەوە نەتەوەیەکاندا بانگەشـە بـۆ مارکسـیزم دەکـرا، چـونکە لە بنەڕەتـدا مەسەلەی رزگاری بۆخۆی دژی ئیمپریالیزم و داگیرکار و ئەو شـتانەیە، بـۆیە لەم روانـگەیەوە دەکەوتـنە بلـۆکی سۆسیالیستییەوە.

یەکێتـیش لەژێـر هەمـان ئەو کـاریگەریەدا دژی سەهیۆنی و ئیمپریالی و ئیستعماری بوو، کە بەشێکە لە بـزووتنەوەی سۆسیالیسـتی جیهـانی خـۆی وا پێناسـەی دەکات، ئەمە واقیعی ئەو سەردەمە بووە، چونکە نەدەکرا پـێچەوانەی ئەمە بـوترێ، بەتـایبەت کە خەبـاتی جووڵانەوەی یەکێتی بۆ مەسەلەی رزگاری بوو.

بەڵام دیسـانەوە دەیڵـێمەوە ئەگەر بـڕۆیتە خـانەی هەڵسەنگاندنێکی بابەتییەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەمە مانای ناسنامەیەکی مارکسیانە بۆ یەکێتی نییە. هەروەک وتم مەسەلەکە ئەوە نییە، کە تۆ ئایدیای مارکسیستی بهێنیت لە چوارچیوەی کۆمەڵێکی دیاریکراودا هەوڵبدەی چ وەک

بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی یان لە دێهات و هێزی سەربازیدا بەکار بهێنێت، ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ماویەت هەیەتی یان یەکێتی هەیەتی، بەڵام بە تەماشاکردن لە ئەدەبیاتی یەکێتی و کۆمەڵە، کە هەر لە سەرەتاوە لەژێر ناسنامەی مارکسیەتدا خۆیان ناساندووە، بەڵێ دروستە، ئەمە لە گۆڤارەکاندا بوونیان هەیە. من بۆخۆم لە ساڵی ١٩٨٢دا زنجیرەیەک بابەتم لە سەر مەسەلەی کۆلۆنیالیزم و ئەو جۆرە بابەتانە هەیە، ئەگەرچی خۆم ئەو کاتە وازم لە کۆمەڵە هێنا بوو، بەڵام ئەوە هەبووە.

بۆیە من ناتوانم بڵێم یەکێتی لە رووی ئایدۆلۆژییەوە بزووتنەوەیەکی مارکسی-لینینی بووە، بەڵام لەژێر کاریگەریی ماویزمدا بۆ مەسەلەی چوار چینەکە و بەرەی نیشتمانی و کۆکردنەوەی هێزی گەل، کە هێزی گەل بریتی بووە لە هەموو ئەوانەی زەرەرمەندن بەرامبەر بە سیاسەتەکانی بەعس راستە.

**-دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرەتاوە هەڵگری بیروبۆچوونی فیکری چەپ بوون، ئەو بیروبۆچوونەی ئەوان هاوشێوەی چ جۆرە**

**تەفسیرێک لە فەلسەفەی مارکسیزم-لینینی، ماوسی تۆنگە؟**

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا:** لە رووی گوتارە سیاسییەکەوە ئەگەر تەماشای بکەین، مەسەلەی نیمچە بەرە بیرۆکەیەکی ماویانەیە و خاڵێکی جەوهەریە لەناو یەکێتیدا تا ساتەوەختی راپەڕین بەردەوامی هەبوو، بمانەوێت و نەمانەوێت دەچێتە خانەی ماویزمەوە، دووەم لە رووی تەکتیک و ستراتیژی سەربازییەوە تەواو دروست لە سەر بیرۆکە ماویەکە دەست بە خەباتی چەکداری دەکات، کە بیرۆکەکە بریتیی بوو لە جەنگی درێژخانی گەل لە دێهاتەکانەوە بەرەو ئابڵۆقەدانی شارەکان و رزگارکردنیان، کە مام جەلال لەم رووەوە لە سەدا سەد لەژێر بیروبۆچوونی ماویدایە، ئەمە لە منی وەربگرە!. بەڵام ئایا ئەوە لە پراکتیکدا جێ بەجێ کراوە لەو کاتەدا، ئەمە قسەی دیکە هەڵدەگرێت، چونکە لە بنەڕەتدا تیۆری ماوی مفاوەزاتی تێدا نەبووە، بەڵام لای ئێمە مەبدەئی مفاوەزات هەبوو، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو سوود بینینە لە بیروبۆچوونی ماوی بە پێی هەلومەرجی کوردستان بووە، لەم رووەوە سوود بینین لە ماویزم

وەک تاکتیک بووە، بەڵام وەک فیکرو ئایدۆلۆژیا بوونی نەبووە.

**- تا چەند دەتوانین بیروباوەڕو ئەدەبیاتی کۆمەڵە، لە گۆڤارەکەیاندا، بەبیروباوەڕو ئەدەبیاتی یەکێتی یان خەتی گشتی بچوێنین، بەتایبەت کە مام جەلال پێی وایە، کۆمەڵە هەوێن و جەوهەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە؟**

**نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا:** لە سیاسەتە گشتییەکاندا دەتوانین بڵێین ئەوە جێگەی قبووڵە، سیاسەتە گشتییەکان بە مانای خەباتی نیشتمانیی نەتەوەیی، کە تاوەکو ساڵی ١٩٨٢ هەر بە نییەتی ئۆتۆنۆمی قسە کراوە، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە کۆمەڵە مافی چارەنووسی هەڵگرت، کە ئەمە لە ڕێکخستنە مارکسیەکەدا هەبوو، بۆیە دەبوو دەمێک بوایە ئەو دروشمە هەڵبگرێت.

ئەگەر لەو روانگەیەوە تەماشای بکەیت، دەتوانی بڵێی بەشێکی زۆری نووسین و لێکدانەوەکانی کۆمەڵە، کە لە ئەدەبیات و نامیلکەکانیان و گۆڤارەکەیاندا لەو چوارچێوە گشتییەدا بەڵێ لەگەڵ ئەدەبیاتی سیاسی یەکێتیدا یەکی

دەگرتەوە و بگرە هەمان بیروبۆچوونیشی هەبووە، بۆیە لە چوارچێوەی خەباتە سیاسییە نیشتمانیی و نەتەوەییەکەدا جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوانی گوتاری سیاسی ئەو دوو لایەندا نابینیت.

لەلایەکی دیکەوە وەک وتم کۆمەڵە لە دوای دروستبوونی یەکێتی و لەژێر هەژموونی ئەودا دەستبەرداری پرەنسیپەکانی مارکسیزم دەبێت، ئەمەش وایکرد زیاتر تێکەڵ بە رەوتە نیشتمانییەکە بێت، بۆیە لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی کۆمەڵە لەو چوارچێوەیەدا هەمان ئەدەبیاتی یەکێتی بوو، بە هۆکاری ئەوەی کە یەکێتی هیچ کاتێک دژی ئەوە نەبووە، کە مام جەلال یان قیادەی یەکێتی لە بەرامبەر ئەو ئەدەبیاتەی کۆمەڵەدا شتێک بڵێن هەروەک چۆن دژی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕان نەبوو، چونکە لە سیاسەتە گشتییەکەدا هەموویان یەکیان دەگرتەوە، بۆیە دەبینین لە دوای راپەڕین بە ئاسانی ئەو نیمچە بەرەیە بە یەکێتی وەک حزب کۆتایی دێت.

**- سـالی ۱۹۸۹وردە وردە ئەو بیـرۆکەیە لە نێـو یەکێتـی سـەری هەڵـدا کە بـزووتنەوەی سیاسـی کـورد پێویسـتی بە ئۆرگـانێکی تـازەیە بتـوانێ باشـتر لەگەڵ گۆڕانکاریەکانـدا بسـازێت و کەمتـر ڕەنگـی چینـایەتی و ئایدۆلۆژی لەخۆی بسوێ. بە مانـایەکی تـر یەکێتـی لەم قۆناغەدا دەیەوێت پشت لەو ناسنامە ئایدۆلۆژیە بکات کە لە سـەری دامەزراوە، هۆکـاری ئەم گۆڕانکـاریە بـۆ چـی دەگەڕێنیتەوە؟**

**نەجمەدیـن فەقـێ عەبـدوڵڵا:** بـۆ ئەو سـەردەمە کە سـەردەمی گلاسنۆسـت و پروسـترویکای گورباجـۆڤ کە لە سـالی ۱۹۸۷ وە دەسـتیپێکردبوو لە دوو سـاڵ دواتـر دەتوانین بڵێین گەیشتە کامڵ بوون، ئیتر ئەوەندەی نەبرد کە سـۆڤێت بەرەو لێکتـرازان و هەڵوەشـانەوە چـوو، ئەمە وایکــرد کە ئەو قۆنــاغەی لە ســالانی دەیەی ٦٠ و ٧٠ بەتـایبەتی بیروبـاوەڕی مارکسیتسـی و سۆسیالیسـتی لە هەمـوو جـوولانەوە نیشـتمانیی و نەتەوەییەکانـدا ڕەنگـی دابــۆوە لە ئەفریقــاوە بگــرە تــا ئەمریکــای لاتــین و ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت و ڤێتنـام و...تـاد. لە هەمـوو دنیـادا برەوێکــی گەورە و زۆری هەبــوو، لەو جــوولانەوانەدا ڕێکخـراوی مارکسیسـتی جۆراوجـۆر بوونیـان هەبـووە،

واته چ ئەوەی سەر بە هێڵی سۆڤێتییەوە بێت یان سەربە هێڵی ماوەیەوە بووبێت، بەدەر لە جیاوازی ئەو دوو هێڵە، بەڵام هەموو ئەمانە دەچوونە خانەی سۆسیالیستییەوە، بلۆکی سۆسیالیستی بە مانای سیستمە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکە نا ئەوەی کە لە سۆڤێت هەبوو، بەڵام لە چوارچێوەی جووڵانەوە نیشتمانییەکاندا ئەمانە رۆڵ و کاریگەریان هەبوو، کە زۆر جار رۆڵی سەرەکیان دەبینی، ئەمە لەگەڵ کۆتایی پێ هاتنی جەنگی سارد دا، تەواوی ئەو هاوکێشەیە گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا هات، ئەمە وەکو جۆرێک لە ئاشبەتاڵ وابوو! کە کاریگەری بۆ سەر هەموو چەپەکانی دنیا هەبوو، بە جۆرێک هەموو حزبەکانی هێنایە ئاستی دارمان کە سەرەتا پێ دەچێت دارمانێکی رێکخراوەیی نەبووبێت، بەڵام لە رووی ئایدۆلۆژیەوە ئەمە لە تەواوی جیهاندا پاشەکشەیەکی گەورەی بە بیروباوەڕو فیکری مارکسی و سۆسیالیستی کرد. لە دەرەنجامدا گەورەترین سەرکەوتن بۆ دنیای رۆژئاواو سەرمایەداری، بەباوەڕی من ئەوە نەبوو کە سۆڤێت رووخا، بەڵکو شتەکە لە دوای ئەوەوە بوو، کە بریتی بوو لە هەرەس پێهێنانی هزری شۆڕشگێڕی لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە باسم کردن، هزری شۆڕشگێڕی

بە مانای دژایەتی کردن و خەبات لە دژی سەرمایەداری و..تاد. لە راستیدا هەرەسە گرنگەکە ئەوەبوو کە تاوەکو ئێستاش خۆی نەگرتۆتەوە، ئەگەر تۆ تەماشا بکەیت تا ئێستا چەپ لە هەموو دنیادا بەتایبەتی لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا تەنانەت نوزەیەکی نییە، کەچی تازە تازە هەندێک کەس دەیانەوێت لە کوردستان خۆیان وەک رابەری چەپ و مارکسیستی پیشان بدەن!! بۆیە ئەو دارمانەی کە رووی دا هەتاوەکو ئێستا نە جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز هاتۆتە پێشەوە کە کرێکار یان چەپی واقیعی تێیدا رۆڵ ببینێت بوونی نییە تا ئەمە تێیدا ببوژێتەوە، ئەوجا ئەو ماشێنە مێدیایەی یان راستر بڵێین ماشێنی داشۆرینی مێشک کە لە ماوەی ئەو ٢٥ ساڵەی دواییدا کاری لە سەر کرد، یان ئەو نەوەیەی کە تازە پێگەیشتوون غەریبن بەو دنیایەی پێشوو، ئەم مەسەلانە وەک ئەوەی پێویستی بە شۆڕشێکی فیکری بێت کە نوێکردنەوەی بیروباوەڕو ئایۆلۆژیای مارکسی یان هەر شتێک لەو بابەتە بێت، بەڵام مەبەستم ئەوەیە لە ساڵی ١٩٨٩ بە دواوە رێکخستنێکی وەکو یەکێتیش کە وەک نیمچە بەرەیەک بوو و چەپەکەش لەناویدا بریتی بوو لە کۆمەڵە، بۆخۆی کرچ و کاڵ ببۆوە لە رووی

ناسنامە ئایدۆلۆژیەکەیەوە، حاڵەتێکی زۆر ئاسایی بوو کە لەپێش هەموو حزبێکی تر ئەگەر چەپی راستەقینە و رادیکاڵ بوایە بەخۆیدا بچێتەوە، ئەو نزیکایەتیەی لەگەڵ مارکسیزم هەیبوو زۆر بەئاسانی بیخاتە لاوەو کەسیش نەڵێت ئەم شتە سەیرە چی بوو، هەر لەبەر ئەوەش هیچ کەسێک رەخنەیەکی لەم رووەوە نەگرت، هەروەک لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیش یەک کەس هەڵنەستاوە بڵێ چۆن شتێکی لەو جۆرە دەبێت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە شتەکە زەمینەی جیهانی هەبوو، نەک ئەوەی کە تەنها یەکێتی رووبەڕووی ئەمە بێتەوە، خۆ ئەگەر یەکێتی تەبەنی بیروبۆچوونێکی دیکەی کردبێت وەک سۆسیال دیموکراتی، چەندین حزبی شیوعی دیکە هەن، کە تەبەنی ئەوەشیان نەکردووە، بەڵکو بوونەتە حزبێکی لیبراڵی، بۆ نموونە ئەو حزبە شیوعیەی خۆمان، حزبێکی تەواو لیبراڵە، کە بەهیچ جۆرێک گوێ لە مەسەلەی کرێکاری و زەحمەت کێش و داخوازیەکانیان ناگرێ، بەڵکو هەموو هەوڵێکی ئەوەیە قاچی کورسییەکی لە پارلەمان دەست کەوێت، کە دەستی ناکەوێت! ئەمانە بەسەرچوونە و بوونەتە بەشێک لە کەلەپور، بەڵام کە یەکێتی خۆی راگرت توانی لەگەڵ هەلومەرجەکە خۆی نوێ بکاتەوەو

ئەرکە نیشـتمانیی و نەتەوەیـیەکەش لە ئـاردا مـابوو بە ئێستاشـەوە، کەواتە ئەو شـتەی کە یەکێتـی لە سـەرەتاوە بۆی دروستبووە لە ئێستاشەوە مستلزماتی ماوە.

لەسـەر ئاسـتی ناوخۆییـدا بیـرۆکەی سۆسـیال دیمـوکراتی شـتێکی تـازە نەبـووە کە لەنـاو یەکێتـی هـاتە پێشـەوە، سـالانی پێشـووتریش ناسـنامە مارکسـیەکەی(ئەگەر هەیبوبێـت!!) بیـرۆکەی سۆسـیال دیموکراسی لەناو کۆمەڵەدا قسـە و باسـی لەسـەر کراوە، بەو هۆکارەی کە لە پاڵ ئەدەبیاتە مارکسیەکەوە بەشـێکی زۆری ئەدەبیـاتی لە دژی کائوتسـکی و ...تـاد. ئەوانەی کە بانگەوازیان بۆ برنشتاین و ئەمانە دەکرد بانگەوازیـان بۆ سۆسیال دیموکرات دەکرد. واتە دامەزراندنی سۆسـیالیزم لە رێـگەی پارلەمـانی ئەو مەسـەلانەوە، نەک لە رێـگەی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەلایەتییەوە.

بۆیە ئەم بیرۆکەیە باسکراوە و شتێکی غەریب نەبووە لەو کاتدا، بەلام نەک وەک ئەوەی لەو کاتەدا یەکێتی ببێتە سۆسـیال دیمـوکرات، بەڵکو وەکو بیروبۆچوونێـک لەنـاو مارکسـیەتدا بـوونی هەبـووە، چـونکە سۆسـیالەکان لە سەرەتاوە لەناو مارکسیەتدا بوون.

***هاوینی ساڵی ٢٠١٧**



## دوایین دیدار لەگەڵ عەبدولڕەزاق فەیلی

### (ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.ك)

یەک هەفتە بەر لە دوایین دیدارم لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک عەبدولڕەزاق فەیلی-دا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، واتە لە ٢٠١٧/١٠/١٩ لە سالۆنی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لەگەڵ کاک ستران عەبدوڵلا و چەند برادەرێکی تر دانیشتبووین، پێم وابێت کاک ستران و کاک عەبدولڕەزاق فەیلی بەنیاز بوون بڕۆن نەهارێک بخۆن، بەڵام دڵنیا نیم کامیان دەعوەتی کامیان بوون.!!

لەوێ بووم کە کاک عەبدولڕەزاق هات، من ئەو کاتە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ رۆژانە خەریکی کاری نووسینی توێژینەوەی ماستەر نامەکەم بووم سەبارەت

بە فیکری سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران.

دەبوو لەگەڵ چەند کەسێک کە شارەزای فیکری سیاسیی یەکێتین قسە بکەم، جا چ باشتر کە ئەو کەسە یەکێک بێت لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی، کە کاک عەبدولڕەزاقم بینی، بە کاک سترانم وت ئەگەر ئەرک نییە قسەیەکی لەگەڵ بکە، بەڵکو کاتێکم بۆ دابنێت و کەمێک لەو بارەیەوە لە کاتی بگرم، کاک ستران پێی وت، ئەویش وتی هەر کات هاتی بە سەرچاو.

ئەم ئۆکەی، بە سەرچاوە بۆ من زۆر دڵخۆشکەر بوو، بەتایبەت کاک عادل موراد بەهۆی نەخۆشییەوە لە دەرەوەی وڵات بوو، کاک عومەر شێخ موس زۆر چاوەڕێ بووم وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، بەڵام لە دوا نامەدا بە داوای لێبووردنەوە وتی کاتێکی وام لە بەردەستدا نییە، کاک دکتۆر فوئاد مەعسومیش بەهۆی ڕووداوە گەرمەکانی نێوان بەغداو کوردستان وەک دەوروبەرانی وتیان کاتێکی وای نییە!؟.

بە هەر حاڵ دوو ڕۆژ دوای ئەوە ڕۆشتمە لای کاک عەبدولڕەزاق فەیلی و لە مەکتەبەکەی دانیشتم و

چاکەیەکی بێ شەکری ڕەشیان بۆ هێنام و خواردمەوە، دواتر گوێم لێ بوو پێیان وت تەحسین تەها هاتووە، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-وە. وتی کام تەحسین تەها، ئەوەی هونەرمەندەکە!! هاتوو فەرموویان لێکردم بۆ ژوورەوە.

کە چوومە ژوورەوە کاک عەبدولڕەزاق دیار بوو کەسێک تێلی بۆ کردبوو، بۆئەوەی لە ڕێی پەیوەندییەکانی مەکتەبەکەیەوە سەفەرێکی بە مەبەستی نەخۆشی بۆ دەرەوی وڵات بۆ ڕێک بخات. ڕووی کردە من و وتی کاک (بەشدار) بەخوا نازانم چیت پێ بڵێم ڕۆژانە چەندین کەس بۆ ئەو مەبەستە تەلەفونم بۆ دەکەن؟! وتم کاک عەبدولڕەزاق من تەحسین-م، بەشدار نیم. من هاتووم بۆ چاوپێکەوتنەکە نەک کاری پاسپۆرت و ئەو شتانە.

پێکەنی و کەمێک داما، وتی ببورە سەرم زۆر مەشغوڵە...

قسەکانمان دەست پێکرد، وتی چات خواردووە، وتم بەڵێ خواردوومە، وتی کەوایە ئەمر بکە بزانم دەتەوێت چی بکەیت، منیش ئەو پرسیارانەی کە دەمویست لێی

بپرسم سەبارەت بە رەوتی فیکری یەکێتی بە تایپکراوی پێم دان و سەیرێکی کردن، وتی ئەمە بۆ ئەمڕۆ باوەڕناکەم بەوە رابگەم وەڵامی حەوت پرسیار بدەمەوە بۆ نەیکەینە رۆژی پێنج شەممە، وتم زۆر ئاساییە، ئەویش وتی کەوایە منیش باش دەیانخوێنمەوە و وردتر قسەیان لە بارەوە دەکەین.

رۆژی پێنج شەممە سەعات ١٠ی بەیانی گەیشتمەوە مەکتەبەکەی ئەو، دیسانەوە وتیان تەحسین تەها هاتووە، کام تەحسین تەها، هونەرمەندەکە؟!!

لە ژووری خۆی نەبوو، دەنگی دەهات، دوای ١٠ دەقە هاتەوە، وتی فەرموو، کە چووومە ژوورەوە کوڕێکی گەنجیشی لەگەڵ بوو، ناوەکەیەم بیر نەماوە، بەهەر حاڵ پێی وت دانیشە و گوێ بگرە، ئەمە چاوپێکەوتنێکی زۆر باش دەبێت بۆ تۆ، ئەویش دانیشت.

کاک عەبدولڕەزاق فەیلی وتی کوا پرسیارەکانت، وتم ئەی کۆپییەکم پێ نەدای ئەو رۆژە؟. وتی بیرم نەماوە، کەمێک کاغەزەکانی سەر مێزەکەی ئەودیو ئەودیو کردن، دۆزیەوە، زانیم کە مەجالی ئەوەی نەبووە تەنانەت

سەیریان بکات، دیسانەوە دەستی بە خوێندنەوەی یەکەم پرسیار کردەوە. وتی زۆر باشە گوێ بگرە من خۆم بە تێکەڵی وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەمەوە.

کەمێک نا ئومێد بووم لەوەی کە وەڵامەکان بە دەقیقی بداتەوە، ئەمە شتێکی ئاسایی بوو، چونکە بۆ کەسێکی ئاوا کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ تەمەنیەتی و هێشتا هەر کار دەکات ئاساییە.

دانیشتم و دەستی پێکرد، ئینجا ئەوەی پێ وتم کە ئەوەندە لە ساڵ و ناو و شوێن تەرکیزی نەماوە، هەم زاکیرەم هەم جەستەم لەوە دەرچوون کە سەیتەرەم بە سەرخۆمدا هەبێت.

من ئەوەم بە باشی لێ بەدی کرد، بەتایبەت کە بینیم چوار جار قاوەکەی بەردەمیان گۆڕی، ئەو هەر ئاگای لەوە نەبوو قاوەکەی بخواتەوە، زۆر رۆچووبووە ناو گێڕانەوەی سەرەتای هەرەسی جووڵانەوەی ئەیلول و دامەزراندنی یەکێتی بە وردەکارییەکانییەوە.

من و ئەو برادەرە سەعات و نیوێک بەدیارییەوە دانیشتین، تەواوی دیمەنەکانمان لەبەرچاو بوو کە دەیگێڕایەوە بۆ مان..

بە داخەوە کە هـــاتمە دەرەوە یەکێـــک لە فـــایلە دەنگیەکانم لە دەست سڕایەوە، بەڵام دیسان شوکر بووم کە فـــایلی دووەم بـــووە و ســـەرەتای باســـەکەم لەبەر دەستە، ئەم سڕانەوەی فایلە زۆر بێتاقەتی کردم، تا وای لێهات بڕیاری ئەوەم دا کە تـایپی نەکەم و هەر ئـاوا لای خۆم بیپارێزم...

بەڵام کە هەواڵی کۆچی دوایی کاک عەبدولڕەزاق-م بیســـت، هەر ئەو شـــەوە بڕیارمـــدا وەک دوایـــین چاوپێکەوتن، ئەو بەشەی چاوپێکەوتنەکە کە ماوەتەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی بکەمەوە..

دواجار بە کەمێک درەنگەوە چاوپێکەوتنەکەم تایپکرد. بەڵام دەبێــت بڵــێم دوایــین چــاوپێکەوتن بــوو کە لەو بارەیەوە لەگەڵیدا کردبێت.

**لێرەوە دەقی چاوپێکەوتنەکە وەک خۆی دادەنێمەوە:**

## "لە شکستی جووڵانەوەی ئەیلولەوە تا یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی"

### بارودۆخی دوای جووڵانەوەی ئەیلول

بـــارودۆخی ئەو کـــاتەی کە یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان تیایـــدا دامەزرا بە نســـبەت بـــزووتنەوەی رزگـــاریخوازی کـــورد لە باشـــووری کوردســـتان بارودۆخێکی ناوهەموارو ئاڵۆزو خراپ بوو.

مــن نامەوێــت بــڕۆمە نــاو بــابەتی هەڵســەنگاندنی مەســـەلەی کۆتـــایی هـــاتنی شـــۆڕش و هەڵوێســـتی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش، ئەمە بـــابەتێکە و خوێنـــدنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، کە هەروا بە ئاسانی ناتوانین باسـی لێـوە بکەیـن، بەڵام مـن شـتێک دەڵـێم وەک رووداوێکـی مێژوویـی کە لە ٦ی مـارتی سـاڵی ١٩٧٥ روویـدا، ئێـران هەموو سنوورێکی لە ئێمە داخست و مژارێکی بۆ بەجێ هێشـتین، ئەویـش بریتـی بـوو لە دوو رێـگە یـان ئەوەی چەکەکانمان دابنێین و بڕۆینەوە ناو حکومەت یان ئەوەتا

بڕۆینە ئێران و لە کەمپەکانی ئەوێدا کۆمان بکەنەوە، لەوە زیاتر مژارێکی تریان بۆ نەهێشتینەوە، بۆ ئەمەش ئەوانەی کە ڕوویان لە ئێران دەکرد زیاتربوون لەوانەی کە دەڕۆشتنەوە ناو حکومەت، بەتایبەت ئەوانەی سەرکردە و بەرپرس بوون لەناو شۆڕش، ئەوان نەیان دەتوانی بڕۆنەوە ناو حکومەت و تەسلیم ببنەوە.

لەو کەین و بەینەدا کۆمەڵێک یان گرووپێک شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە بەرهەڵستی خۆیان نیشاندا و وتیان ئێمە بەرگری دەکەین، لەوانە دەستەیەک لە کادر و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کە بە ئاشکرا کاریان نەدەکرد، بەڵام وەک کەسایەتی ناسراو بوون، لەوانە شەهید شەهابی شێخ نووری، دارۆی شێخ نووری، شەهید ئارام، سالار عەزیز، پێم وابێت فەرەیدون عەبدولقادریشیان لەگەڵ بووبێت، کە من نەمدی.. و کۆمەڵێک لە برادەرانی تر کە ئەوکات بەیەکەوە لەناو کۆمەڵەدا کاریان دەکرد.

لە دوای ئەمانە دەبێت باس لە هەندێک کادری ئەوکاتی پارتی بکەین، کە دەتوانین ناویان بنێین کادری پارتی شۆڕشگێڕ، وەک کاک عەلی عەسکەری و شەهید

دکتۆر خالید سەعید، کاک عادل موراد، حەمە رەزاو ژمارەیەک لە ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بیرم نەچێت فاروقی مەلا مستەفاشیان لەگەڵ بوو، ئامادەبوون بڕۆن لەناوچەی پێنجوێن جارێکی تر بە بیرکردنەوە و میتۆدێکی نوێ-وە کاری شۆڕشگێڕیی و چەکداری دەست پێ بکەنەوە.

ئەمانە ئامادەبوون و رۆشتنە پێنجوێن و بەڕاستی تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم ئەوان دەیانویست بەگری بکەن و چەک دانەنێن، بەڵام لەو ئان و ساتەدا مەلا مستەفا لە تاران گەڕایەوە و پەیامێکی پێ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە وتی نابێت هیچ کەسێک بەرگری بکات، تەنانەت وتی ئەوانەی کە رۆشتوونەتە پێنجوێن ئاگاداریان بکەنەوە کە بێنەوە، ئەگەریش قبوڵیان نەکرد خۆم دەڕۆم و دەستبەسەریان دەکەم و دەیانهێنمەوە، ئەمە تەورێک بوو بۆ ئەوەی هەموو رێگەیەک ببڕن لە مەسەلەی بەرگریکردن، ئەوەبوو برادەران هاتنەوە.

کە هاتنەوە کۆبوونەوەیەکی تر کە هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەم بابەتە بە سەرکردایەتی مامۆستا ئیراهیم ئەحمەد و کەمال محێدین و کاردۆ گەلاڵی و رەسول

مامەند بوون لەگەڵ ژمارەیەک لە باڵی مەلامستەفا، بیرم نەچێت ڕەحمەتی کاک عومەر دەبابەشیان لەگەڵدابوون. ئەوان گفتوگۆیان کرد لەوەی کە دەبێت چی بکەن؟. ئەوان بڕیاریان دا کە بڕۆنەوە بۆ بەغداد بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک دروست بکەن، هیچ نەبێت دەست بەو بارودۆخە خراپەوە بگرن و کارئاسانی بۆ خەڵک بکەن، چونکە ئەوە روون بوو کە رژێمی بەعس لە باری سەرکەوتندابوو، کە زۆر دڕندانە کەوتبووە گیانی هەموو ئەو دەستکەوتانەی پێشووتر پێی دابوون لێی وەردەگرتنەوە، بۆ نموونە قەدەغەکردنی هەڵواسینی تابلۆ بە زمانی کوردی لە شەقام و دووکان و شوێنی کارو خوێندگاکان و ...تاد.

### وتیان بڕۆ بۆ لای مام جەلال

هەندێ لەو برادەرانە چوونە بەغدا و ئەوانی تریش چوون بۆ نەغەدە یان راستر بڵێین روویان لە ئێران کرد، لە وێ لە نەغەدە هەندێ لە برادەران کەوتنە لای من و هەندێکی تریشیان کەوتنە لای برادەرێکی تر، کاک

شـــەهاب و ئـــارام لای مـــن مـــانەوە، بەڵام ئەوان زوو بڕیاریـان دا بگەڕێـنەوە و کـاک شـەهاب وتـی لەگەڵمـان وەرەوە، منـیش وتـم پاسـپۆرتم هەیە و دەڕۆمە دەرەوە، بەڵام کـاک شـەهاب وتـی ئەگەر هەر دەڕۆیـت بـڕۆ بـۆ سـوریا بـۆ لای مـام جەلال، ئەوان لەگەڵ سـاڵح یوسـفی گەڕانەوە.

ئەو کاتە من و عادل موراد بەیەکەوە بووین، یەکێکیان دانابوو بچێتە سوریا و ببێتە نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە بەرەی نیشتمانی قوتابیانی عیراق، کە سەر بە عەرەبی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی عیراقی بوو لە سوریا، کە ئەو کـاتە یەکێتـی قوتابیـانی کوردسـتان ئەنـدام بـوو تیایدا، ئەو کوڕەیان دانابوو کە بچێت ببێتە نوێنەر لەوێ، بەڵام دواتر ئەو برادەرە ڕۆشتەوە بۆ عیراق.

ئەوەبوو کاک عادل پێی وتـم پاسپۆرتت هەیە، منیش وتم بڵێ بۆچی؟ وتی پێت چۆنە بتکەمە نوێنەری یەکێتی قوتابیـانی کوردسـتان لە شـام، منـیش قسـەکەی شـەهید شەهابم لە بیر بوو، خۆشم دەمویست بڕۆمە دەرەوە.

دوای ئەوە هەر لە نەغەدە دکتـــۆر خالیـــد وتـــی عەبدولڕەزاق چی دەکەیت و بەرنامەت چییە؟ منیش وتـم

دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە پاسپۆرتم هەیە و دەمەوێت بخوێنم، ئەویش وتی بڕۆ بۆ سوریا بۆ لای مام جەلال.

ئەوەی من دەیڵێم بانگەشە نییە بۆ ئەوەی کە ئەوان دەیانزانی مام جەلال چی دەکات یان دەیەوێت چی بکات، بەڵام مەنتقی بارودۆخەکە وابوو کە ئەوان دەیانزانی مام جەلال هەروا بەئاسانی دانانیشێت و سەیری بارودۆخەکە بکات.

دوای ئەوە لەگەڵ یەک دوو برادەر رۆشتینە لای کاک عەلی عەسکەری لە سابلاغ، کاک عەلی وتی(شێتە) دەتەوێت چی بکەیت؟ منیش وتم وەڵا کاک عەلی دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە بخوێنم، ئەویش کە ئەم قسەیەی منی بیست جەختی کردەوە وتی بڕۆ بۆ لای مام جەلال لە شام. ئەمە سێیەم کەس بوو کە ئەم قسەیە بکەن. منیش وتم هەوڵ دەدەم کە وا بکەم.

ئەمە جگە لەوەی کە خۆشیان بڕیاریاندابوو هەندێک کادری باوەڕ پێکراو بنێرنە ئینگلتەرا بۆ ئەوەی بزانن چی دەکەن لەوێ بۆ ئەوەی ئەوانیش ئامادەبن، یەکێک لەوانە کاک عادل موراد بوو، ئەوەی تریشیان کاک نوری

شاوێس بوو، نوری شاوێس هەر لەو فەرتەرەیەی ئێمە دەرچووین بۆ سوریا ئەویش هاتە ئەوێ، بەڵام دواتر چووە بەیرووت.

**لە شام وتیان چاوەڕێ بکەم مام جەلال فیکرەیەکی هەیە**

ئێمە کە هاتینە شام، ئەگەر زۆر باش بیرم بێت ١٩٧٥/٤/١٤ بوو، یەکەمین کەس کەبینیمان ئەندامێکی حزبی بەعسی سەر بە سوریا بوو، واتە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بوون لەوانەی سوریا، کە ئێستاش پەیوەندی ئەو برادەرە لەگەڵ یەکێتی بەردەوامە و زۆریش باشە، ئەگەر هەڵە نەبم ناوی (مەحمود شێخ رازی)بوو. ئەو کاتە ئێمە هێشتا مام جەلال-مان نەبینی بوو، زۆر بە رەخنەگرانە باسی شۆڕش و شکستی شۆڕشمان دەکرد، بەتایبەت کاک عادل زۆر پڕ بوو کە رۆشتبوون بۆ پێنجوێن و مەلا مستەفا نەیهێشتبوو.

مەحمود وتی چاوەڕێ بکەن مام جەلال دێتەوە و فیکرەیەکی پێیە، دوای ئەو ئیبراهیم عەلاویمان بینی (ابو لیلا) کە سکرتێری حزبی شیوعی عیراقی قیادە مەرکەزی بوو، قسەمان کرد و بارودۆخەکەمان بۆ روون کردەوە

کە چۆنە و چۆن نییە و چی روویداوە، وتی چاوەڕێ بکەن مام جەلال لە جەولەیەکدایە و هەندێک خەڵک دەبینێت و فیکرەیەکی پێیە.

دوای ئەو (عەبدولئیلا نەسراوی) ئەمنیداری گشتی بزووتنەوەی ئیشتراکی عەرەبیمان بینی، ئەویش دوای ئەوەی کە قسەمان کردو بارودۆخەکەمان هەڵسەنگاند، وتی بۆچاوەڕێی مام جەلال ناکەن، ئەو بە نیازی شتێکە و فیکرەیەکی زۆر باشی پێیە.

ئەمە چی دەگەیەنێت، ئەوە دەگەیەنێت کە هەر سێ ئەو کەسەی کە لەگەڵ کاک عادل بینیمانن و قسەمان لەگەڵ کردن، ئەوان پێشووتر لەگەڵ مام جەلال قسەیان کردووە و گوێیان لە فیکرەکەی مام جەلال بووە.

**مام جەلال لەگەڵ مەلا مستەفا زۆر هەوڵیدا**

مام جەلال لە سەرەتاوە هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی مەلا مستەفا کۆتایی بە شۆڕش نەهێنێت، بەڵکو میتۆدەکانی شۆڕش بگۆڕێت و شێوازەکەی بگۆڕێت، ئەویش سۆزی لە سوریا و لیبیا وەرگرتبوو بۆ ئەوەی شۆڕش بەردەوامی پێ بدەن، ئەوەشی بە مەلا مستەفا

گەیاندبوو، کە ئەوەندەی من بیرم بێت جارێکیان فازلی مەلا مەحمود و جارێکی تریش ئازاد خۆشناو نامەکەی مام جەلال-یان بۆ مەلا مستەفا هێنا، بەڵام فایدەی نەبوو، ئەوەندەی من ئاگادار بم مام جەلال زۆر داوای لە مەلا مستەفا کردووە کۆتایی بە شۆڕش نەهێنێت و بەردەوام بێت، ئەویش هەوڵی زیاتر بدات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە مانەوەی شۆڕشەکە، بەڵام بێ ئەنجام بوو، بۆیە لە دوای ئەوە مام جەلال، بیری لەوە کردبۆوە کە دەبێت چی بکەین؟

**مام جەلال لە میسر گەڕایەوە شام**

پاشماوەیەک مام جەلال لە میسرەوە گەڕایەوە سوریا، ئێمە چووین بۆلای لە چایخانەیەک کە ئێستا ئەو چایخانەیە نەماوە و ناوی چایخانەی ئەل کەمال بوو، لەوێ بۆ یەکەم جار من و عادل موراد لەگەڵ مام جەلال دانیشتین، مام جەلال زۆری پێخۆش بوو کە چووبووینە لای، من وەک سکرتێری لاوان و نوێنەری قوتابیان بووم لە سوریا و کاک عادلیش وەک سکرتێری یەکێتی

قوتابیانی کوردستان، ئەوە بوو مام جەلال بە خێرایی فیکرە و نییەتی خۆی لە دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نوێ بۆ خستینەڕوو، ئێمەش حەماس گرتینی، تەنانەت حەماسی عادل موراد لە من زیاتر بوو، یانی ئەوە نەبێت کە من کۆنە جەلالی ببوێتم و عادل موراد کۆنە مەلایی بێت، لەو بەرنامەیەی کە لەلایەن مام جەلالەوە پێشنیارکرا، عادل موراد ئامادەیی زیاتری تێدا بوو.

مام جەلال ئەوەی بۆ باس کردین کە چۆتە قاهیرە و لوبنان و کۆمەڵێک خەڵکی بینیوە و بەڵێنی ئەوەیان پێداوە کارمان لەگەڵ بکەن و هەندێکیش پڕۆژەکەیان پەسەند نەکردووین.

وتی من باسی ئەوانە دەکەم کە ئامادەیی ئەوەیان پیشاندابوو کارمان لەگەڵ بکەن، لەوانە دکتۆر فوئاد مەعسوم کە نوێنەری مەلا مستەفایە لە وڵاتی میسر قسەکانی قبوڵ کردووم و دەستی خستۆتە ناو دەستم بۆ ئیشکردن لەگەڵم، بۆیە چاوەڕێی دەکەم کە لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی بێنە شام و لێرە دەست بەکارەکانمان بکەین، کەواتە بووینە چوار کەس(مام جەلال، عادل موراد، فوئاد مەعسوم، عەبدولڕەزاق فەیلی).

## مام جەلال گەیشتە بەرلین و ئێمەش گیراین

لەو ماوەیەدا کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەبەسترا، واتە لە بەرلینی خۆرئاوا، مام جەلال ڕۆشت بۆ ئەوەێ، ئینجا لێرە شتێک هەیە کە ئێمەش ویستمان بڕۆین بۆ ئەوێ، ئێمە گیراین ئەوەندەی نەمابوو تەسلیمی حکومەتی عیراقمان بکەنەوە، چونکە لە بەرلینی خۆرهەلاتەوە لە جیاتی میترۆ بە پاس ڕۆشتین و ڤیزامان نەبوو، بۆیە گەڕاینەوە، کە گەڕاینەوە بەرلینی خۆرهەلاتی ئێمەیان دەستگیرکرد، باشییەکە لەوەدا بوو کە چەند عەرەبێکی سوریمان لەگەڵ دابوو، ئەوان پاسپۆرتی سوری و ئێمە پاسپۆرتی عیراقیمان پێ بوو، لە بەرلینی خۆرهەلات وتیان هەر کەسە و دەبێت بڕواتەوە بۆ ولاتی خۆی، برادەرانی سوری لە سەر ئێمە هەڵیاندایەو وتیان ڕاستە ئەوانە عیراقین، بەلام ئەگەر بیانگەڕێننەوە ئەوە دەگیرێن و لە سێدارە دەدرێن.

## لە کافیتریای تولەیتەڵەوە بۆ بەرلین

دواتر لە ١٩٥٦/٥/٢٢ لە کافیتریای تولەیتەڵە، کافیتریایەکی بە ناوبانگ بوو لەناوچە دەوڵەمەندەکان

بوو له شام، ئێستاش هەر بەو ناوە ماوە، لەوێ دانیشتین و مام جەلال-یش هەموو شتێکی ئامادە کردبوو، وەک بەیاننامەی دامەزراندن، ئینجا بیروباوەڕو سیاسەت و نەهج و ستراتیژیەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی خستە سەر مێز، هەموو شتێکی بە ئامادەکراوی بۆ هێنابووین، ئێمەش خوێندمانەوە، هەندێک گفتوگۆمان لە سەری کرد و هەندێکش دەستکاریمان کرد، بەڵام دەستکارییەکە لە رووی زمانەوانی عەرەبییەوە بوو کە هەڤاڵ دکتۆر فوئاد مەعسوم دەستکاری کرد.

ئینجا مام جەلال وتی باشە، با بزانن کە هەندێک برادەری دیکە هەیە و دەیانەوێت لەگەڵمان بن و یارمەتیمان بدەن، بەڵام ناتوانن بێنە ئێرە، کە ئەوکاتەی چووبوو بۆ کۆنگرەی خوێندکاران لەوێ ئەو برادەرانەی هەڵبژاردبوو، ئەوانیش خوا لێخۆشبوو(دکتۆر کەمال فوئاد و کاک نەوشیروان مستەفا) لەگەڵ کاک عومەر شێخ موس بوون، ئێمەش پێمانخۆش بوو، چونکە ئەوانە کەسایەتی و ناوی دیاربوون، بەتایبەتی دکتۆر کەمال فوئاد و کاک نەوشێروان دوو کەسایەتی دیارو

تێکۆشـەربوون لەنـاو بـزووتنەوەی کوردایەتی، مـن خـۆم نـاوی کـاک عـومەرم بیسـتبوو، بەڵام نەمـدیبوو، بەڵام دۆستی کاک نەوشـێروان بـووم لە سـاڵی ١٩٦٢وە، کـاک دکتۆر کەمالیشم لە فەترەی پێش ١١ی ئازار لە زانکۆی سلێمانی کە سـەرۆک بەشـی کـوردی بـوو، جگـە لەوەش هاتووچۆی بەغدای دەکرد بۆ رۆژنـامەی نـور، ناسـیبوو. بەڵام ئەوەی کـاک عـومەر بەس بە نـاو بیسـتبووم کە پیاوێکی چالاک و زیرەک و تێکۆشـەرە.

مام جەلال وتی من ئەم بەیاننـامەیە دەبەمە ئەوروپا و لەگەڵ ئەوان دادەنیشـم، ئەوەبـوو رۆشـتەوە بۆ بەرلـین و لەگەڵ ئەو سـێ بـرادەرەش کۆبـۆوە، ئەوەبـوو لەوێ یەک خاڵی تێدا دارێژرایەوە(تعدیل). لەوێدا ئایدۆلۆژیای یەکێتی کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان بە باشـی دەرکەوت کە ئـێمە لەگەڵ دۆسـت و دوژمنـی جیهـانی بـزووتنەوەی کوردی باسـی ئەوەمـان کردبـوو، کە رڤیژنیزمـی جیهـانی ناتوانێـت لەگەڵ ئـێمە بێـت. ئەوان ئەمەیـان لابردبـوو، وتبوویـان ئەمە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەرنـامەیەکی رزگـاری نەتەوەییە و حزبێکی ئایـدۆلۆژی

نییه. که دۆست و دوژمنی خۆی بەم شێوازە دیارییبکات، ئێمە دەبێت دۆستایەتی هەموو کەس و لایەنێک بۆ خۆمان رابکێشین، مام جەلال بە ئامرازی خۆی ئەمەی دەزانی، بەڵام شتی دیکەی لە خەیاڵدا بوو.

قسەی ئەمان زۆر لە جێ بوو، چونکە ئێمە بەرنامەیەکی رزگاری نەتەوەیی بوین و حزبی چینایەتی نەبووین، ئێمە دەبوو لە سروشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەموو جۆرە رێکخراو و حزب و کەسێک ببێتە ئەندام لەناو یەکێتیدا. بەو مانایەی مادام یەکێتی رێکخراوێکی نیمچە بەرەیی بوو، بۆیە هەر رێکخراو و لایەنێک کە دەهاتە ناو یەکێتی دەیتوانی مومارەسەی فیکر و ئایدۆلۆژیای خۆی بکات و بەهەمان شێوە لەناو یەکێتیدا لە رووی فیکرییەوە خۆیان بەهێز بکەن، بۆ ئەوەی دواتر ئەم یەکێتییە وردە وردە ببێتە بەرەیەکی فراوانی نیشتمانی، لەناو ئەو بەرە نیشتمانییە فراوانەشدا بێگومان حزبێک، لایەنێک لە هەموویان بەهێزترە و ئەبێتە پێشرەو لەناو بەرەکەدا.

**ئەوکات مام جەلال سکرتێری کۆمەڵە بوو**

لەو نێوەنـــدەدا مـــام جەلال خەیـــاڵی بـــۆ کـــۆمەڵەی رەنجـــدەران دەچـــوو ببێـــتە ئەو حـــزبە لەنـــاو یەکێتیـــی نیشتمانیی کوردستان، چونکە ئەو سەردەمە مام جەلال سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدرانی کوردستان بوو، بۆیە ئەم مەســـەلەیەی خســـتبۆوە نـــاو بەرنـــامەی یەکێتـــی، بەڵام برادەرانی دەرەوە ئەوەیان قبوڵ نەکرد و تەعدیلیان کرد، وتیان ئێمە حزب نین!.

مـام جەلال کە هـاتەوە کـۆیکردینەوەو وتـی بـرادەران ئەم خاڵەیان داڕێشتۆتەوە، قسەکەش بەلای ئێمە مەنتقی تێدابوو.

**بڵاوبوونەوەی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی**

دواتر بەیاننامەکە لە ٢٩ی ٥ ئەگەر تەواو لە بیرم بێت، مـام جەلال وتـی لەگەڵ فـازلی مەلا مەحمـود بـڕۆن بـۆ بەیـروت بەیاننـامەکە چـاپ بکەیـن و بڵاویبکەیـنەوە، کە چـووینە ئەویٚ دوو خوێنـدکار کە فـازڵ دەیناسـین هـاتنە پێشـــوازیمان، چـــونکە ئەوان وڵاتەکە و شـــارەکە بـــاش شارەزا بوون و توانیمان بەیاننامەکە چاپ بکەین.

دواتـر گەڕایـنەوە بـۆ شـام و لە ١ی٦ سـاڵی ١٩٧٥دا بەیاننامەکەمان بڵاوکردەوە.

کەواتە کۆبـوونەوەی یەکەمـی یەکێتـی لە ٢٢ی٥ بـوو، بەڵام بە رەسمی کە بەیاننـامەی دامەزرانـدن بڵاوکـرایەوە لە رۆژی ١ی ٦ بـــوو، بـــۆیە ئەو رۆژە بـــووە رۆژی دامەزرانـدنی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، چـونکە لەو رۆژەدا بەگشتی هەموو کەسێک زانـی کە رێکخراوێکـی وا تازە هاتۆتە مەیدانەوە.

**چەند تێبینییەک:**

یەکەم: تەواوی ئەم چاوپێکەوتنـــانە لە هـــاوین و سەرەتای پایزی ساڵی ٢٠١٧وە، کراون، بۆیە ناونیشانی تەواوی ئەو بەڕێـزانەی چـاوپێکەوتنم لەگەڵ کـردوون، هەمان ناونیشانی ئەو کاتن، کە ئێستا ناونیشـان و پلەی دیکەی حزبییـان لەنـاو یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتاندا وەرگرتووە.

دووەم: لەبەر ئەوەی چـاوپێکەوتنەکەی کـاک سـتران عەبـدوڵڵا، بەرێککەوتـن لەگەڵ خـۆی لە کتێبـی (بەغـداد- کوردستان)دا بڵاومان کردۆتەوە، پێم باش بوو جـارێکی دیکە لێرە بڵاوی نەکەمەوە.

سێیەم: چاوپێکەوتنەکەی خوا لێخشبوو عەبدولڕەزاق فەیلـی دوای بڵاوبـوونەوەی لە رۆژنـامەی کوردسـتانی نوێـدا، دواتـر لە ئینسـکلۆپیدیای یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، لە بەشـی ژیـان و خەبـاتی خوالێخۆشـبوو بڵاوکراوەتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

---

**بەشی یەکەم:**

[١]. یوسف محەمەد بەرزنجی. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. کتێبی یەکەم. سلێمانی. ٢٠١٧.ل٢٠

[٢]. سەلاح رەشید. دیداری تەمەن. بەشی دووەم. ل٣١

[٣]. دکتۆر کەمال فوئاد، بە وەرگرتن لە د.سەروەر عەبدولرەحمان. مێژووی یەکێتی. ل١١٦

[٤]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا. تەحسین تەها چۆمانی سلێمانی، ٢٠١٧/٧/٢٦

[٥]. یوسف محەمەد بەرزنجی. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. کتێبی یەکەم. سلێمانی. ٢٠١٧.ل٩٦

[٦] تەحسین تەها چۆمانی، بەغداد کوردستان، چاوپێکەوتن لەگەڵ ستران عەبدوڵلا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی 2019. ل١٧٢-١٧٣

[٧] رێبازی نوێ، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خولی یەکەم، ساڵی ١٩٧٦. لا٢٠

[٨]. هەمان سەرچاوە ل٢١-٢٢

[٩]. بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ١٩٧٥/٦/١

[١٠]. هەمان سەرچاوە.

[١١]. هەمان سەرچاوە

[١٢]. ستران عەبدوڵلا.تێبینییەکانی حوزەیران. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی ٢٠١٧. ل٣٨

[١٣]. هەمان سەرچاوە.ل٤٠

[١٤]. مبارزە ملی و مبارزە طبقاتی؟ ترجمە. اسماعیل شریف زادە. ل١٤

[١٥]. هەمان سەرچاوە. ل١٥

[١٦]. هەمان سەرچاوە. ل١٥

[١٧]. هەمان سەرچاوە.ل١٦

[18]. هەمان سەرچاوە. ل١٧

[19]. د.سەروەر عەبدولرحمان. مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرگی یەکەم. چاپی دووەم. هەولێر. ساڵی ٢٠١١. ل١٦٥

[20]. عبدالحسين كلانترى، گفتمان، نشر. جامعەشناسان، تهران. چاپ اول١٣٩١. ص١٣٤

[21]. ئەکرەم میهرداد. چەپی نوێ. چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ٢٠١٦ سلێمانی.ل٥٣

٢٢ حسينى زادە. ظريە گفتمان و تحليل سياسى. فصلنامە علوم سياسى، شمارە ٢٨. ٢١/٦/١٣٨٨.

[23]. محمد تقى مقدمى. نظريە تحليلى گفتمان لاكلاوموف و نقد آن. معرتف فرهنگ اجتماعى.سال دوم. ١٣٩٠. صفحە ٩١-١٢٤

[24].محمد سالار كسرايى، نظريە گفتمان لاكلاو موفە. فصلنامە سياست. مجلە دانشكدە حقوق و علوم سياسى. دورە ٣٩. شمار ٣. پاييز ١٣٨٨.

[25]. سرور عبدالرحمان. تاريخ اتحاديەی ميهنى كردستان.ترجمە. سامان سليمانى. ص١٢٠

٢٦. نیاز سەعید عەلی: ئایا یەکێتی خەسڵەتی جیاکەرەوەی هەبووەو هێزێکی پێویستە بۆ ئەم قۆناغە؟ http://www.pukmedia.com

[27]. نەوزاد عەلی ئەحمەد. دیداری دوو دۆست. چاوپێکەوتنی هومەر شێخ موس لەگەڵ مام جەلال. رۆژنامەی کوردستانی نوێ.ژمارە٧٣٨٢. ٦-٢٠١٧/١٠/٧

[28]. نەوزاد عەلی ئەحمەد. یەکەمین وتاری مام جەلال لە شۆڕشی نوێدا. رۆژنامەی کوردستانی نوێ. ژمارە ٧٣٨١. پێنج شەممە ٢٠١٧/١٠/٥.

[29]. محمد تقى مقدمى. نظريە تحليلى گفتمان لاكلاوموف و نقد آن. معرتف فرهنگ اجتماعى.سال دوم. ١٣٩٠. صفحە ٩١-١٢٤

[30]. خەلەف غەفور. لە تولەیتولەوە بۆ ناوزەنگ. لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا. چاپ حەمدی. سلێمانی ٢٠١٦. ل١٥٦

[31] تەحسین تەها چۆمانی. چاوپێکەوتن لەگەڵ. نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا. هاوینی ٢٠١٧.

[32]. تەحسین تەها چۆمانی، بەغداد کوردستان، چاوپێکەوتن لەگەڵ ستران عەبدوڵلا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی 2019.ل١٨٣-١٨٨

[33]. تەحسین تەها چۆمانی، چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرید ئەسەسەرد بەرپرسی مەکتەبی بیروهۆشیاری و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هاوینی ٢٠١٧.

**بەشی دووەم:**

[34]. دکتۆر ئەحمەد حەمە ئەمین. ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان. چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠١٦. ل٣٠-٣١

[35]. فەرەیدون عەبدولقادر. هەڵوسورەکانی قەندیل. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم. سلێمانی٢٠١٧. ل٥٨-٥٩

[36] هەمان سەرچاوە. ل٥٩

[37] هەمان سەرچاوە. ل٦١

[38].دلێر محەمەد شەریف. گۆڤاری کەلتور. ژمارە ١. ساڵی یەکەم ٢٠١٠. ل٨٨

[39]. سەلاح ڕەشید. دیداری تەمەن. بەشی یەکەم. ل٣٠

[40] .مەعد فەیاز. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال. وەرگێڕانی. سۆران عەلی. چاپی یەکەم، کەرکوک ٢٠٠٩. ل٩٦

[41]. نەوزاد عەلی ئەحمەد. دیداری دوو دۆست. چاوپێکەوتنی هومەر شێخ موس لەگەڵ مام جەلال. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.ژمارە٧٣٨٢. ٦-٢٠١٧/١٠/٧

[42]. هەمان سەرچاوە.

[43]. فەرید ئەسەسەرد. ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی. دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی. سلێمانی٢٠١٢.ل٥٥

[٤٤]. هەمان سەرچاوە. ل٥٥
[٤٥]. هەمان سەرچاوە. ل٥٧
[٤٦]. سەڵاح رەشید. دیداری تەمەن. بەشی یەکەم. ل٣٣٥
[٤٧]. [٤٧]. دکتۆر ئەحمەد حەمە ئەمین. رەوتی چەپ لە باشووری کوردستان. چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠١٦. ل٤٧-٤٨
[٤٨]. سەڵاح رەشید. دیداری تەمەن. بەشی یەکەم. ل٤٢٠
[٤٩]. هەمان سەرچاوە.ل٤٢٠
[٥٠]. یوسف محەمەد بەرزنجی. لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. کتێبی یەکەم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی٢٠١٦. ل٣٢
[٥١]. سالار رەشید. مێژوویەک لە یادەوەری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٥. ل٩
[٥٢]. فەرید ئەسەسەرد، ئارام و رۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا. دەزگای بیروهۆشیاری، سلێمانی ٢٠١٢. ل٣٠
[٥٣]. هەمان سەرچاوە. ل ١٢
* کۆمیتەی هەرێمەکان دامەزراوەیەکی سەرکردایەتییە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە شاساوارو مەلا بەختیارو سالارو ئازاد هەروامییەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی بۆشایی لە ناو کۆمەڵەدا پێکهات.
[٥٤]. فەرید ئەسەسەرد، ئارام و رۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا. دەزگای بیروهۆشیاری، سلێمانی ٢٠١٢. ل٣٢
[٥٥]. سالار رەشید. مێژوویەک لە یادەوەری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٥. ل١٩٢
[٥٦]. یوسف محەمەد بەرزنجی. لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. کتێبی یەکەم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی٢٠١٦. ل٣٥
[٥٧]. ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بڵاوبکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، چاپی دووەم، ل٦٢٦
[٥٨]. سەڵاح رەشید. دیداری تەمەن. بەشی یەکەم. ل٥١

[59]. گۆڤاری کۆمەڵە. ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، خولی یەکەم، ژمارە (١-٩). ئامادەکردنی، نەوزاد عەلی ئەحمەد. سلێمانی، ٢٠١١. ل٢٦

[60]. لشک کولاکوفسکی، جریان های اصلی در مارکسیسم. ترجمەی عباس میلانی. جلد سوم. نشر اختران. تهران ١٣٨٧. ص.٥٥٧

[61]. هەمان سەرچاوە. ص٥٦٢-٥٦٣

[62] . هەمان سەرچاوە. ص٥٦٣

[63]. مسعود عبدالخالق. ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان. چاپخانەی هێڤی. چاپی یەکەم. هەولێر ٢٠١٢. ل١١٨

[64]. یوسف محەمەد بەرزنجی. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. کتێبی یەکەم.چاپخانەی کارۆ. چاپی یەکەم. سلێمانی٢٠١٧.ل١٠٢

[65]. فەرید ئەسەسەرد، ئارام و رۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا. دەزگای بیروهۆشیاری، سلێمانی ٢٠١٢. ل١٦-١٧

[66]. هەمان سەرچاوە. ل١٧

[67]. دکتۆر سەروەر عەبدولرەحمان، مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەرگی یەکەم. چاپخانەی هێڤی. هەولێر ٢٠١١. ل١٦٠

[68]. هەمان سەرچاوە. ١٦١

[69]. یوسف محەمەد بەرزنجی. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. کتێبی یەکەم.چاپخانەی کارۆ. چاپی یەکەم. سلێمانی٢٠١٧.ل١٠٤

[70]. هەمان سەرچاوە. ل١٠٤

[71].هەمان سەرچاوە.ل١٠١

[72].هەمان سەرچاوە.ل١٠١

[73]. هەمان سەرچاوە. ل١٠١

[74]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا. هاوینی ٢٠١٧

[75]. هەمان سەرچاوە.

**بەشی سێیەم:**

[٧٦]. نەجمەدیـن فەقـێ عەبـدوڵڵا. (ی.ن.ک) پێناسـەی حزبێکـی سۆسـیال دیمـوکرات. بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای هۆشـیاری و پێگەیانـدنی کـادیران. سلێمانی ٢٠١٢. ل٧-٨

[٧٧]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا. هاوینی ٢٠١٧

[٧٨]. تەحسین تەها چۆمانی، بەغداد کوردستان، چاوپێکەوتن لەگەڵ ستران عەبدوڵڵا، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی 2019.ل١٩٨-١٩٩

[٧٩]. نەجمەدیـن فەقـێ عەبـدوڵڵا. (ی.ن.ک) پێناسـەی حزبێکـی سۆسـیال دیمـوکرات. بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای هۆشـیاری و پێگەیانـدنی کـادیران. سلێمانی ٢٠١٢.ل١٠

[٨٠]. گۆڤاری ڕێبازی نوێ. ژمارە٥٨. زستانی ٢٠١٣. ل٨٤

[٨١]. پرۆفیسـۆر.د.حەمید عەزیـز. فەلسـەفەی سۆسیال دیمـوکراتی. دەزگـای چاپ و پەخشی حەمدی. سلێمانی ٢٠٠٧. ل٤

[٨٢]. پرۆفیسـۆر.د. حەمیـد عەزیـز. مارکسـیزم یـان سۆسـیال دیمـوکراتی. دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان. سلێمانی ٢٠١٧.ل١٠٧

[٨٣]. مامۆسـتا جەعـفەر. سۆسـیال دیمـوکراتی. دەزگـای چـاپ و پەخشـی حەمدی. سلێمانی ٢٠٠٧. ل١٦

[٨٤]. پرۆفیسـۆر.د. حەمیـد عەزیـز. مارکسـیزم یـان سۆسـیال دیمـوکراتی. دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان. سلێمانی ٢٠١٧.ل١٠٩

[٨٥]. هەمان سەرچاوە. ل١٠٩

[٨٦]. سەلاح ڕەشید. دیداری تەمەن. بەشی دووەم. ل٢٢٠

[٨٧]. پەیڕەو و پڕۆگرامی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ٢٠١٠